چلەی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار

# مارف خەزنەدار

# دنیاییێک لە وشە و مەملەکەتێک لە کتێب

# ١٩٣٠ - ٢٠١٠

ئامادەکردنی:
حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان

هەولێر ٢٠١٠

بەدرخان
Bedirxan
خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرس
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

ناوی کتێب: مارف خەزنەدار دنیاییەک لە وشە و مەملەکەتێک لە کتێب
ئامادەکردنی: حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان
نەخشەسازی: یەعقوب یوسف
تایپیست: ئەیوب یوسف
هەڵەبڕی: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
نەخشەسازی بەرگ: محەمەد زادە
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
شوێن و ساڵی چاپ هەولێر ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٩٨٢)ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ.
چاپ:چاپخانەی ماردین - هەولێر
لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان



مارف خەزنەدار لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ١٩٣٥



# مارف خەزنەدار
# دنیاییێک لە وشە و مەملەکەتێک لە کتێب

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**



هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا، مرۆڤێک لەدایک بوو، رووەکەکان گەشەو باڵایان کرد، قەڵاو منارە سەربەرزانە لە باوەشیان گرت، شانەدەر لە حزووری ئەو مەلۆتکەیە دەستەو ئەزەر لە کونجێکی ئەشکەوتەکە دەیهەژاند، کوردستانیش لە پێشوازی ئەم منداڵە بە حورمەتە حەوت



شەو و حەوت رۆژ ئاهەنگیان بۆ سازکرد..
مامۆستاو نووسەر و رۆژنامەنووس و لیکۆلیار و باوک و نیشتیمانپەروەر "مارف خەزنەدار ۱۹۳۰ - ۲۰۱۰" بە درێژایی"۸۰"سال لە ژیان، زیاتر لە"۱۰۰" سال تەمەن، بەرهەمی نووسینی نووسی...
ئەو دەیگوت: مرۆڤ بەئارەزووی خۆی لەدایک نابێ و بە ئارەزووی خۆشی نامرێ..
سوقراتی فەیلەسوفی یۆنانیش دەیگوت: هیچ جیاوازی لەنیوان مردن و ژیان نییە! یەکێ پێیدەڵێ: بۆ خۆت ناکوژی، ئەویش لە وەلامدا دەڵێ: خۆ نالیم مردن خۆشترە.
خەزنەدار گەورە بەقەد کوردستان و گەورەتر لە قەلاو بەرزتر لە منارەی چۆلی و ناوداریش بەقەد"محەمەد عەلی پاشای کوردی و ئەحمەد شەوقی، نەجیب مەحفوز و یەشار کەمال و ئورهان بامۆک و تۆلستۆی و مەکسیم گۆرکی و چیخۆف و....".
لەکاتی ئامادەکردنی ئەو کتێبە"مارف خەزنەدار، دنیاییک لە وشەو، مەملەکەتیک لە کتێب "۱۹۳۰ - ۲۰۱۰" لەتەک مامۆستایانم "کاکە مەم و م. جەمال خەزنەدار و د. نەجاتی عەبدوللاو زەنگەنەو .. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن و د. مستەفا سەعید و منداڵەکانی "میدیا و بنیاد"…. هتد" ئاخۆ چ ناوێک شایستەی ئەو پیاوە گەورەیە، چونکە چەندین ناو پێشنیاز کرا، لەوانە"یادنامەکانی خەزنەدار ۱۹۳۰ - ۲۰۱۰" یا "خەزنەدار لە دەفتەری نەمریدا" یا "خەزنەدار" یا"خەزنەدار منارەی هەولێر" بەهەرحاڵ پاش راوێژکردن لە کۆتایی لەسەر ئەو ناوە کۆک بووین کە ئێستا لەدوو توێی ۲۲٤ لاپەرەی قەبارە "۱۷سم ۲٤سم" کە لەبەر دەستتاندایە، بەهیواین توانیبێتمان خزمەتێکمان بە رەوانشاد"مارف خەزنەدار" گەیاندبێ.
بۆیە لەدواجار دەڵێم:
"بنوو، خەزنەدار شوکر وجاغت کوێر نییە، منداڵەکانت: "میدیا، زاگرۆس، بنیاد" ماڵەکەت، کتێبخانەکەت وەکو خۆی دەپارێزن، ئەمجارەیان نایەڵن هیچ قورمساغێک زەفەر بە ماڵەکەت بیات، بنوو"۱۰۰"سال بنوو، لەپاشان دەگەرێیەوە نێومان، چۆن"۱۰۰"سال کاری نووسینت کرد، ئاواش دەبێ ۱۰۰سال بخەوی، لەپاشان گیانی پاکت لە شانەدەرەوە زیندوو دەبیتەوە، دەگەرێیەوە نێومان و بە کتێبخانەکەت شاد دەبییەوە".

**هەولێر**
**۲۰۱۰/۱۱/۲۷**

# ژیاننامەی زانستیی
# پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار
# ١٩٣٠-٢٠١٠





# ژياننامەی زانستیی
# پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار
## ٢٠١٠-١٩٣٠

**ئامادەکردنی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**

**یەکەم: زانیاری گشتی:**

ناوی مارف کوڕی عەبدولقادر مارفی کوڕی عەزیز ئاغای خەزنەدارە، لە ١٩٣٠/١١/١ لە شاری هەولێر لەدایک بووە.



## دووەم: خوێندن و كاركردنی:

- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو كردووەو، لە ساڵی ١٩٥١ خوێندنی ئامادەیی تەواو كردووە.
- ساڵی ١٩٥٢ وەكو مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرێت.
- لە ساڵانی ١٩٥٢ – ١٩٥٧ لە شارەكانی هەولێر و كوت و بەغدا وەكو فەرمانبەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە "مەعارف" دادەمەزرێت.
- لە ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٥٩ دەبێتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە ناوەندی شەرقیەو ئامادەیی كەركووكی ئێواران لە كەركووک.
- لەساڵانی ١٩٦٨ – ١٩٨١ مامۆستا بووە لە بەشی كوردی كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغداو، لە ساڵانی ١٩٧٣ – ١٩٨١ سەرۆكی بەشەكە بووە.
- دامەزرێنەری بەشی كوردی كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی بەغدا بووەو تا ساڵی ١٩٧٦ سەرۆكی بەشەكە بووە "سەربار‌ی كاركردنی لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغدا".
- لە ساڵی ١٩٨٨ – ٢٠٠٦ پرۆفیسۆری ئەدەبی كوردی بووە لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین.

## سێیەم: بڕوانامەكانی

- لە ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانكۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ساڵی ١٩٦٠ بە زەمالەیەكی خوێندن لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەكادیمیای زانستی سۆڤیەت لە شاری لینینگراد خوێندوویەتی.
- لە ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دكتۆرای "PH.D"بەناونیشانی"مێژووی ئەدەبی كوردی نوێ" وەرگرتووەو لە ساڵی ١٩٦٧ لە خانەی بڵاوكردنەوەی ئەكادیمیا لە مۆسكۆ بەزمانی ڕووسی چاپ كراوە. كە ئەمەش یەكەم نامەیە سەبارەت بە ئەدەبی كوردی بێ و بە زمانێكی ئەورووپی چاپ كرابێ.
- ساڵی ١٩٦٨ پلەی مامۆستا "مدرس" وەردەگرێ.
- ساڵی ١٩٧٣ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر وەردەگرێ.
- ساڵی ١٩٧٩ پلەی پرۆفیسۆر وەردەگرێ.





**چوارەم: ئەو زمانانەی کە دەیزانی:**

زمانەکانی کوردی، عەرەبی، رووسی، تورکی، فارسی، بە باشی دەزانی و، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش دەتوانی بخوێنێتەوە.

**پێنجەم: کارکردنی لە بواری رۆژنامەگەریی:**

- لە دەیەها رۆژنامەو گۆڤار، وەکو نووسەر و سکرتێری نووسین و سەرنووسەر کاری کردووە، لەوانە: رۆژنامەی"هەولێر"، هەولێر ١٩٥٠ – ١٩٥٢، گۆڤاری"الصحيفة" بەغدا ١٩٥٣ – ١٩٥٤، گۆڤاری"الرأي العام"بەغدا ١٩٥٥ و گۆڤاری"شەفەق"کەرکووک ١٩٥٨ – ١٩٥٩، گۆڤاری"دەفتەری کوردەواری"بەغدا ١٩٧٠، گۆڤاری"نووسەری کورد"بەغدا ١٩٧١ – ١٩٧٣، گۆڤاری"شمس کردستان – رۆژی کوردستان"١٩٧٢ – ١٩٧٥ گۆڤاری ئاداب- زانکۆی بەغدا، بەغدا ١٩٧٢ – ١٩٨١.

**شەشەم کتێبە بڵاوکراوەکانی:**

١- العدل الاجتماعي وەرگێرانی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی بەناوی "مفخر" بڵاو کراوەتەوە، بەغدا، ١٩٥٤.
٢- أغاني كردستان، بغداد، ١٩٥٦،" بەزمانی عەرەبی"
٣- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، ١٩٦٢.
٤- مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ"١٨٩٠ - ١٩٦٠"، مۆسکۆ، ١٩٦٧، "بەزمانی رووسی"، وەرگێرانی بۆ سەر زمانی عەرەبی بەناوی"موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر" لەلایەن دکتۆر عەبدولحەمید شێخۆ لەسوریا "حەلەب" لەساڵی ١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە.
٥- الاكراد- ملاحظات وانطباعات، تأليف ڤلاديمير مينورسكي باللغة الروسية، پيتروغراد، ١٩١٥، ترجمة وتعليق وتقديم، بغداد، ١٩٦٨، "بەزمانی عەرەبی"، چاپی دووەمی لە بەیروت لەساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.
٦- دوانزە سوارەی مەریوان و پانزە چیرۆکی دیکەی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦٨،"بەزمانی رووسی".
٧- بووکە شووشە، چیرۆکێکی کوردییە، بەغدا، ١٩٦٩.



٨- ئەڵەمان کوردی و چەند چیرۆکێکی دیکەی کوردی، بەغدا، ١٩٦٩.
٩- عەبدوڵلا بەگی میسباح، دیوان، شاعیری گەورەی خاکی موکریان، بەغدا، ١٩٧٠.
١٠- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی ئامادەیی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧١، لەگەڵ دوو دانەری دیکە.
١١- دەستووری زمانی عەرەبی بەکوردی، دانانی عەلیی تەرەماخی سەدەی حەڤدەمی مەسیحی، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەو پێشەکی، بەغدا، ١٩٧٧.
١٢- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە، ١٩٧٧.
١٣- مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، دراسات كردية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٨.
١٤- تاريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الاسيوي ومعهد الدراسات الشرقية في لينينغراد"١٨١٨ - ١٩٦٨"، مقدمة وتعليق وترجمة من الروسية الى العربية، بغداد، ١٩٨٠.
١٥- الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ألفه باللغة الروسية ب.م. دانتسيغ، مقدمة وتعليق و ترجمة عن الروسية، بيروت، ١٩٨١.
١٦- نالی لەدەفتەری ئەمریدا، بەغدا، ١٩٨٠.
١٧- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە، بەغدا، ١٩٨٤.
١٨- کورد یادە، داستانێکی شیعر ئامێزە، چاپی یەکەم، لەندەن، ١٩٨٥، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨.
١٩- گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم، نووسینی ئەلیکساندەر پووشکین، پێشەکی و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان لە رووسییەوە بۆ کوردی، سۆڵلەنتونا-سوید، ١٩٩٥.
٢٠- ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستەر ناک، هەولێر، ١٩٩٩.
٢١- رذاذ الذاكرة، اجتهادات فكرية وأدبية وثقافية في مقابلات صحفية، دمشق، ١٩٩٩.
٢٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
٢٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر،٢٠٠٢.
٢٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، هەولێر،٢٠٠٣.
٢٥- کوردی تورکمانستان- مێژوو، ئەنتۆگرافیا، ئەدەب، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٧- مێژووی ئەدەبی کوردی،، بەرگی پێنجەم، هەولێر،٢٠٠٥.
٢٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، هەولێر،٢٠٠٦.





٢٩- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، هەولێر،٢٠٠٦.
٣٠- دیجلەی هزرم، کۆمەڵە وتارێک، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣١- بەرەو رۆژ، کۆمەڵە چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٦
٣٢- معروف خزندار، السيرة الذاتية والعلمية و الادبية و الاجتماعية (موجز)، اربيل ٢٠٠٧ (باللغتين العربية والكردية).
٣٣- دیوانی نالی، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨.
٣٤- فەرهەنگی دیوانی نالی چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٨.
٣٥- دیجلەی هزرم، کۆمەڵە وتارێک، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٦- رۆژگاری من (یاداشت) بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٧- رۆژگاری من (یاداشت) بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٨- رۆژگاری من (یاداشت) بەرگی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٩- رۆژگاری من (یاداشت) بەرگی چوارەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٤٠- رۆژگاری من (یاداشت) بەرگی پێنجەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٤١- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، حەوت بەرگ، هەولێر ٢٠١٠.

**حەوتەم: سەرپەرشتی و سەرۆکی لیژنەی دەیەها گفتوگۆی نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە، لەوانە:**

**أ- نامەی ماستەر:**

١- زێوەر ژیان و بەرهەمی، محەمەد فازیل مستەفا، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.
٢- شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا – نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزەدەیەم "لەناوچەی سلێمانی" حەمە نووری کاکی، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.
٣- شیعری نیشتیمانی سالم ١٨٠٥ – ١٨٦٩، نەوزاد وەقاس سەعید، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین،١٩٩١.
٤- رۆشنبیری لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی مەلای جزیری و نالی، نەوزەت ئەحمەد عوسمان، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩١.
٥- رەنگدانەوەی لەیلاو مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا، خانزاد عەلی قادر، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٢.
٦- سافی ژیان و بەرهەمی، سەردار ئەحمەد حەسەن، کۆلێژی ئاداب –





زانکۆی سەلاحەددین،١٩٩٣.
٧- کامەران موکری، ژیان و بەرهەمی، پەخشان سابیر محەمەد، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣.
٨- شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان لە یەکەم جەنگی گیتییەوە تا راپەرینی شەشی ئەیلوولی سلێمانی ١٩١٨- ١٩٣٠، عەبدوڵڵا عەزیز خالید ئاگرین، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٤.
٩- جێگەی ئەحمەدی نالبەند لەشیعری نوێی کوردیدا، کامیران محەمەد نەبی، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٩.
١٠- شاکر فەتاح ژیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی، شوان سلێمان بابە، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠.
١١- لێکۆڵینەوەیەک لەشعری حەمدی، عەبدوڵڵا خدر مەولوود، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.
١٢- ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەشیعری هێمن، عوسمان حەمەد خدر"دەشتی"، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.
١٣- وێنەی شیعری لای نالی، هێتلەر ئەحمەد حەمە، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.
١٤- رۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال لە رووی بابەت و تەکنیکەوە، تارا تەحسین یاسین، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٢.

**ب- نامەی دکتۆرا:**
١- شیعری ئایینی سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، بەراوردو لێکۆڵینەوە، ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن، کۆلێژی ئاداب –زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.
٢- دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دلشاد عەلی حەمەد، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.
٣- رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری، پەرێز سابیر حەمەد، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٩.
٤- هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروو ١٩٣٩ – ١٩٧٠، عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٩.
٥- کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراقدا، عەبدوڵڵا عەزیز خالید ئاگرین، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٩.



٦- رەمز لەشیعری نوێی کوردی لە کوردستانی عێراقدا ١٩٧٠ – ١٩٩٠، پەخشان سابیر حەمەد، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٢.
٧- لێکۆڵینەوەی شیعری ئایینی سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی، عەبدوڵلا خدر مەولوود، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣.
٨- زمانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزا، خانزاد عەلی قادر، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٤.
٩- رۆلی شێخ نووری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، کوێستان جەمال سەلام، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٤.
١٠- قۆناغی وەرارا هزرا نەتەوایەتی دهۆزانا کوردیدا ژ دەستپێکێ تاکو دوماهیا سەدێ بیستێ، کامیران محەمەد نەبی، کۆلێژی زمان، زانکۆیا سەلاحەددین، ٢٠٠٥.

## هەشتەم: ئەو کتێبانەی پێشەکی بۆ نووسیون:

١- دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران، بەغدا، ١٩٥٧.
٢- ئەحمەد هەردی، کۆمەڵە شیعری رازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧.
٣- محەررەم محەمەد ئەمین، گۆمی شڵەقاو، دوو چیرۆکی کوردی، بەغدا، ١٩٥٧.
٤- محەمەد سالح دیلان، شێخ مەحموودی زیندوو، بەغدا، ١٩٥٨.
٥- دیوانی سەلام، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٨.
٦- دیوانی سەلام، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٩٠.
٧- رەفیق حیلمی، پاش تەمموز، کۆمەڵە شیعر، بەغدا، ١٩٦٠.
٨- عەبدوڵلا پەشێو، بتی شکاو، کۆمەڵە شیعر، کەرکووک، ١٩٦٨.
٩- دیلان، کۆمەڵە شیعر، بەغدا، ١٩٦٩.
١٠- محەمەد مەولود، چیرۆکەکانی مەم، بەغدا، ١٩٧٠.
١١- چیرۆکی هەڵبژاردە، بڵاوکراوەی گۆڤاری کۆمەڵەی رۆشنبیری بەغدا، ١٩٧٦.
١٢- هەڵبژاردە لە دیوانی گۆڤاری رۆشنبیری کوردستان، کۆمەڵێک شیعری تاران و رەخنەی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.
١٣- عەبدولستار تاهیر شەریف، حاجی قادر- شاعیری شۆرشگێر و پێشکەوتنخواز و دیموکراتی نەتەوەی کورد، بەغدا، ١٩٧٧.
١٤- عەبدولستار تاهیر شەریف، رەنگدانەوەی برایەتی کورد و عەرەب لە ئەدەبی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٩.





١٥- عەلی مەردان و هەڵبژاردەی شیعری کوردی، بەغدا، ١٩٩٠.
١٦- لە رۆژهەڵاتی گرگرتوودا، نووسینی گۆتفرید یوهانس میوولەر، لە ئینگلیزییەوە بەدران ئەحمەد حەبیب وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر، ١٩٩٢.
١٧- عبدالرحمن پاشا، الطبعة الاولى، الرواية الكردية، منشورات سپێدە، ١٩٩٤.
١٨- عبدالرحمن پاشا، الطبعة الثانية، الرواية الكردية، اربيل، ٢٠٠١.
١٩- دیوانی جەمیل رەنجبەر، هەولێر، ١٩٩٥.
٢٠- کڕنووش، کۆمەڵە شیعر، دانانی زانا خەلیل، هەولێر، ١٩٩٥.
٢١- من و تۆ، شیعری ئارەزوو عەبدوڵڵا، هەولێر، ١٩٩٥.
٢٢- فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان، حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد، بەهەرچوار زمانی، E- کوردی- عەرەبی- فارسی، هەولێر، ١٩٩٦.
٢٣- فەخرەدین گەرمیانی، ژرێژەی شەپۆلەکان رووخانە، هەولێر، ١٩٩٦.
٢٤- جۆلانەو سێدارە، هۆنراوەی کازم کۆیی، هەولێر، ١٩٩٦.
٢٥- مەولود قادر بێخاڵی، هەولێرم وا دیوەو بیستووە، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٩٧.
٢٦- گفتوگۆ، چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ ژمارەیەکی رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندی کورد، بڵاوکراوەی گۆڤاری "رامان" هەولێر، ١٩٩٧.
٢٧- عومەر شێخەڵڵای دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، هەولێر، ١٩٩٨.
٢٨- عەبدوڵڵا ئاگرین، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراق ١٩٦١ – ١٩٧٠، هەولێر، ١٩٩٩.
٢٩- دیوانی بێ دڵ، هەولێر، ١٩٩٩.
٣٠- عەبدوڵلا ئاگرین، تأثير الفكر القومي على تطور القصة الكردية القصيرة ١٩٦١-١٩٧٠، اربيل، ٢٠٠٠.
٣١- نووسەری نوێ، گۆڤاری مانگنامەی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، ژ"١٥"، هەولێر، ئەیلوولی، ٢٠٠٠.
٣٢- راگەیاندن لەپەراوێزی دەسەڵاتدا، بەسەرپەرشتی حەمە کەریم عارف، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٣- الكاتب الكردي قدري جان، قصص والمقالات والشعر والترجمة، اعداد دلاوەر زنگی، اربيل، ٢٠٠١.
٣٤- دارا ئەحمەد کەریم بەگ، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، بەشێک لەمێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد، هەولێر، ٢٠٠١.



٣٥- فەرهەنگ و لێکحاڵیبوون، ئامادەکردنی سەرۆ قادر، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٦- مەحوی، بەشێک لە بابەتەکانی فیستیڤاڵی مەحوی، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٧- چارەنووس، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە، ئامادەکردنی هیدایەت دەلۆ، هەولێر، ٢٠٠٢.
٣٨- پەیام، دیوانی شیعری ئاراس عەبدوڵڵا فەقی محەمەد، هەولێر، ٢٠٠٣.
٣٩- کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید، جەبار جەباری، کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی سمکۆ جەباری، سلێمانی ٢٠٠٤.
٤٠- عەبدوڵڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤١- ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی، برایم ئەحمەد دەنگێکی زوڵاڵی نوێی کوردییە، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤٢- سابات- گۆڤاری سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای سەلاحەددین، ژمارە"١"، بەهاری ٢٠٠٥.
٤٣- مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، ولاتگیری رەشەخاکی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤٤- حقائق الخیام، شرح واف لرباعیات عمر الخیام، للأستاذ ملا حسین سعدي اربیلی، ٢٠٠٥.
٤٥- پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، ئامادەکردنی هەلۆ بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤٦- کەمال مەعروف، دراسة عن اعمال گوران الادبیة، السلیمانیة،٢٠٠٥.
٤٧- کمال رؤوف محمد "ابو دلو"، دراسات کردیة، اربیل ٢٠٠٦.
٤٨-عوسمان شارباژێری، کوردنامە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤٩- فەهمی شوکری عەبدوڵڵا، رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، هەولێر، ٢٠٠٦.
٥٠- دلزار لەشکری، ژیان لەگەل مردووان، هەولێر، ٢٠٠٦.

**نۆیەم: وتارو لێکۆڵینەوەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا:**

أ- چاوپێکەوتن و وتارو لێکۆڵینەوەکان بەزمانی کوردی:
١- "دەستووسی ژمارە "١٢ - E"و شیعری کوردی نامەخانەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد". گ. بەیان، ژمارە"٥" کانوونی دووەم، ١٩٧١، ل٩.






٢- لاپەرەیێک لە مێژووی شاری هەولێری خۆشەویست- گۆرستانی چراغ، گ. بەیان، ژمارە "١٢" ١٩٧٤، ل٢-٤٠.

٣- یادی گۆران، گ. نووسەری کورد، ژمارە "٤"، تشرینی دووەمی ١٩٧١، ل٥-١٠.

٤- ئەشرکرنێد کوردی، گ. نووسەری کورد، ژمارە "٤"، تشرینی دووەمی ١٩٧١، ل٥٩ – ٦٠.

٥- دەستنووسی ژمارە "١٣٢٥١٤"ی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد، گ. نووسەری کورد، بەغدا، ژمارە "٦"، مارت- نیسان ١٩٧٢،ل ٢٩- ٣٤.

٦- رۆژنامەی کوردستان،گ.نووسەری کورد، ژمارە "٥"، کانوونی دووەمی ١٩٧٢، ل٢١-٢٤.

٧- سێ غەزەلی بڵاونەکراوەی نالی و سالم، گ. نووسەری کورد، بەغدا، ژمارە "٢١"ساڵ "١"، مارتی ١٩٧١،ل ٣٣-٣٧.

٨- شیعری سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراقدا- ماوەی نێوان دوو جەنگی گیتی،گ. کۆلێژی ئەدەبیات، ژمارە "١٥"، ساڵ ١٩٧٢، ل٥٠٧-٥٤٧.

٩- تێکستی "مەم و زین" یا "مەمی ئالان"ی فۆلکلۆری لە کۆکراوەکانی "مارتن هارتمان" ،گ. کۆلێژی ئاداب، ژ"١٦"، ساڵی ١٩٧٣، ل ٥٩-٩٩.

١٠- دڵدار- شاعیری ماوەی تاقیکردنەوەو گواستنەوە، گ. کۆلێژی ئەدەبیات، ژ"٢٠-٢١"، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٥-٤٦.

١١- شیعری بەرزی هەندێ لە شاعیرە کەم نەناسراوەکانی کورد، گ. کۆلێژی ئەدەبیات، ژ"١٩"،بەغدا،١٩٧٦، ل ١١-٥٦.

١٢- "گفتوگۆیێک لەگەڵ د. مارف خەزنەدار"، رۆژنامەی "هاوکاری"، بەغدا، ژمارە "٥"، هەینی ی ٦ی شوباتی ١٩٧٠ "ساڵی یەکەم".

١٤- "هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵێ رۆشنبیری کوردی" بەغدا، "هاوکاری" ١٠ی نیسانی ١٩٧١، ژمارە "١٣"، ل ٤-٥.

١٥- "ئایا چۆن ئەدەبی پاش قۆناغی "گۆران" هەڵئەسەنگێنن" ریپۆرتاژ، رۆژنامەی "هاوکاری"، بەغدا، ٢٦ی شوباتی ١٩٧٢، ژمارە "١٠٥"، ل ٣.

١٦- "بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر هەنگاوێک بۆدواوە ئەگەرێنێتەوە" ریپۆرتاژ، مومتاز حەیدەری، رۆژنامەی "هاوکاری" ژمارە "١٢٨"ی ئاغستۆسی ١٩٧٢، ل٤.

١٧- "دڵدار لە٢٠ی شوباتی ١٩١٨دا لەدایک بووە" رۆژنامەی "هاوکاری"، ژمارە "١٦٣" ٢٠ی نیسانی ١٩٧٣، ل٣.

١٨- "هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری رەخنەم"، "دەفتەری کوردەواری"



ژمارە "٣"، ١٩٧٠، ل ٤٩-٥٧.
١٩- "تێبینی لە"لێکدانەوەییکی زانیارییەکانی کەزنەفۆن لە بابەت کاردۆخەکانەوە.. نووسینی قەناتی کوردۆ، گۆڕینی بۆکوردی- مارف خەزنەدار"، "دەفتەری کوردەواری"ژمارە"١"، ١٩٧٠، ل ١٢١-١٢٦.
٢٠- "عەلی تەرەماخی و دەستنووسەکەی "دەفتەری کوردەواری"، ژمارە"٢"، ١٩٧٠، ل ١٤٢-١٤٤.
٢١- "زۆری لە ناوەرۆک بەدەرە لە شاعیر دەدوێ" وتار بۆ"هەڵبژاردە دیوانی گۆڤاری رۆژی کوردستان"، بەغدا، ١٩٧٧، ل٧٧-٨٢.
٢٢- "گلکەند و تانک و سەعاتەکەی هاروونی رەشید"، گۆڤاری"هەولێر"، هەولێر، ژمارە"٢"ساڵی"٢"، ئەیلوول، ١٩٧١، ل ١٠-١١.
٢٣- "ئادارو نەورۆز"، ریپورتاژ، گۆڤاری"هەولێر"، هەولێر، ژمارە"٦"، ساڵی "١"، ١٩٧١، ل٣٣.
٢٤- "شەرەفنامە"، گۆڤاری"برایەتی"، ژمارە "٢"ساڵی "١"سەرەتای تەمموزی ١٩٧٠، ل ٤٠-٤٢.
٢٥- "وجهة نظر حول دیوان نالی وقاموس نالی" جریدة "العراق"، العدد "٥٦٥"،كانوون الثانی، ١٩٧٨.
٢٦- "کابرا"گۆواری"رۆژی کوردستان" ژمارە"٤٩"شوبات ١٩٧٨، ل ٦٣.
٢٧-"ریبازی لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەمجارەی دیوانی نالی"، هاوکاری، ژمارە"٤٠٤"٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧.
٢٨-"سلاو و ئامۆژگاری" رۆژنامەی "هاوکاری" ژمارە "٤٠٨" دووشەممە ١٩٧٨/١/٩.
٢٩- "لە شاخەکانی کوردستانەوە بۆ دەشتەکانی ئۆکرانیا"، برایەتی" ژمارە "١٠"، ١٩٧١، ل١٥-١٧.
٣٠- "بۆ مەبەستی چاپێکی زانستیی دیوانی سالم ١٨٠٥-١٨٦٩"، گۆواری "ئاسۆی زانکۆیی"، ژمارە "٢"، ساڵی"١"، حوزەیرانی ١٩٧٧، سلێمانی، ل ٧٨-٨٤.
٣١- "جوتیار لە کورتە چیرۆکی کوردیدا- الفلاح في القصة الكردية المعاصرة"- رفیق صابر- رۆژنامەی"بیری نوێ= الفكر الجدید"، العدد ١٦٠، ١٩٧٥/١٠/٤، القسم العربي ح ١٤، بەشی کوردی ل٤-٥.
٣٢-"یادگارێکی رۆژنامەی کوردستان بەزمانی فەرەنسی "رۆژنامەی "بیری نوێ"، ژمارە"٤٥"، ١ی مایسی ١٩٧٣، ل٣.
٣٣- "بابا گوڕ گوڕ و نەوت"، رۆژنامەی"بیری نوێ"ژمارە"٥"، ٢٣ی تەمووزی ١٩٧٢، ل٢.




٣٤-"زمانەوانی- تیپ و پیت لە زمانی کوردیدا""شمس کردستان- رۆژی کوردستان" بەغدا، ژمارە "١" حوزەیران، ١٩٧١، ل٣٧-٣٨.
٣٥- "ژیانی کوردناس و زانایانی کوردی ئەوروپا- قەناتی کوردۆ"، "شمس کردستان- رۆژی کوردستان"بەغدا، ژمارە"٢" تەمووز، ١٩٧١، ل ٣٧-٤٤.
٣٦-"چاپەکانی"مەم و زین"ی خانی"، گۆڤاری"رۆژی کوردستان"بەغدا، ژمارە"٦٢٥"، ١٩٧١، ل ٤٢-٤٣.
٣٧- "مؤسس الادب الكردي الحديث في كردستان الجنوبية نالى ١٨٠٠-١٨٥٦"مجلة"شمس كردستان"بغداد، العدد"١٢٥"، ١٩٧١ ص ١٣-١٧.
٣٨- "ئەکادیمیە akademia"، گۆڤاری"رۆژی کوردستان- شمس کردستان"، بەغدا، ژمارە"٧"، أذار،١٩٧٢، ل ٣٨-٤٣.
٣٩- "بیبلۆگرافیای کوردی"، گۆڤاری"رۆژی کوردستان"بەغدا، ژمارە"٨"، مایس ١٩٧٢، ل٤١-٤٥.
٤٠- "شیعری بێ ناو"گێڕینی شیعرێکی ئیلیا ئەهرنبورگ، گۆڤاری"رۆژی کوردستان"، ژمارە"٢" کانوونی یەکەمی ١٩٧٢، ل ٤٨.
٤١- "گۆرانیی لیریکی خەڵکی کورد"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان" ژمارە "٣" شوباتی ١٩٧٣، ل٣٥-٣٧.
٤٢- لە ئاوازی رۆژئاوادا، ئاوازێکی رووسی، شیعری لێرمونتۆف، گۆڤاری"رۆژی کوردستان" ژمارە "٤"، ساڵ "٢"، حوزەیران ١٩٧٣، ل ٥٥.
٤٣- "عەرەبی شەمۆ"، گۆڤاری"رۆژی کوردستان" ژمارە"٦"، ساڵ"٢"، ل٣٥-٣٩.
٤٤- "جاسمی جەلیل"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان" ژمارە"١٥"، ساڵ"٣"١٩٧٤، ل٣١-٣٧.
٤٥- "عەلی عەبدولرەحمانی محەمەدی"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان"ژمارە "١٦"، ساڵ "٣"١٩٧٤، ل ٤٠-٤٥.
٤٦- "چەند دانە گەوهەرێکی دیکەی نالی و کەیفی"، گۆواری، "رۆژی کوردستان" ژمارە"٣٢"، تشرینی یەکەم، ١٩٧٥، ل ٣٥-٣٦.
٤٧- " لە جیگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خەراپ"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان" ژمارە"٣٣" تشرینی دووەمی ١٩٧٥، ل ٥٨-٦١.
٤٧-"چەند پەراوێزێکی دیوانی نالی"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان" العدد ٣٤ كانوون الاول ١٩٧٥، كانوون الثاني ١٩٧٦، ل٤١-٤٤.
٤٨-"نالی و حاجی و کەیفی چەوساوەو قوربانی بیری رۆشن و چاکەی چینی دەرەبەگ بوون"،. گۆڤاری"رۆژی کوردستان" ژمارە "٣٥" شوبات





١٩٧٦.ل ٤٥-٥٥" بەشی یەکەم "ژمارە "٣٦" مارت ١٩٧٦، ل٤١-٤٤."بەشی دووەم".

٤٩- "مەلا شەریف کۆچی دوایی کرد- ئادەمیزادیکی یەکجار باش مرد"، گۆڤاری"رۆژی کوردستان" ژمارە"٣٧-٣٨" نیسان- مایس ١٩٧٦، بەغدا، ل ٥٤-٥٦.

٥٠- "پیشەکی"ی چیرۆکی هەلبژاردە، بلاوکراوەی، گۆڤاری"رۆژی کوردستان"بەغدا. ١٩٧٦، ل ٥-١٥.

٥١-"مارف بەرزنجی میژووی ژیانی بەدەستخەتی خۆی دەنووسیتەوە"، رۆژی کوردستان، ژمارە "٤١"، ئاغستۆس ١٩٧٦، ل٣٧-٣٩.

٥٢- "بەرهەمی رۆژهەلاتناسی خودزکۆ- لیکۆلینەوەییکی زمانەوانی لەبابەت زمانی کوردییەوە"، رۆژی کوردستان، ژمارە"٤٢"، تشرینی دووەم ١٩٧٦، ل ٣٤-٣٩.

٥٣-"هەندێ دەسنووسی کوردی مینورسکی لە لینینگراد و دوو رۆژنامەی"کوردستان" لە ئەستەمبۆل"، رۆژی کوردستان، ژمارە"٤٣ - ٤٤"کانوونی یەکەم ١٩٧٦. کانوونی دووەم ١٩٧٧، ل ٣٨-٤٦.

٥٤- "بژبیکەنین"، گۆڤاری "رۆژی کوردستان"، ژمارە"٤٥ و ٤٦"، ئازار و نیسانی ١٩٧٧، ل ٣٥-٣٦.

٥٥-"پیشەکی- لیکۆلینەوەی زانستی لە ئەدەبدا ئارەزوو و خەیالی نییە! "کتیبی" حاجی قادری"عەبدولسەتار تاهیر شەریف، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٧-٣١.

٥٦- "لە دەفتەری ئەمریدا لەگەل "نالی" گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغدا، ژمارە"٤٥" تشرینی دووەم ١٩٧٥، ١٩٧٥/١١/١، ل ٦-٧.

٥٧- "مەم و زین یا مەمی ئالان- بەرهەمیکی فۆلکلۆری کوردییە"، گۆڤاری سلیمانی، ژمارە"٢"سال"٢"، ئەیلوولی ١٩٦٩، ل ١٧-٢٠.

٥٨- "تۆڤلیت نشیکاری کوردی وەلاتی دەرەکە" میکائیلی رەشید، ریا تازە، ژمارە "٢١٨٢"٢٠، چوار شەم ١١ی مارتی ١٩٧٠. ئەم دوو وتارە لەلایەن مەلا شوکرەوە لە گۆڤاری"برایەتی"، ژمارە"٤"، ئەیلوولی ١٩٧٠، ل ٣٣-٣٤، بلاوکراوەتەوە.

٥٩- رەفیق حیلمی لە دەفتەری بیرەوەرییدا، رۆژنامەی"بیری نوێ"، ژمارە"٢٧٩" شەممە ١٩٧٨/٢/١٨"بەزمانی بەکوردی"ل"٨".

**دەیەم: ئەو کتێبانەی بەزمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکە نووسیویەتی یاخود وەرگێڕاون:**



١- رذاذ الذاكرة، تقديم دلاور زنكي، الطبعة الاولى، دمشق، ١٩٩٩.
٢- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمة عن اللغة الروسية الدكتور عبدالمجيد شيخو، ١٩٩٣.
٣-ڤ.ف منيورسكي، الأكراد- ملاحظات وانطباعات، ترجمة د. معروف خزنەدار، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، لبنان، ١٩٨٧.
٤- ڤ.ف منيورسكي، الأكراد- ملاحظات وانطباعات، ترجمة و علق عليه د. معروف خزنەدار، بغداد، ١٩٦٨.
٥- مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، جزء الاول، مطبعة المعارف، بغداد،١٩٨٩.
٦- ب.م دانتسيغ، الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة وتعليق د. معروف خزنەدار، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١.
٧- تاريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الآسيوي و معهد الدراسات الشرقية في لينيغراد ١٨١٨-١٩٦٨، ترجمه وعلق عليه وقدم له د. معروف خزنەدار، مطبعة المعارف،بغداد، ١٩٨٠.
٨- اغاني كردستان، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٥٦.

**یازدەم: ئەو ڕیپۆرتاژ و وتارانەی بەزمانی عەرەبی نووسیون یاخود بەشداری تێدا کردوون:**

١-"حديث حول القسم الكردى في جامعة بغداد" ريپورتاج، جريدة "التآخي"، بغداد، ١٦ تشرين الاول ١٩٧١، العدد"٨٦٢"، ص"١٣".
٢- "ماهي السبل الضرورية للنهوض النقد الادبي الكردى؟" ريپورتاج، جريدة"التآخي"، بغداد، كانوون الثاني ١٩٧٢، العدد"٩٣٠"، ص"٣".
٣- "المشروع الحلم" ريپورتاج، جريدة "التآخي"، بغداد، ١٩،نيسان ١٩٧١، العدد"٧١٣"ص"٣".
٤- "٢٢ نيسان يوم الصحافة الكردية" ريپورتاج، جريدة "التآخي"، بغداد، العدد "١٣١٣" ٢٢ نيسان ١٩٧٣، ص"٣".
٥- "ماهي المشكلات التى تواجه الاديب الكردي؟" ريپورتاج، جريدة "التآخي"، بغداد، العدد"١٣٠٦" الخميس ١٢ نيسان ١٩٧٣، ص"٦".
٦- "الادباء الاكراد" ريپورتاج، جريدة "التآخي"، بغداد، العدد ١١٨٨، ١٦ تشرين الثاني ١٩٧٢، الصفحة الثالثة.
٧-"معروف خزنەدار"ريپورتاج، محمد البدري، جريدة "التآخي"، بغداد،





العدد ١١٦٧، ٩ تشرين الاول ١٩٧٢، الصفحة الاخيرة.
٨- الشعراء نالي و حاجي و كيفي ضحايا الاضطهاد، شمس كردستان ٣٥، ٣٦، ١٩٧٦.
٩- حول التراث، شمس كردستان، العدد٤٩، ١٩٧٨.
١٠- الملحم في الشعر الكلاسيكي الكردي، ١٩٧٧.
١١- الشعر الديني في اللهجة الطورانية الكردية، بغداد، ١٩٧٧.
١٢- التخميس والمخمس في الشعر الكلاسيكي الكردي، بغداد، ١٩٧٧.
١٣- الرواية الشعرية "ليلى و مجنون" في الادب الكردي، بغداد، ١٩٧٦.
١٤- المخطوطة رقم ١٢-E والشعر الكردى في مكتبة معهد الدراسات الشرقية التابع الاكاديمية للعلوم السوفياتية في لينيغراد، مجلة "البيان" العدد ٥، ١٩٧١.
١٥- بدايات الادب وأدب العالم القديم، مجلة "المثقف الجديد" العدد ١٢٤، ١٩٨٩.
١٦- "الأنتظار"قصة كردية، ترجمة "ع..." مجلة شمس كردستان، العدد "٥" السنة "٢" ١٩٧٣، ص ١١-١٢.
١٧- "الشعر السياسي الكردي في كردستان العراق بين الحربين العالميتين"، ترجمة محمود زامدار، مجلة شمس كردستان، العدد"٢"كانون الاول ١٩٧٢، ص ٢١٠٢٤، العدد"٣" شباط ١٩٧٣، ص ١٦-١٨.
١٨- "انتصار الحب"وهي ترجمة قصة "دلدارى قەدەغە نييە" من مجموعة "المان كردى"، ترجمة عبدالغنى على يحيى، مجلة "الثقافة"، بغداد، العدد"٢" السنة"٤"، شباط ١٩٧٤، ص ١٠٥ – ١١٤.
١٩- "صرف العربى باللغة الكردية"، مجلة "الثقافة"، بغداد، العدد"٢" شباط، ١٩٧٢- بقلم سعدى المالح، ص ١٦٤-١٦٦.
٢٠- "رسالة كردستان الثقافية"عن ديوان نالى، مجلة "الثقافة"، العدد"١" كانوون الثانى ١٩٧٨، ص ١٢٨-١٣١.
٢١- "رسالة كردستان الثقافية" عن مهرجان الشعر الكردى في كركوك، مجلة "الثقافة"، العدد"٥" السنة الثانية، مايس، ١٩٧٢، ص ٢٢٨-٢٤٣.
٢٢-"رسالة كردستان الثقافية"- لقاء مع الدكتور معروف خزنەدار، مجلة "الثقافة" بغداد، العدد "٤"، السنة "٢"، نيسان، ١٩٧٢، ص ٢١٣-٢١٨.
٢٣- "هموم المثقف الكردي"- مجلة "الثقافة" العدد"٢"، شباط، ١٩٧٨، ص ١٤٣- ١٤٦.
٣٤- "رسالة كردستان الثقافية- مشكلة الاديب الكردى"، ريبورتاج، عبدالغني على يحيى، مجلة "الثقافة"، العدد "٨" السنة "٢٢"، ١٩٧٢، ص ٢٤٥.



العدد"٧٧٤"، ص ١٤.
٥٣- المخطوطة الكردية رقم B٢٥١٤ في معهد الدراسات الشرقية التابع لاكاديمية العلوم السوڤياتية، مجلة "الكاتب الكردى" العدد ٦، ١٩٨٢.
٥٤- رفيق حلمى في دفتر الذكريات، جريدة "الفكر الجديد" العدد"٢٧٩"، السبت ١٩٧٨/٢/١٨"باللغة العربية"ص ٤-٥.
٥٥- "مؤسس الادب الكردي الحديث في كردستان الجنوبية نالى ١٨٠٠-١٨٥٦"،مجلة" شمس كردستان" بغداد، العدد"٦٢٥"، ١٩٧١ ص ١٣-١٧.
٥٦- تارخ تطور الالفباء في اللغة الكردية، مجلة شعوب أسيا وافريقيا، العدد ٤، ١٩٦٧، موسكو.
٥٧- "الفلاح في القصة الكردية المعاصرة" رفيق صابر، مجلة "الفكر الجديد"، العدد ١٦٠، ١٩٧٥/١٠/٤، القسم العربي ص ١٤.
٥٨- "وجهة نظر حول ديوان نالى و قاموس نالى". جريدة "العراق"، العدد"٥٦٥"، ٥ كانون الثاني، ١٩٧٨.
٥٩- "الشعر الديني في اللهجة الطورانية الكردية"، العدد "٩٣"، أيار ١٩٧٧، بغداد، ص ٥٠- ٦٥.
٦٠- "الاتجاه الرومانتيكى في الادب الكردي" المنتصف الاول في القرن العشرين". مجلة "الثقافة الجديدة" بغداد، العدد التاسع، كانون الاول، ١٩٦٩، ص ١٩٧-٢٠٥.
٦١- "الشعر الديني في اللهجة الطورانية الكردية"مجلة "الثقافة الجديدة" العدد ٩٢، ١٩٧٧.
٦٢- "مجموعة قصص كردية لمعروف خەزنەدار" عبدالصمد خانقاه، مجلة "الثقافة الجديدة" العدد١٤، حزيران ١٩٧٠، ص ٧٨-٩٣.
٦٣- "كوردى توركمانستانى سۆڤيەت" مجلة "التبوغ" بغداد، العدد الرابع، السنة الرابعة، ايلول ١٩٦٨، ص ٤٩-٥٢.
٦٤-"كوردى ئەرمەنستانى سۆڤيەت " مجلة "التبوغ" بغداد، العدد الاول والثاني، السنة الخامسة، ايار ١٩٦٩، ص٦٦-٦٩.
٦٥- "كوردى ئازربايجانى سۆڤيەت" مجلة"التبوغ"بغداد، العدد الرابع، السنة الخامسة، ايار ١٩٧٠، ص.
٦٦- الاكراد في ارمينيا السوڤياتية، مجلة النبوغ، العدد الاول والثاني، ١٩٦٩.
٦٧- الاكراد في تركمانيا السوڤياتية، مجلة النبوغ، العدد٤، ١٩٦٨.
٦٨- الاكراد في اذربايجان السوڤياتية، مجلة النبوغ، العدد الرابع، ١٩٧٠.
٦٩- قصائد غير معروفة للشاعرين الكلاسيكين نالى و كيفى، شمس





كردستان، عدد ٣٤، ١٩٧٥.
٧٠- لا تعسر قصائدى بحصائى رديئة، شمس كردستان، العدد٣٣، ١٩٧٥.
٧١- الكاتب الكردى معروف البرزنجي يكتب سيرته بيده، شمس كردستان، ٤، ١٩٧٥.
٧٢- "ايهم في انتظار الآخر: الطلبة ام العام الدراسى؟"ريپورتاج، سعدى المالح، جريدة "التآخي"، العدد ١١٣٢، ٧ ايلول ١٩٧٢، ص ٣.
٧٣- "القصة الكردية"، ريپورتاج، جريدة "التآخي"،بغداد، ٦نيسان ١٩٧٢، العدد"١٠٠٢"، ص "٣".
٧٤-"الادباء الاكراد وجها لوجه معا لادانة"، ريپورتاج، جريدة "التآخي "،بغداد، ١٣شباط ١٩٧٢، العدد"٩٥٩"، ص"٣".
٧٥- نظرة في كتاب الصرف العربى باللغة الكردية ل"على التره ماخى "قرن سابع عشر ميلادى، بقلم عبدالله حداد، "، جريدة"التآخي"،بغداد، ٦ كانون الثاني ١٩٧٢، العدد "٩٣١"ص"٦".
٧٦- "ماهى مشاكل ومعوقات تدريس اللغة الكردية"، ريپورتاج، جريدة "التآخي"، العدد"١٧٢٤"، ٢٥ ايلول ١٩٧٤، ص ٦.
٧٧- "مع الاخوة في تالينى- لقاء بعد خمسة اعوام"، جريدة "التآخي"، بغداد، العدد١٧٠٣، الخميس ٢٩ حزيران ١٩٧٢، ص ٦.
٧٨- كتاب كردى جديد ديوان"نالى" ومعجم ديوان "نالى" جريدة "التآخي"، العدد"٢٠٦٠"، الاربعاء ١٢ تشرين الثاني ١٩٧٥، ض ٨.
٧٩- الاتجاه الرومانتيكى في الادب الكردي، نشر فى كتاب مؤتمر أداب الشعوب الشرقية المنعقد في موسكو ١٩٦٧.
٨٠- العالم الكردي السوڤياتي قنات كردويف، مجلة شمس كردستان، العدد ٢، تموز ١٩٧١.
٨١- القصائد الغنائية الشعبية في الادب الكردي، مجلة شمس كردستان، العدد ٣، السنة الثانية ١٩٧٣.
٨٢- بيبلوغرافيا الدراسات الكردية، مجلة شمس كردستان، العدد الثامن، مايس ١٩٧٢.
٨٣- طبعات القصة الشرقية "مم و زين" احمدى خانى، مجلة شمس كردستان، العددان ٥و٦ ايلول و تشرين الاول ١٩٧١.
٨٤- الاكاديمية مؤسسة علمية، ، مجلة شمس كردستان، العدد ٧، مارت ١٩٧٢.
٨٥- الكاتب الكردى السوڤياتي عرب شاميلوف، شمس كردستان، العدد السادس، السنة الثانية، ١٩٧٣.



٨٦- الشاعر الكردي السوفياتي جاسم جليل، شمس كردستان، العدد ١٥، ١٩٧٤.
٨٧- الكاتب الكردى السوفياتي علي عبدالرحمن محمدي، شمس كردستان، العدد ١٦، ١٩٧٤.
٨٨- مخطوطتان كرديتان فريدتان في اللغة والادب، مجلة كلية الاداب- جامعة بغداد، العدد ١٧، ١٩٧٤.
٨٩- الازاهير في شعر الشاعر الكردي محمدي ١٨٧٨-١٩٣٦، مجلة كلية الاداب- جامعة بغداد، العدد ١٨، ١٩٧٤.
٩٠- قصائد رائعة لبعض من الشعراء الكرد غير المشهورين، مجلة كلية الاداب جامعة بغداد، العدد ١٩، ١٩٧٦.
٩١- الرواية الشعرية "ليلى ومجنون" في الادب الكردي، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد ٢٠، ١٩٧٦.
٩٢- الرواية الشعرية "ليلى ومجنون" في الادب الكردي، مجلة كلية الاداب، العدد"٢٠"، بغداد، ١٩٧٦، ص ٢٠٥-٢٢٠.
٩٣- شاعر مرحلة التجربة والانتقال- دلدار ١٩١٨-١٩٤٨، مجلة كلية الاداب جامعة بغداد، العدد ٢٠-٢١، ١٩٧٧.
٩٤- المفردات والتعابير الحديثة في شعر الشاعر الكردي بيخود ١٨٧٨-١٩٥٥، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد٢٢، ١٩٧٨.
٩٥- "التخميس ومخمس في الشعر الكلاسيكي الكردي"، مجلة كلية الاداب، العدد"٢١" المجلد الاول، بغداد، ١٩٧٧، ص ٤٤٣-٤٥٨.
٩٦- "أخبار محافظة أربيل"، التأخي، العدد "٦٦٦"، ٢٠شباط ١٩٧١، ص"٨"، حول محاضرة الدكتور معروف خزنەدار في المكتبة العامة في اربيل بدعوة من اتحاد ادباء الاكراد- فرع اربيل.
٩٧- "في جمعية الثقافة الكردية- أول فيلم وثائقي كردي"، جريدة "التأخي"، العدد"٢١٠٣"في يوم السبت ١٠ كانون الثاني ١٩٧٦، ص٨.
٩٨- "لقاء جامعي كردي- أساتذة القسم الكردي بجامعة بغداد يحاضرون في جامعة السليمانية"، جريدة "التأخي"، العدد ١٣٣٩، الاربعاء ٢٣ ايار ١٩٧٢، ص ٣.
٩٩- "مطلوب كتب لمكتبة القسم الكردى بجامعة بغداد"، ريبورتاج، جريدة "التأخي"، العدد ١٤٧٩ الثلاثاء ٦ تشرين الثاني ١٩٧٣، ص ٨.
١٠٠- مخطوطات كردية في مكتبة المستشرق مينورسكى في لينينغراد، شمس كردستان ، العددان ٤٢-٤٣، ١٩٧٧.
١٠١- دراسة لغوية في اللهجة الكردية الجنوبية للمستشرق خودزكو، شمس





كردستان،٢، ٤٢، ١٩٧٦.

١٠٢- "حول التراث والبحث فيه، مجلة "شمس كردستان "العدد"٤٩" شباط ١٩٧٨، ص ٥-٧.

١٠٣- بدايات الادب الكردي- الشكل والمحتوى مجلة كاروان العدد ٩٤، ١٩٩١.

١٠٤- دراسة عن كتاب"الشرق الملتهب " للكاتب الالماني غوتفريد ميولەر. مجلة كاروان، العدد ٨٩، ١٩٩٠.

١٠٥- الملمع في الشعر الكلاسيكي الكردي، مجلة زانكو، العدد ٢ المجلد ٣، ١٩٧٧.

١٠٦- في سبيل طبعة علية لديوان الشاعر الكردى سالم ١٨٢٥-١٨٦٩، مجلة أفاق جامعية، العدد٢، ١٩٧٧.

١٠٧-"القصة الكردية"،مجلة "الثقافة الجديدة" بغداد، العدد الثاني، ايار، ١٩٦٩، ص ٩٣- ١٠٠.

١٠٨- على الترماخى ومخطوطته في الصرف الكردي، مجلة "الدفاتر الكردية" عدد٢، ١٩٧٠.

١٠٩- نص مم و زين الفولكلورى فى مخطوطة المستشرق الالماني مارتن هارتمان، مجلة كلية الاداب- جامعة بغداد، العدد ١٦، ١٩٧٣.

١١٠- الشعر السياسي في كردستان العراق بين الحربين العالميتين، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد١٥، ١٩٧٢.

١١١- كيف نظر نالى الى الأزاهير؟ مجلة كلية الاداب- جامعة بغداد، العدد ٢٣، ١٩٧٩.

١١٢- مقيرة چراغ في مدينة أربيل، مجلة "التراث الشعبي "العدد الاول، السنة السادسة، ١٩٧٥.

١١٣- معركة دمدم في الفولكلور الكردي، مجلة التراث الشعبي، العدد ٩، ١٩٧٠.





# یەکەم نووسینی
# مارف خەزنەدار
# گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٥)
# ساڵی نۆیەم ١٩٤٨






ئەم نووسینە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە چیخۆف کە ڕەوانشاد پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار لەوکاتە قوتابی پۆلی چوارەمی ئەدەبی بووە، سەرکەوتبوو بۆ پۆلی پێنجەمی ئەدەبی، ئەوکات لە قوتابخانەی دواناوەندی کەرکووک لە ساڵی 1948 دەیخوێند، بابەتەکە لە ژمارە 5ی ساڵی نۆیەمی گۆڤاری گەلاوێژ کە لە بەغدا دەردەچوو بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، گۆڤاری گەلاوێژ لە ماوەی (10) دا 118 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بە یەکەمین گۆڤاری سەرکەوتوویی ئەدەبی کوردی سەردەمی خۆی دادەنرێت.

**جەمال خەزنەدار**





## ئەوانەی نامرن

# چـیکوڤ

## ١٨٦٠ — ١٩٠٤

« بەکورتی لە کتێبی چیرو کەکان و مێژوی ژیان و چیرو -
کەکانی سەرشانو - القصص المسرحیة - ی وەرگیراوە ... »

کرکوك : معروف خەزنەدار

تاغنروغ ! .

ئەبی کەس بێ ناوی ئەم شارە گەورەی نەبیستبی لە جەنگی سوڤیاتیو ئەلمانیدا ؟ .

بەلێ ! . تاغنروغ ئەم شـــارەیە کە کەوتوتە هەرە ژووروی دەریای ئازوف ، ئەم شارە جێگای لە دایك بونی نوسەری سوڤیاتی بەناوبانگ « ئەنطون باڤلوڤتش چیکوفە » » .

لە روژی ١٧ ی مانـگی ینایری سالی ١٨٦٠ دا لە دایك بوە ، باوکی خەڵکی مالی پیاویکی گـەورە و بەناوبوە ، دایـکی « اوجینی یا کوفلیفا » ئەسلانی مالیکی دەولەمەندبوە کە بە مالی « موروزف » ناسراون .

لە مەکتەبی ابتدائی یونانی لە تاغنروغ کە لە پال کەنشتەی قەیسەر نوستنتین بوە دەستی بەخویندن کردوە . . لە پاشا چوە بو مەکتەبی سانەوی لە شاری « تاغنروغ » . .





چیکوف گەنجیکی مەندوچستو چالاك ، و زور آزاوجەسور بوە ، زور چاك سەرنجی ئەدایە ئەو ایشە خرابانە کە لە مکتەب روی ئەدا ، نوسراویکی بو براکەی خوی « میخائیل چیکوف » نوسی

« برام .. تو ئەزانی کە ادارەی مەکتەب لە هەر قوتابیك لە قوتابیەکانی (داخل) ۳۵۰ روبل وەرئەگری سالانە ، لەگەل ئەوەش خواردەمەنی وایان لە پیش دا ئەنین سەگ نایخوا ! » .

چیکوف دەستی کرد بە دەرهینانی گوڤاریك بو قوتیەکانی مەکتەبی سانەوی ناوی نا « کەرویشك » ، ئەم لە سەروکەکانی دەرهینانی ئەم گوڤارەبو ، زوریش هەولی دا کە لە مەکتەب شانو « مرح » یك دانی، هیوا گەیشت ، چیروکی بو ئەم شـانو بە ئەنوسی و ئوشی « تمثیل » ئەکرد .

چیکوف مەکتەبی سـانەوی تەواو کرد عمری ۹ سالان بو ، زور حەزی لە دکتوری ئەکرد و ئەیگوت : دکتوری ایشێی زور پەسندو بالایە ، . لە سـالی ۱۸۷۹ داچو بو کولیجی دەرمان « کلیة الطب » لە جامیعەی موسکو .

پاش چوار سال بو بە « دکتور انطون چیکوف » زور لە خوینەوارانی باوەرنا کەن چونکە هەر بە چیروك نوسی ناراوە .

یکەم چیروکی « نوسراویك بو هاوسێی عالم » بو ئەوتابی بو لە جامیعە کە ئەم چیروکەی نوسی ، چیروکیکی زور جوانو برخە ، سەرسام ئەبی لە « دەولەمەندی نەخوشدەوار ! »





٢٥

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری « الدیانة الفارسية » دا بلاو کراوەتەوە ، هەروا لە چەند گۆڤاری تریش بلاو کراوەتەوە ، وەکو : « موسکو » و « أومید » و « روتا کیوتاریکی » و « پوترسبورگ » .

لە تەمەنی ٢٤ سالیدا سە چیروکی سەرشانوی دانا :

« گولەکانی بەجێ ملو » و « گوتنی زیرین » و « سەر کەوتنێك کە پیویست نیە » .. بەلام داخی گرانم کەشتیان فەوتان ..

لە سالی ١٨٨٥ دا ووتاریکی بەنرخی بو گەنجەکان نوسی ، ئەم ووتارە بو بە زمانی حالی چیکوف هەر وا بو بەعفوزانی گەنجەکان .. چیکوف ئەلی :

« پیاوانی باش ئەمانەن .. » .

١ـ ئەوانەی کە انسانیەت ئەناسن .. لەبەر ئەمە ئەبینین آزاو بەگەلەت ، نەرمو ناسك ، ئەگەر لەگەل چەند کەسێك تیکەل بن نالین « ژیان لەگەل ایوە ناخوشە » .. لە سەرماو گەرما ناترسن .

٢ ـ ئەوانەی کەدلیان بە هەژار ناسوتی ، بەلام بەشەو نانون چونکە هەر بیری ئەم قوتابیانە ئەکەنەوە کە پارەی مەکتەبیان بی نادری و ئەم کەسەی ناتوانی دایکی پوشتە بکانەوە .

٣ ـ ئەوانەی کە دەس لە مالی یکتر نادەن ، هەر قەرز ئەدەنەوە .

٤ ـ ئەوانەی دلیان نەرمە ، لە درو ئەترسن ، دلەراو کەیان نی یە لە ژیان ، بزوتنەوەی جادەو بازارو مال لەلایان وەکو یەکە .. بە چاوی سوك تەماشای برای بچوکیان ناکەن ، یێکیك کە دەستی بە قسە کرد گوێی بو رادەگرن .







٥ ـ ئەوانەی نایانەوی دلسوزیان بی ، نالین « ناتوانی تیمان بگەیەنی »
چونـکە ئەم وەتەیە دەلالەت لە کەمعەقلی ئەکا . .

٦ ـ ئەوانەی غەم ناخون ، بەردی بەرزی دروزنیان ناوی ، وەکو
هەول‌دان بو ناسینی پیاوی گەورە ! .

٧ ـ ئەوانەی رزخی تیگەیشتنیان ئەزانن،مالو خوشیو خواردنەوەو کچی
جوان لە ریگای ایش‌دائەنین ، ئەمە زور لەلایان پەسـندە ، ئەبی هەموو
کەس وەکو ایە بی .

٨ ـ ئەوانەی هەوای ژەهراوی نامژن ، خواردەمەنی لە قاپی‌پیسـا
ناخون ، هەول ئەدەن شەهوەت نەبی بە حا کیان ، نایانەوی ژن ببیتە
دوشەکیـکی نەرم بەلـکو بە چاویکی هونەرمەندی تەماشای ژن ئەکەن
ئەلین :ژن بو پاکیو آزاییو جوانی‌بەهەتایبیت بەدایکیکی زانای دواروژ . .
« پیاوانی باش ئەمانەن . . »

ئەگەر ئەتەوی بی بە باش ، کتیبی « بکفیك » مەخوینەوە بەلـکو
پیویستە لەشت پاك کەیەوە ، بخوینی و بخوینیەوە ، هەر ساتیك لە ژیانت
رزخی تەواو نابی . .

• • •

لە سـالی ١٨٨٦ دا پارچەییك لە چیرو کەکانی بلاو کراوەتەوە لە ژیر
ناوی « چیرو کەکانی بریقەدار » . .

و لە سالی ١٨٨٧ دا پارچەییـکی تری بلاو کراوەتەوە لە ژیر ناوی
« دلسوز » ، لە سـایەی ئەم چیروکانەوە ناوی بەرز بوەوە ئەستیرەی







گەشابەوە ، جائزەیێکی ئەدەبی نایابی بی‌بەخشرا لەلایەن ئەکادیمی سوڤیێتی .

بە درێژایی سالومانێک چیروکی کوورتی ئەنوسی لە گوڤارەکانا بلاوی ئەکردەوە . . لیبان پرسی . . « لەم قەدەرە چەند چیروکت نوسیوە ـ نەوە ؟ . . » گوتی :

« وا ئزانم لە هەزار زیاترە ! . » .

لە ســالی ١٨٨٧ دا دوو چیروکی سەرشانوی کومیــدی نوسی : « وورچ » و « ژن هینانــ » گەلی سوڤیــانی زور پییان خوش بود بەرەغبەت بو لە لایان ، لە پاشا چیروکی « ایڤانوف » ی نوسی ، ناوێکی گەورە و پارەییکی چاکی بەچنگ کەوت .

چیکوڤ ویستی سەفەر بکا بو جزیرەی « سخالین » ، ئەمەش جزیرەی مەنفیەکانی قەیــەر بو . .

گوتی : « دیارە ئەم کەســانەی کە بە هەزاران براو منالیانــ لە « سخالین » نیە نازانن چونەوچیە . . سخالین جیگای ایشو آزارە ، ئەم ایشو آزارە نە بەسەربەست و نە بەزیر دەست هەل ئەگیری ، داخی گرانم پیاوێکی ( عاطفی ) نیم ، هەتا ئەم خەلقە راسپیرم سەفەر کردن بو سخالین بکەن بە پیویست هــەر وەکو ( حج ) پیویستە لە سەر اسلامەکان ، وایورەوانەکانو حەبسەکان پیویستە زیارەتی سخالین بکەن وەکو دلیرە دەور گەرەکانی ئەچن بو سیواستەپول ! . . »

لە سالی ١٨٩٠ دا چو بو سخالین ، سە مانــگ لەوی مایەوە ، هەمو جیگاییکی زیارەت کرد ، حەبسخانە ، ناوشار ، قەسرەکانو کلاوەکان . .







لە پاشا گەڕرایەوە کتێبێکی لە سەر سەفەرەکەی نوسی ( ٤٠٠ ) لاپەڕرە بو . .

هەر کەسێك بەچاکی لە چیرو کەکانی چیکوف ووردبێتەوە ئەو وەختە قەدری ئەم نوسەرە بەناوبانگە ئەزانی . . بە نوسەرە تازە پێگەیشتوەکانی ئەگوت : نابێ نوسەر لە ماڵ ملی کەچ کا ، لە خوبەوە بنوسی ، ئەبێ خەڵك و ژیان ببینی ، گوێ بداتە قسەی قسەکەر ، زور سەفەر بکا بو ناو هەموو قەومێك . . بەیەکێکی گوت : برو بو یاپان ! . بەیەکێکی تری گوت : برو بو استرالیا ! .

روژێك « تیلیشوف » ی برادەری دی لە ناو شەمەندوفیردا گوتی : مەرڕو بو هاوین گاکەت ، هیچی تازە نیە ، برو بو جێگایێکی دور . زور دور هەزار دو هەزار سێ هەزار فرسەخ دوربێ . . برو بو آسیا ، بو « بایکال » لە سیبیریا ، لە پاشا بگەڕرێوە بو کەلاوەکەت ئەبێ بە پیاوێکی تر ، زور چیروك لەگەڵ خوت ئەهێنی ، لەگەڕرانا ئەزانی چون ئەژیت ، لە سەر عەرد ئەنوی ، کیچ خوێنت ئەمژی ، لە پاشا وەرەوە زور سوپاسم کە !! . ئەبێ لە دەرەجەی سێیەم لە ناو شەمەندوفیر دانیشی چونکە لەگەڵ پیاوی روتو برسی تیکەڵ ئەبی . ئەگەر ئەنوی بێ بە نوسەری باش کاغەز و قەڵەم لەلای « نیجینی » هەڵگرە برو بو زێی « فولغا » و زێی « کاما » .

قسەی برادەرەکەی لەگوێ گرت ، لە ساڵی ١٨٩٤ دا چوبو زێی « کاما » هەموو موستەعمەرەکانی روسیای دی و ژیانی جوتیاری چاوپێ کەوت ، کە گەڕرایەوە چەند چیروکێکی نایابی لەگەڵ خوی هێناوە ، هەمووی لە گوڤارەکانی روسیا بلاوکراوەتەوە . .







لە ســـالی ١٨٩٧ دا لەگەل یەکێ لە ماڵەکانا ڕیك کەوت کە هەموو چیرۆکەکانیو نوسراوەکانی بدا بەو بۆ بڵاوکردنەوە لە جیاتی (٧٥٠٠٠) ڕوبل ، لە چاپخانەی « نیڤا » چاپ کراو بڵاوکرایەوە ، ئازانجیـکی باشیان لێ کرد .

لە ٢٥ ی مارسی ساڵی ١٩٠٢ دا گرفتاری دڵداری کچێکی « ئەمله » ی زۆر جوانـــ بو و حەزی لێ کرد « أولقالیو ئاردووفنە کنیپر » لە پاشا خواستی ، لە عەینی ساڵدا هەڵیانبژارد بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمی سوڤییتی لەگەل « مکسیم گورکی » و « کوروولینـکو[1] » بەڵام گورکی مەلم کرا لەلایەن قەیسەرەوە لە سەر ئەمە چیکوڤیش دەرچو .

لە ساڵی ١٩٠٣ دا چیرۆکی شـــانویی « باغی گەرزی » ی نوسی ، شانوی موسکو پەسندی کرد و لە ١٧ ی یناری ساڵی ١٩٠٤ تەمثیل کرا- ئەم ڕوژەش ڕۆژی لە دایك بونی چیکوڤە ـ لە پاش تەواو بونی لە ســـەر شانویەکە ڕاوەستا و دەستیان کرد بە گولو بەخشش فڕیدان بۆ چیکوف ، لەم کاتەدا نەخوشی بەدفەرکاری لێ ئەکرد ، وای ئەزانی ئەم قەلەبالغە بۆ جەنازە هەڵسگرتنێتی ! . .

لە مانگی یونیوی ســـالی ١٩٠٤ دا چو ڪرد بۆ ئەلمانیا بولای دکتورەکان . . بەڵام چارەیان نەکرد ، لە ناو نوینەکەی هەڵساو گوتی : ئەمرم ! . بە ژنەکەی گوت کاســـەکەم بۆ بێنەلەمبژە ( شـــەمپانیا ) م

(١) کوروولینکو — ( ١٨٥٣ — ١٩٢١ ) نوسەری ڕوسی بەناو - بانگە خاوەنی کتێبی « الموسیقار الضریر » . . .







# دوانووسینی
# مارف خەزنەدار





-١-

## پێشەکی

مارف خەزنەدار

لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا لەگەڵ ئیحسان فوئاد بەڕێک کەوتم گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە بە ناوی «رۆشنبیری» یەوە دەر بکەین. داوامان لە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن کرد کە مۆڵەتمان بدا بەم ناوەوە گۆڤارێک بە زمانی کوردی دەربکەین. لە دوای تەواو کردنی هەموو پێویستییەکان لەم بابەتەوە، پێش بیست رۆژێک وەزیر تەبریکی کردین و گوتی: مەسەلەکە تەواو بووە، پاش بیست رۆژ فەرمانەکە ئیمزا دەکەم و بۆتانی دەنێرم. ئێستاش تەوساش تێنەگەیشتم کە بۆچی ئەم وەزیرە، مامۆستای زانستگاش بوو، ئەم تەشقەلە هەڕەکارییە و ناجوامێرییەی لەچییەوە بوو! بۆ وای کرد!!

دیار بوو لەو سەردەمەدا وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار کارێکی قورس بوو، چونکە ئەمن و ئیحسان هیچ بەتێکڕای ئەندامی حیزبێکی دیاری کراو نەبووین. لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی بەعس لە بەغدا لەگەڵ جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد پێک بوون. بەعس لە هەموو مەسەلەیەکی کورد پرسیاری لێ دەکردن، ئیتر ئەوەیان بۆ بەعس ڕوون کردبووەوە کە ئێمە لە هەموو شتێکدا بە قسەی ئەوان ناکەین و هەندێ کەللە ڕەقیمان تێدا هەیە.





ئیتر ئەمە بووە هەوێنی ئەوەی رێگەیەکی دیکە بدۆزمەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چاپەمەنییەی لە خەیاڵم دا بوو.

لە رۆژگارانی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم و دواتر ئەوانەی کۆماریش هەندێ جار نووسەرانی کورد لە نێوان خۆیان دا پێک دەکەوتن، هەندێ وتار و شیعر و کورتە چیرۆکی کوردیان کۆ دەکردەوە و بە چاپیان دەگەیاند، لەمانە "هەڵاڵە" و هەندێ چاپەمەنی دیکە. ئەم جۆرە چاپەمەنییانە لە نێوەندی رۆشنبیری کوردی بە "دەستەنامە" ناو دەبرا، بەڵام پێشە مێ یارم دا کارێکی وا بکەم و بە ناوی "دڵکۆکراوە" نەک وەرگێڕدراو هەموو مانگێک کتێبێک بڵاو بکەمەوە. لەو رۆژانەدا بوو ئێوارەیەکیان ئەحمەدی یووسف و حەمید عوسمان و کەسانی دیکەشی میوانی ماڵەوەمان بوون لە بەغدا. ئەحمەدی یووسف بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی لە گوڵ دایەنی کردنی ئەوەکەوت. وا بوو لە کاتی قسەکردن دا گوتی: وەکو حاجی قادر دەفەرمووێ کورد هەتا دەفتەری نەبێ ناچێتە بەهەشت. گوتم دیارە مەبەست نووسینە ئەگەر من بە ناوی "دەفتەری کوردەواری"یەوە کۆوارێک بڵاو بکەمەوە تۆ و حەمید عوسمان بۆ ژمارەی یەکەم شتێکم بۆ دەنووسن؟ گوتی: من دەمێکە وازم لە نووسین هێناوە، بەڵام لە وەڵامی داواکەی کاک حەمید بۆتی دەنووسم.





-٣٠-

بە هۆی کۆششی و تەقەلای جەمال خەزنەدار دەستمان
کرد بە کار. ئەرکێ و کۆششێکی زۆری دەکێشا لە
پاکنووس کردنی زۆربەی ئەو کەرەستانەی بۆ چاپ
دەکەوتنە بەر دەستمان، جگە لە سەرپەرشتی کردنی
هەموو نووسینەکان تا بلاوکراوەکە لە چاپخانە دەردەچوو،
بەم جۆرە سێ ژمارەمان لە ١١ دەفتەری کوردەواریدا
بلاوکردەوە. ڕۆژێکیان لەو سەردەمەی ئەشفیق ئەلکەمالی
وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو، لە
لە کۆنەوە یەکتریان دەناسی لەو کاتەی هەردووکمان
قوتابی بووین لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا،
وەزیر گوتی: بیستوومە بلاوکراوەی ١١ دەفتەری کوردەواری
دەردەکەی، دەڵێی چاپەمەنییەکی سەرکەوتووە، لەبەر
ئەوە پێشنیاز دەکەم بیکەین بە بلاوکراوەی وەزارەت
وەکو ((هاوکاری)) و ((کاروان)) و ئەوانی دیکەی کوردیدا،
لە یەکێ لە دەسگا ڕۆشنبیرییەکانمان زۆر ڕێکیان بۆ
چاپ دەکەین، لەگەڵ سکرتێرێک بۆ ئەوەی کارەکانمان
بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببەین. ئەگە ڕەزامەندییت لە موکافەئەشی

- ٣ -

بەو بە نووسەرەكانتان ئێمە ئامادەبین یاریدەتان بدەین.
تكا دەكەم بیر لەوەشی بكەنەوە بڵاوكراوەكە دەبێتە
زمانحاڵی وەزارەت لە هەموو رووێكەوە لە ئەنجام
داگیروگرفتی فیكری دروست دەبێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە
ئێوە سەربەست و ئازاد دەبن لە هەموو كردەوەكانتان دا.
بۆ ئێوەش من بەمە رازی نەبووم لەبەر ئەوە
دەفتەری كوردەواری لە دەرچوون وەستا.

هەولێر: مەڵبەندی رووناكی
١ی تشرینی یەكەم ٢٠١٠


عارف خەزنەدار

* ئەمە دوا نووسینی خوالێخۆشبووە، كە لەسەر داوای من بۆ پێشەكی
كتێبی رۆژنامەوانیی كوردی - دەفتەری كوردەواری، نووسیبووە.
* د. [illegible] *





# خەزنەدار بۆ ئەدەب و هەڵسوکەوتی ئەکادیمی ژیا*




من خۆم بە بەختەوەر دەزانم لەم ڕۆژە مێژووییەدا و لەم مەقامەدا بەرامبەر ئێوەی بەڕێز بوەستم و سوپاسی وەفاداریتان بکەم.
ناونانی ئەم خولەی فیستیڤاڵی گەلاوێژ بە ناوی د. مارف خەزنەدار



بەرجەستەکردنی وەفاداریتانە بەرامبەر بە قەڵەم و هزری ئەم زاتە. ئەو قەڵەمەی بێ پسانەوە بۆ ماوەی شەست ساڵ ماندوونەناسانە خزمەتی وشە و رۆشنبیری کوردی کردووە، گەنجینەییکی گرانبەهای هزری تۆمارکراوی بۆ مێژووی رۆشنبیری و نەوەکانی کورد جێهێشت.

بە لای مارف خەزنەدارەوە کتێب و قەڵەم، هەناسە و ترپەکانی دڵ بوون. هەر کاتێک توانای خوێندنەوە و نووسینی نەما، ئەوا دیارە ژیانیشی کۆتایی دێ، بۆیە بەرێزان تا بیست و چوار کاتژمێریش پێش ئەوەی گیانی پاکی بەرەو دوا مەنزڵ لە شەقەی باڵ بدات، کتێبی لە دەست بوو، و پەیتا پەیتا خوێندنەوەی دەکرد. بەڵام ماوەییک بوو توانای نووسینی نەمابوو، لە دوارۆژی ژیانیدا کە توانای خوێندنەوەی نەما، من وتم دێوەزمەی مەرگ بەرێوەیە.

مارف خەزنەدار بۆ ئەدەب و هەڵسوکەوتی ئەکادیمی ژیا، بە لای ئەوەوە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی ئامانجێکی پیرۆزە نابێ نکۆڵی لێ بکرێت، هەر بۆیەش ئێمە ئەم مرۆڤە تەنیا بە موڵکی خۆمان نازانین، بەڵکو بە موڵکی هەموو کوردی دەزانین.

دووبارە ئەم رێزلێنانەتان لە گیانی مارف خەزنەدار مایەی ستایش و پێزانینە، و لە یەزدان دەپاڕێینەوە ئەمە دوا کۆستی رۆشنبیری میللەتەکەمان بێت.

**بنیاد خەزنەدار**
**٢٠١٠/١١/١٠**

*** ئەم نووسینە بۆ چواردەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، کە ساڵانە بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ ئەنجامی دەدات نووسراوە، ئەمساڵیش بە دروشمی (ئازادی عەقڵ دەروازەی داهێنانە) خولی د. مارف خەزنەدار رۆژانی (١٠-٢٠١٠/١١/١٥) سازی کرد .**



# گۆڕستانی چراغ! دوا مەنزڵگای مارف خەزنەدار


جەمال خەزنەدار



مەراسیمی ناشتنی د. مارف خەزنەدار لە گۆڕستانی (چراغ) - هەولێر

هەر چەندە مردنی بە پەلەی کاکم ڕێگەی ئەوەی نەدا شوێنی ناشتنی بە خۆی بۆ خۆی دەستنیشان بکا. بەڵام ئێمە دەزانین گۆڕستانی "چراغ"ی شاری هەولێر، چەند خۆشەویست بوو لای، تا هەر لەبەر ئەوەی





گۆڕستانی هەموو بنەماڵەی دایکمانە، کە لە (مەحمود ئاغای پیربەدر)ەوە دێتە خوارێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی گۆڕستانی "چراغ" ئاوێنەی مێژووی دێرینی شاری هەولێرە! بەڵگەشم بۆ خۆشەویستی ئەم گۆڕستانە لای کاکم، ئەم نووسینەیەتی کە بە ناونیشانی "لاپەڕەیەک لە مێژووی شاری هەولێری خۆشەویست" کە لە ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٧٤ی گۆڤاری بەیان بلاوکراوەتەوە.

شاری هەولێر یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی سەر رووی زەوی. شارێکە لە هەموو دەورو رۆژگارێکدا ژیانی تێدا بووە و هەر بە ئاوەدانی ماوەتەوە. بە رۆژ لەبەر تیشکی خۆر درەوشاوەتەوە، بە شەویش پرشنگی چرا لە کۆلانی ماڵەکانی بریسکاوەتەوە. لەوەتەی قەڵا سەر بلندەکەی بۆ ئاسمان هەڵچووە، یا منارە لە خۆباییبووەکەی سەری بۆ کەشکەلانی فەلەک بردووە تا رۆژگاری ئەمرۆمان.

پیاو کە بۆ یەکەم جار چاوی بە شاری هەولێر دەکەوێ جوانییەکی ئەوتۆ لە دیمەن و ئەدگاریدا نابینێ، بەڵام ناوەرۆکێکی ئێجگار پڕ مانا و بەرزی هەیە. شاری چوار خواکانی شارستانییەتی گێتی کۆن بووە، ئەم بەسەرهاتە درێژە و مێژووە کۆنە کردوویەتی بە سەرچاوەی قارەمانییەتی و ئەفسانەی ناو خەڵک. ئێستاکە گەنجینەیەکی بێ هاوتا لە ئەدەبی خەڵکی کوردا لە ژێر دەستمانە و لە هەولێر دروست بووە.

گومان لەوەدا نییە کە پانایی شاری هەولێر لە پێش جەنگی گێتی دووەمدا



تۆزێک لە پانایی گۆڕستانە زۆرەکانی گەورەتر بووە(١) هۆی ئەمە دەشێ لەبەر کۆنی شارو سستی لە پێشکەوتنی بووبێ، بە تایبەتی لە رووی فراوانی و گەورەبوونی شارەوە.
ئێمە لەم وتارەدا کە باس لە گۆڕستانێک لە گۆڕستانەکانی هەولێر دەکەین، دەبێ ئەوەش بڵێین کە "قەبرستان"ی هەولێر کۆنترین گۆڕستانە لە شارا، ئەمە بریتییە لە مۆزەخانەیەکی یادگاری، مێژوو پیشان دەدا، بێ گومان ئێسقانی بتپەرست و رۆژپەرست و زەردەشتی و جوولەکەو گاور و موسڵمان و ئاسووری کۆن و میدیایی و کوردی تێدایە، بەڵام ئێستاکە گۆڕستانی کوردی موسڵمانە.
ئێمە لەم وتارەدا مەبەستمان ئەوە نییە لە مێژووی "قەبرستانی گەورە" بدوێین چونکە کۆنترین گۆڕستانی هەولێرە، بەڵکو دەمانەوێ هەندێ زانیاری لە بابەت گۆڕستانێکی هەندێ تازە بڵاو بکەینەوە کە گۆڕستانی (چراغ)ە (٢).

## جێگەی گۆڕستانی چراغ

گۆڕستانی (چراغ) دەکەوێتە لای خوارووی (جنوب)ی شاری هەولێر و قەلاکەی، لای باکووری گۆڕستان بەستی هەولێر (٣) و قەسابخانەی کۆنە، لای خوارووی گەرەکی بەنزینخانەی تازەیە. لای رۆژهەڵاتی جێگەی گۆڕستانی جوولەکانی کۆن (٤) "گەرەکی سەیداوەی ئێستە" و گۆرەپانی رمبازییە (٥). لای رۆژئاوای گەرەکی سەعدوناوە و گلکەند (٦) و ئەو رێگەیە کە دەچێتە کەرکووک.

## حەکایەتێکی ئەفسانەیی

حەکایەتی یەکەمی ئەفسانەی ناو خەڵکی هەولێر لە بابەت گۆڕستانی (چراغ)ەوە (٧) دەڵێ: ( ئەم گۆڕستانە بۆیە ناوی نراوە (چراغ) چونکە مەلائیکەت و ئەولیا لە شەوانی جومعەدا نوور دەهێنن بۆ قەبری ئەو ئەسحابەو ئەولیا و شێخانەی کە لەوێ نێژراون".
حەکایەتێکی تری ئەفسانەیی لە ناو خەڵکی هەولێر پشتاوپشت دەیگێڕنەوە ئەوەیش ئەمەیە:
"لەدەورو رۆژگاری کۆندا پاشایەکی هەبوو لە نەژادا تورک بوو، ناوی (چراغ) بوو، نزیکترین کەس بوو لە پاشا و خۆشەویستترین کەسی بوو لە لای، وا رێک کەوت کە پاشا پارچەیەکی گەورە لە ئەرزەکانی تەرخان بکا بۆ ئەوەی بکرێ بە گۆڕستانی موسڵمانان لە پاش مردنی، خۆی کۆچی





دوایی کرد. ئیتر پاشا لەسەر ئەو زەوییە ئاشتی کە بۆ گۆرستان تەرخانی کردبوو. ئەمە یەکەمین گۆری گۆڕستانەکە بوو. بۆیە بە ناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکرد کە پاشا لە دوای (چراغ) کۆچی دوایی کرد لەتەک هاوڕێ خۆشەویستەکەی نێژرا".

**راستیی مێژوویی**

ئەو پاشایەی (٨) کە خەڵکی هەولێر کردوویانە بە ئەفسانە شەخسییەتێکی ئەفسانەیی نییە. بەڵکو کەسێکی دەوڵەمەند بووە لەنێوانی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا ژیاوە و ناوی مەحمود ئاغای پیربەدر بووە. ئەم بەسەرهاتەی لای خوارەوە لە بنەماڵەی دایکمدا (٩) پشتاوپشت دەیگێڕنەوە. گەلێ جار لە دایکم و داپیرەم ئەندامانی بنەماڵەی ماڵی دایکم بیستووە:

"باپیرە گەورەمان ناوی مەحمود پیربەدر بووە. پیاوێکی دەوڵەمەند و ئازا بووە رەز و باخ و باخاتێکی زۆری لە خۆشناوەتیدا (١٠) بووە. هەروەها زەوی و زاریشی لە هەولێر و دەوروبەریدا بووە. بنەماڵەی مەحمود ئاغا لە کۆنی کۆنەوە هەر لەم ناوچەیەدا ژیاون.

گەشت و گەرانێکی زۆری بووە بۆ وڵاتی ئێران و توران، لەو وڵاتانەدا بوو بە هاوڕێی کابرایەک ناوی (چراغ) بوو ئەمە خەڵکی تەوریز بوو. پێوەندی لە نێوانیاندا بەهێز بوو. مەحمود ئاغا کردی بە هاوڕێی و پیاوی خۆی.

ئێوارانی بەهاری ساڵێک لەگەڵ هاوڕێکەیدا لە دەرەوەی شار لە سەیرانا بوون کە گەیشتنە جێگەی گۆڕستانی (چراغ)ی ئێستە مەحمود ئاغا بە







هاوڕێکەی گوت: ئەرزێکی باش و مێرغوزارێکی نایابە، ئەمە بۆ ئەوە باشە ببێ بە گۆڕستان بۆ موسڵمانان. چراغ لە پێش مەحمود ئاغا کۆچی دوایی کرد، یەکەمین کەس بوو لەوێ نێژرا لە پاشانا ئاغاش کۆچی دوایی کرد و لەتەک (چراغ)دا نێژرا".

گۆڕی (چراغ) کێلی بۆ دانەنراوە لەبەر ئەوە گۆڕەکە لە ناوچووە و ئێستاکە هەر شوێنیشی نەماوە، کۆنترین گۆڕ لە گۆڕستانەکە گۆڕی مەحمود ئاغای پیربەدرە، لەسەر کێلەکەی ئەم ڕستەیە نووسراوە:

"هذا قبر المرحوم محمود أغا توفي في ربيع الآخر ١٢٦١" ئەمە مێژووی دامەزراندنی گۆڕستانی (چراغ)ە، یاخود هەندێ پێشتر لەو کاتەی (چراغ) یەکەمین کەس بوو لەوێ نێژرا.

**پەراوێزەکان:**

(١) وەکو : گۆڕستانی گەورە، گۆڕستانی شێخەڵلا، گۆڕستانی شێخ محەمەدی خۆراسانی، گۆڕستانی شێخی چۆلی، گۆڕستانی شێخ ئۆمەر، گۆڕستانی ئیمام محەمەد، گۆڕستانی تەعجیل، گۆڕستانی چراغ و هیتر.

(٢) ئەوەی پێویستە لێرەدا روون بکرێتەوە ئەوەیە کە گۆڕستانی تری تازە لە هەولێر دروست بووە لە پاش جەنگی گیتی دووەم لە ئەنجامی فراوان و گەورەبوونی شار.

(٣) بەستی هەولێر: شوێنی رووبارێکی وشکە، بە زستان و بەهار

ئاوی باران و بەفری شاخە نزیکەکانی لای ڕۆژهەڵاتی شاری پێدا دێ و لە هاوین و پاییزدا وشکە.

(٤) گۆڕستانی جوولەکان: ئەم گۆڕستانە گەلێ کۆنە، تا دەوروبەری پاش جەنگی گیتی دووەم مابوو، بەڵام لە پاش دەرچوون و کۆچی هەموو جوولەکەکانی شاری هەولێر، گۆڕستانەکە ڕووخێنرا و ئێستاکە بووە بە گەڕەکی سەیداوە.

(٥) گۆڕەپانی ڕمبازێ: ئەمە گۆڕەپانێک بوو لەنێوان گۆڕستانی چراغ و گۆڕستانی جوولەکان. تا دەوروبەری جەنگی گیتی دووەم ئێوارەی ڕۆژی جومعان سوارچاکانی شار تەراتێن و ڕمبازییان تێدا دەکرد. خەڵکی شار دەڵێن لەپاش جەنگی گیتی یەکەم کە ئینگلیز شاری هەولێری داگیر کرد یاری پۆلۆیان لە گۆڕەپانەکە دەکرد.

(٦) گلکەند: کەندێک بوو لای خوارووی شارەوە، ئەمە لە ئەنجامی کێڵان و بەکارهێنانی خۆڵەکەی بۆ دروستکردنی خشتی سوورەوەکراو پەیدا بووبوو. خۆڵەکەی خۆڵێکی سووری زۆر باش بوو. لەم دواییەدا کە کوورەکانی خشتی سوورەوەکراو (کەرپووچ) گوێزرایەوە بۆ جێگەیەکی تر. "گلکەند" کرا بە پارک بە یارمەتی دەستگاکانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

(٧) وشەی "چراغ" وشەیەکی ئێرانی بە مانای چرا، مۆم، ڕووناکی ڕۆشنایی، نوور هاتووە. لە هەموو زمان و شێوە (لەهجە)کانی بنەماڵەی ئێرانی بەم مانایە هاتووە. لە زمانی کوردیدا وشەکە بە شێوەی "چرا" بەکار دەهێنرێ و لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا لەوانە لە فارسی ناوەڕاست "پەهلەوی"دا بە شێوەی "چراغ" هاتووە. دەڵێن ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانەکانی ئارامی و سریانی و عەرەبی بە شێوەی "سراج" هەروەها زمانی تورکیش وشەکەی بە شێوەی "چراغ" وەرگرتووە.

(٨) زاراوەی "پاشا" یا "پادشا" لە چیرۆکی بەر گوێی ئاگردان و ئەفسانەی ناو کوردەواری بۆ میری شار و گەورە و سەرۆکی وڵات و مەلیکی مەملەکەت و ئیمپراتۆری دەوڵەت بەکار دەهێنرێ.

(٩) مەحمود ئاغای پیربەدر باپیرە گەورەی دایکمە لە باوک و دایکەوە.

(١٠) خۆشناوەتی: هەموو ئەو شوێنانەن کە هۆزەکانی خۆشناوی تێدا دەژی لە ناوچەی شەقڵاوە.

**هەولێر**

**٢٠١٠/١١/١٠**







## ئەو نووسینانەی بۆ چلەی ماتەمینی
## مارف خەزنەدار نووسراوە



# دکتۆر خەزنەداری مامۆستام یادی بەخێر

**ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی**



ساڵی خوێندنی ١٩٩٦ - ١٩٩٧، یەكێك بووم لە قوتابییەكانی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی كوردی زانستگای سلێمانی، هەر لە سەرەتاوە خۆمان بە بەختەوەرزانی، كە پێیان ڕاگەیاندین هەفتانە هەردوو پرۆفیسۆر دكتۆر مارف خەزنەدار و دكتۆر محەمەد نوری عارف دێنە سلێمانی و وانەمان پێدەڵێنەوە.

دیارە هۆیەكەیشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە كە ناوی ئەم دوو مامۆستا بە ئەزموونەمان بیستبوو، سەرەڕای زانایی و شارەزاییان، لە لایەنەكانی تریشەوە ناو و شۆرەتیان هەبوو.

پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار وانەی (ڕەخنەی ئەدەبی) پێدەوتین، ئەوەی لەو زانایەدا بەزەقی دەردەكەوت شێوە و ڕووە ساكارەكەی بوو، سەرەڕای شێوازێكی تایبەتی وانە وتنەوە، هەموومان لە ڕادەی تواناو ئەزموون و شارەزایی دڵنیابووین، بەم هۆیەوە بە پەرۆش و ئەلهاوە گوێمان لێ دەگرت و پرسیارمان دەكردو لە ئەنجامدا دەمەتەقێیەكی زانستییانە دروست دەبوو.



دکتۆر خەزنەدار خەزینەیەکی سەررێژی زانیاری بوو، بە پێی پێویست سەرچاوەی بۆ دەهێناین، وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بە جۆرێک کە لەوە پێش کەمتر بەدیمان کردبوو، ئەمە جگە لە مامەڵەو هەڵسوکەوتی شیاوی لەگەڵ سەرجەم قوتابیاندا کە جێی سەرنج و سەرسامی هەمووومان بوو، دیارە ئەمەیش دیاردەیەکی سەیر و نامۆ نەبوو، چونکە دکتۆر وەک زانایەکی ڕاستەقینەی مێژووی ئەدەبی کوردی هەموو ژیان و کاتی حەوانەوەی بۆ قەڵەم و کاغەزو نووسین و وانە وتنەوە و توێژینەوەی زانستی تەرخان کردبوو، نەک لە پرێکدا و لە بۆشاییەکدا هەڵتۆقیبێ و سەبارەت بە بابەتەکان بدوێ، خۆی کانگاو سەرچاوە و بناوانی زانست و ئەدەب و خوێندەواری بوو.

پاش ماوەیەک ئاگاداریان کردین کە پێویستە خۆمان بۆ ئەو توێژینەوە زانستییە ئامادە بکەین کە یەکێکە لە ئەرکەکانی قوتابیانی قۆناغی چوارەم

.

مامۆستا (حەمە دلێر ئەمین) کە یەکێک بوو لە مامۆستا بەڕێزەکانمان، دەستە دەستە وتووێژی لەگەڵ دەکردین سەبارەت بەو بابەتانەی کە هەڵیان دەبژێرین. مامۆستا حەمە دلێر سەرپەرشتی توێژینەوەکەی من و چەند قوتابییەکی دەکرد، ڕستێک ناونیشان و بابەتی خستە بەردەستم، وتیشی خۆیشت چ بابەتێک بە خەیاڵتا دێت سەربەستی، بابەتەکان یەکێکیان سەبارەت بە(برایم ئەحمەد ١٩١٤ ـ ٢٠٠٠/٤/٨) بوو کە لەو کاتەدا لە ژیاندا بوو،ئەوەیشی وت گەر دەتوانی لەسەر ئەم بابەتە بنووسە و حەزدەکەم سەبارەت بە شیعرەکانی بنووسی، دواییش وەڵامم بدەرەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی موحازەرەی دکتۆر خەزنەدارمان هەبوو، پێم وت دکتۆر ئەم بابەتەم بۆ توێژینەوەکەم هەڵبژاردووە و تاچ ڕادەیەک سەردەکەوم؟، دکتۆریش وتی : نەخشەی ژیان و کارو هەڵسووڕان و بەرهەمی ئەدەبی (برایم ئەحمەد) فراوانە و تۆ دەبێ چمکێکی هەڵبژێری، منیش وتم مامۆستا (حەمە دلێر) سەرپەرشتی توێژینەوەکەم دەکات و دەڵێ توێژینەوەیەک لە سەر شیعرەکانی بکە.دەستبەجێ دکتۆر وتی: زۆر چاکە و پێویستە باسەکە شتی تازەی تێدابێ و، ئەگەر سەرچاوەیشت ویست ئاگادارم بکەو بۆت دەهێنم، هەنگاو بە هەنگاویش بابەتەکەم، پیشان بدەو ڕێنماییت دەکەم، ئینجا بە قوتابییەکانی وت چ سەرچاوەیەکتان دەست ناکەوێت بەمن بڵێن بۆتان دێنم .

دواتر توێژینەوەکەم تەواو کرد بەناونیشانی (برایم ئەحمەد . دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردییە) و لەکاتی گفتوگۆدا پلەی (نایاب)م وەرگرت



و هەموویان دەستخۆشییان لی کردم .
دوای تەواوبوونی تویژینەوەکە خولیای ئەوە کەوتە سەرم کە باسەکەم بەکتێبێکی سەربەخۆ چاپ بکەم بە دکتۆرم وت دەمەوێ رای بەرێزت وەربگرم، دەمەوێ بابەتەکە چاپ بکەم حەزیش دەکەم پێشەکییەکم بۆ بنووسیت. وەلامەکەی ئەوە بوو، زۆر چاکە و پێشەکییەکت بۆ دەنووسم، چونکە تۆیژینەوەکەی تۆ لە بازنەی باسێکی بەکالوریۆس تێپەڕیوە و هەقی خۆیەتی بچێتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەمەیش ئەو پێشەکییەی دکتۆرە کە لەگەل تویژینەوەکەدا چاپ کرا:

**بە بالا برینێک**

**پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار**

لە کۆمەلگا پێشکەوتووەکانی گیتیدا دەستگای زانستی ـ زانستگە ـ لە هەموو روویەکەوە سەربەخۆو لە سەروو هەموو دەستگاکانی تری کۆمەلەوەیە، چونکە هەر ئەوە دەمێنێ و بە پێی پلەی پێشکەوتنی کۆمەلگە گۆرانی سروشتی تایبەتی بە سەردادێ، دیارە هەر خۆیشی هۆی سەرەکییە لە هێنانەدی ئەو پێشکەوتنەدا. لە زانستگە پێشکەوتووەکاندا لێکۆلینەوەی زانستی بەتایبەتی پلەکانی خوێندنی بالا بە چاوێکی رێزلێنانەوە تەماشا دەکرێن، لە ولاتی ئێمەدا وەکو زۆربەی ولاتانی تر سێ پلەی زانستی هەیە، بەکالۆریۆس و ماجستێرو دکتۆرا، ئەوی راستی بێ لە گەلێ لە بەشەکانی زانستگە نامەی بەکالۆریۆس پشتگوێ خراوە، یان بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، کەچی لە ولاتانی دەرەوە بە چاوێکی بەرز تەماشا دەکرێ، مامۆستای پلە بلند هەیە ئەگەر ناونیشانی نامەو قوتابیەکەی بەدل بێ نامەی بەکارلۆریۆسەکە وەردەگرێ ئاور لە ماجستێرو دکتۆرا ناداتەوە.ئەم نامەیەی بەردەستی ئێمە کە لەبارەی ـ برایم ئەحمەد ـ ە وەیە وەک شاعیرێک لە لایەن ـ ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی ـ یەوە ئامادەکراوە.وەک نامەیەکی زانستی بۆ وەرگرتنی پلەی بەکالۆریۆس لە زمانی ئەدەبی کوردی پێشکەش بە زانستگەی سلیمانی کراوە.ئەڤین رێزی لێ نام و ئارەزووی ئەوەی هەبوو ئەم چەند وشەیەی بۆ بنووسمەوە، چونکە لە سالی خوێندنی ١٩٩٦ ـ١٩٩٧ لە قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی کوردیدا وانەی ـ رەخنەی ئەدەبی ـ م بە خۆی و هاورێکانی وتبۆوە، جگە لەوەیش ئەوەی لە بەرچاو بووە کە من وەک هاورێیەکی دێرینی ـ برایم ئەحمەد ـ لە خەلکی تر نزیکتر بووم بۆ نووسینەوەی ئەم پێشەکییە. ئەم باسەی ئەڤین لە ماوەی سالێکی خوێندن لە بەشی زمانی کوردی بە سەرپەرشتی مامۆستا (محەمەد دلێر ئەمین) ئامادەکرا منیش وەک



مامۆستای چەند زانستگەیەکی ئەم وڵاتە، هەروەها وەک پسپۆڕێکی ئەم مەیدانە نامەکەم خوێندەوە، لە هەموو ڕوویێکی زانستییەوە کارێکی باش بوو، لەکاتی خوێندنەوەیدا هەندێ جار وام دەزانی نامەیێکی پێویستییەکانی بەکالۆریۆس یان لیسانسی دەرەوەی وڵات لە بەردەستمدایە، ئەگەر لە پرێکا هۆشیاربووماوو بمزانیایە کەلە دەرەوەی وڵات نیم نامەکە وەکو نامەی ماجستێر دەکەوتە بەرچاوم.ئەڤین ڕەچاوی هەموو پێویستییەکانی بەرنامەی باسی زانستی کردووە، هەندێ لایەنی ژیانی - برایم ئەحمەد - ی بۆ یەکەمجار ئاشکرا کردووە، جگە لە مە هەندێ هەڵەی بەشێک لە نووسەرانی کوردی لە بابەت - برایم ئەحمەد - وە ڕاست کردووەتەوە.
ئەڤین بەم کارەی توانیویتی نامەیێکی زانستییانە بخاتە نامەخانەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، پیرۆزبایی لێ دەکەم، دوا ڕۆژێکی ڕوونی بۆ دەخوازم لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا.

**٢٢ ئاغستۆسی ١٩٩٧**

**هەولێر - مەڵبەندی ڕووناکی**

بە بۆنەیماڵئاوایی ئەم مامۆستا میهرەبانەوە، هەزاران سڵاو و سرووودو دروود بۆ گیانی پاکی ئەو زانا کورد ویستەی کە تا ژیا بۆ کوردو مێژووی ئەدەبی کوردی ژیا .




| Prof.Dr.Marouf Khaznadar | دوکتۆر مارف خەزنەدار | الدکتور معروف خزنەدار |
| --- | --- | --- |
| Kurdish Language Department | بەشی زمانی کوردی | قسم اللغة الکردیة |
| College of Languages | کۆلێجی زمان | کلیة اللغات |
| University of Salahadin | زانستگای سەلاحەدین | جامعة صلاح الدین |
| Arbil | هەولێر | اربیل |


بە باڵا بڕینێک

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئێستادا دەستگای زانستی - زانستگە - لە هەموو ڕوویێکەوە سەربەخۆ و لە سەروو هەموو دەستگاکانی تری کۆمەڵەوەیە، چونکە هەر ئەوە دەیتوانێ بە پێی پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە خۆیا سروشتی تایبەتی بە سەردا بێ، دیارە هەر خۆیشی هۆی سەرەکی بە لە هێنانە دی ئەو پێشکەوتنەدا.

لە زانستگە پێشکەوتووەکاندا لێکۆڵینەوەی زانستی، بە تایبەتی پلەکانی خوێندنی باڵا بە چاوێکی پیرۆز لێیانەوە تەماشا دەکرێ، لە وڵاتی ئێمەدا وەکو زۆربەی وڵاتانی تر سێ پلەی زانستی هەیە، بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرا، ئەوەی ڕاستی بێ لەگەڵ لە بەشەکانی زانستگە نامەی بەکالۆریۆس پشتگوێ خراوە، یان بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، کەچی لە وڵاتانی دەرەوە بە چاوێکی بەرز تەماشا دەکرێ، مامۆستای پلە بڵند هەیە ئەگەر ناونیشانی نامە و تێزتایبەکەی بە دڵ بێ نامەی بەکالۆریۆسەکە وەردەگرێ و ئاوڕی لە ماجستێر و دکتۆرا ناداتەوە.

ئەم نامەیەی بەردەستی ئێمە کە لە بارەی [illegible] بڕایم ئەحمەدەوەیە وەک شاعیرێک لە لایەن ئەڤین عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجییەوە ئامادە کراوە، وەک نامەیەکی زانستی بۆ وەرگرتنی پلەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی و پێشکەشی بە زانستگەی سلێمانی کراوە.

ئەڤین ڕێزی لێنام و ئارەزووی ئەوەی هەبوو ئەم چەند وشەیەی بۆ بنووسمەوە، چونکە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٦ _ ١٩٩٧ لە قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی کوردیدا وانەی [illegible] پەخشانەی ئەدەبی بووم بە چۆن و هاوڕێکانی

نامەی مارف خەزنەدار بۆ ئەڤین عەبدولقادر بەرزنجی



Prof.Dr.Marouf Khaznadar
Kurdish Language Department
College of Languages
University of Salahadin
Arbil

دوکتۆر مارف خەزنەدار
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی زمان
زانستگای سەلاحەددین
هەولێر

الدكتور معروف خزنه‌دار
قسم اللغة الكردية
كلية اللغات
جامعة صلاح الدين
أربيل

مەزنبوو ، جگە لەوەیشی ئەحمەدی لەبەرچاو بووە کە من وەک هاوڕێیەکی دێرینی براجم ئەحمەد لە هەنگێکی تەنگێتی بووم بۆ نووسینەوەی ئەم پێشەکیە .

ئەم باسەی ئەڤین لە ماوەی ساڵێکی خوێندنی لە بەشی زمانی کوردی بە سەرپەرشتی مامۆستا محەمەد دلێر ئەمین ئامادە کرا ، مێنشی وەک مامۆستای چەند زانستگەیەکی ئەم وڵاتە ، هەروەها وەک پسپۆڕێکی ئەم مەیدانە نامەکەم خوێندەوە ، لە هەموو ڕوویەکی زانستییەوە کارێکی باشی بووە ، لەکاتی خوێندنەوەیدا هەندێ جار وام دەزانی نامەیەکی پێویستییەکانی بەکالۆریۆس یان لیسانسی دەرەوەی وڵات لەبەر دەستمدایە ، ئەگەر لە پێشدا خۆشیار بووبایەوە و بمزانیبایە کە لە دەرەوەی وڵاتن ئەم نامەکە وەکو نامەی ماجستێر دەکەوتە بەر چاوم .

ئەڤین بە چاوی هەموو پێویستییەکانی بەرنامەی باسی زانستی کردووە ، هەندێ لایەنی زمانی براجم ئەحمەدی بۆ یەکەمجار ئاشکرا کردووە ، جگە لەمە هەندێ هەڵەی پەشێتی لە نووسەرانی کوردی لە بابەت براجم ئەحمەدەوە ڕاستکردووەتەوە .

ئەڤین بەم کارەی توانیویەتی نامەیەکی زانستیانە بخاتە نامەخانەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە . پیرۆزبایی لێ دەکەم ، داوای ڕۆژێکی ڕووناکی بۆ دەخوازم لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا .

هەولێر ٢٢ی ئاغستۆسی ١٩٩٧


دوکتۆر مارف خەزنەدار
پرۆفیسۆر لە زانستگەی
سەلاحەددین ـ هەولێر
M Khaznadar

نامەی مارف خەزنەدار بۆ ئەڤین عەبدولقادر بەرزنجی
١٩٩٧/٨/٢٢ هەولێر



# پانۆرامای ژیانی پرۆفیسۆر خەزنەداری زیندوو!!

**جەمال خەزنەدار**



**بەڕاستی نازانم بڵێم چی؟ ئەرێ ڕاستە مارف خەزنەدار مردووە؟**

باوەڕناکەم. نا.. مارف خەزنەدار زیندووە! تەنیا من ناڵێم زیندووە، بەڵکو هەموو خەڵکی نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار دەڵێن زیندووە! مێژووی ئەدەبی کوردی بەدرێژایی هەزار ساڵ زیاتر، دەڵێ زیندووە..

کتێبی "أغاني کوردستان" کە پێشەکی زانایەکی گەورەی میسری پرۆفیسۆر عەبدولحەلیم ئەلنەجار نووسراوەو لەساڵی ١٩٥٦ بەخۆم سەرپەرشتی چاپم کردووە، دەڵێ: خەزنەدار زیندووە. نا لەوکاتەدا، کە کتێبی "أغاني کوردستان"ی بڵاوکردەوە، وەزیری ناوخۆی عێراقی ئەودەم، ڕەحمەتی سەعید قەزاز، لەنامەیەکی بۆ خەزنەدار دەنووسێ: پیرۆزبابیت لێدەکەم بۆ ئەم بەرهەمە بایەخدارەت، خوا بەرخوردارت بکا بۆ کوردو کوردستان، ئەگەر میللەتی کورد چەند نووسەرێکی وەک تۆی هەبووایە، کارەکانی بەرەو پێشتر دەچوو، لەناو میللەتانی دنیا چاکتر دەناسراو، زووتر دەبوو بە شت!

بەڕاستی زۆر حەزم دەکرد، مارف خەزنەدار، برام نەبوایە، بۆئەوەی



بمتوانیبووایە خەزنەداری شاعیر، خەزنەداری رۆژنامەنووس، خەزنەداری چیرۆکنووس، خەزنەداری رەخنەگری ئەدەبی، خەزنەداری نووسەر، خەزنەداری زاناو، خەزنەداری ئەکادیمی، خەزنەداری پرۆفیسۆر، بەچاکی بنرخێنم و هەقی خۆی بدەمێ، وەک زانایەک لەم بوارانەدا.



لای راست عوسمان چەخماخچی لای چەپ جەمال خەزنەدار
لە پێشەوە جەودەت خەزنەدار - 1944

بەراستی نازانم بڵێم چی باسی چی بکەم؟

باسی دۆستایەتی مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، مێژوو نووسی گەورەی کورد، لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەو قسە خۆشەکانی کە ئاراستەی کاکمی دەکرد. باسی چی بکەم؟

باسی خوێندنی دواناوەندی لە کەرکووک و ئەو رۆژە رەشە بکەم، کە لە کەرکووک گیراو شەش مانگ حوکمی عورفی درا.. باسی ئەوە بکەم هەموو سەری مانگان لە هەولێرەوە باوکم دەیناردمە بەغدا بۆ مواجەهەی مانگانە لە حەپسخانەی ناوەندی بەپارەو پوول..

باسی دۆستایەتی مامۆستا گۆران و هاتووچۆکردنی بۆماڵی ئێمە لە هەولێر بەغدا. باسی چی بکەم؟

باسی ئەورۆژە بکەم، کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، بە فەرمانبەر دامەزرا. باسی ئەوە بکەم کە بە تەقریری ئەمنی هەولێری ئەوسەردەمە گواسترایەوە بۆ لیوای کوت، چونکە خزمەتکردنی هەولێری خەتەر بوو. باسی دۆستایەتی زانایان تۆفیق وەهبی و رەفیق حیلمی لە بەغدا بکەم. باسی خوێندنی کۆلێژی ئادابی بەغدای بکەم. باسی چی بکەم؟





د.مارف خەزنەدار لەگەڵ باوکی 1938

باسی گۆشەی"خۆراکی گـیـان"ی، کـە لـە رۆژنـامـەی"ژیـن"ی هـەفتانە دەیـنـووسـی، بەشیر موشیر لە بەغدا بە مەقەستەکەی رەقابە، وێنەکەی کاکمی لەسەر رۆژنامەکە دەقرتاندو دەیگوت:رەقابەبریویەتی، باسی چی بکەم؟ باسی پێشەکییەکەی دیوانی شێخ مـەحـموودی زینـدووی حەمە سالح دیلان بکەم. یـاخـود پێشەکییەکەی دیوانی هەردی و دیوانی شێخ سـەلام و دیوانی پاش تەمموزی مامۆستا رەفیق حیلمی بکەم. باسی چی بکەم؟.

بـاسـی ژنـهـێـنـان و راوەستانم بەرامبەر قازی هەولێر لەجیاتی کاکم بۆ مارەکردنی دایکی میدیاو ئاهەنگی گواستنەوەو بەشداربووی گۆرانیبێژی زیرەک، حەسەن زیرەک لە ئاهەنگەکەی بکەم، باسی چی بکەم؟

باسی پرۆژەی گۆڤاری"شەفەق"ی شێخ عەبدولقادری بەرزنجی لە کەرکووک، کە چرایەکی رووناکی ئەدەبی و رۆشنبیری سەردەمی خۆی بوو، بکەم، باسی چی بکەم؟

باسی دۆستایەتی مارف شێخ بەرزنجی و شێخ حوسێنی بەرزنجی و سەمەدی خانەقاو عەزیزی خانەقا نەکەم باسی چی بکەم؟

باسی بەجێهێشتنی ژن و میدیاو دایک و براکانی و خوشکی و چوونە سۆڤییەتی بۆ خوێندن، نەکەم، باسی چی بکەم؟

باسی چاپکردنی کتێبی"کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا"کە هێشتا کاکم لە سۆڤییەت بوو لە بەغدا بژیم، چاپکرد، نەکەم، باسی چی بکەم؟





لە چەپەوە بۆ راست فازیل شەوکەوت، یوسف جەمیل میران، مەحمود دیمرچی، عومەر رەشید گەردی لە پێشەوە نازم شەوکەت 1946

باسی سووتانی کتێبخانەکەی بەغدامان لە رۆژی رەشی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی نامەکانی کە لە سۆڤییەتەوە بۆی دەناردم، کە زیاتر لە ١٠٠نامەیە، نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی گەران و سوران بەدوای ئەو سەرچاوەو کتێبانەی، کە لە سۆڤییەتەوە داوای دەکردن، نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی گەرانەوەی لە سۆڤییەتەوەو هێنانی دیاری لە خێزانی قەناتی کوردۆ بۆ بارزانی نەمر و نامەکەی بارزانی بۆ کاکم، کە تێیدا دەڵێ: لەخودا داوا دەکەم گەلێک گەنجی وەک تۆ لەکورد پەیدا ببن و بتوانن خزمەت بە گەلە لیقەوماوەکەی خۆیان بکەن، باسی نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی دامەزراندنی بە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو پێکهێنانی ماڵ بۆجاری پێنجەم، نەکەم، باسی چی بکەم؟
بۆ یەکەمینجار لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، باسی راگەیاندن تۆمارکردن و سەلماندنی ٢٢ی نیسان بەجەژنی رۆژنامەگەریی کوردی نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی پرۆژەی گۆڤاری "دەفتەری کوردەواری" و ئەو ئامانجەی بۆی دانرابوو، کە بریتی بوو لە دروستکردنی ئاڵای کوردستان، بێ ئەوەی حکومەتی بەغدا هەستی پێ بکا. بەوەی کە ژمارە"١"یەکی بە رەنگی"سوور" و ژمارە"٢"دووی بە رەنگی"سەوز و کەسک"و ژمارە"٣"سێی بە رەنگی"زەرد"بڵاوکرایەوە، کارەکە بەبێ دەنگی و بە کپی گەیشتە ئامانج.





لای ڕاست مارف خەزنەدار ، ئەنوەر حەمەد ئەمین دزەیی ، سالم ناسح حەیدەری 1947

ئەگەر باسی ئەوە نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی دامەزراندنی بیرۆکەی یەکێتی نووسەرانی کورد، بەری بەیاننامەی"١١"ی ئازاری ١٩٧٠ نەکەم، باسی چی بکەم؟
ئەگەر باسی دامەزراندنی یەکەمین گۆڤاری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی بەزمانی کوردی، بەناوی گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیاتەوە، نەکەم، باسی چی بکەم؟
ئەگەر باسی ڕەتکردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو خانەنشینکردنی کاکم نەکەم، باسی چی بکەم؟
ئەگەر باسی چوونە جەزائیری و دامەزراندنی بە مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی عەننابە، نەکەم، باسی چی بکەم؟
ئەگەر باس لەو"٥٧" نامەی لە جەزائیرەوە بۆی ناردووم کە هەمووی باس لە بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی ئیرە دەکات، نەکەم، باسی چی بکەم؟
ئەگەر باسی قوتابییە زیرەک و بە ئەمەکەکانی وەک: مەحموود زامدار و وریا عومەر و دلشاد مەریوانی و ئەحلام مەنسور و ڕەفیق سابیر و فەریاد فازیل و سامی شۆڕش و شیرین ک و ئەنوەر محەمەد و بەدران حەبیب و نەوزاد و جەمال و ئیسماعیل و زۆرانی نەکەم، باسی چی بکەم؟
باسی گەڕانەوەی خەزنەدار بۆ زانکۆی سەڵاحەددین لە هەولێر، بۆ ئێوەی دەهێڵمەوە. سوپاستان دەکەین.

**هەولێر ٢٠١٠/١٢/٥**



# مامۆستا مارف خەزنەدار بلیمەت بوو

**د. کەمال مەعروف**



لە ڕاستەوە مارف خەزنەدار ، د.مەولود ئیبراهیم ، د. محەمەد فازل ، د. حەمە دلێر میسری ، د. کەمال مەعروف

لە مێژووی ئەدەبی کوریدا، د. مارف خەزنەدار ڕەمزێکی دیار و بلیمەتێکی بێ وێنە بوو، گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی ئەدەب و زانست بوو. هەموو خۆشی و شادی ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی کەلەپووری میللەتەکەی تەرخان کرد. سامانێکی وای لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، کە نەوە دوای نەوە شانازی پێوە بکات. شاکارەکانی سەرچاوەی بەنرخن بۆ توێژەرانی ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی لاشەکەی مامۆستا مارف لە پارچە زەوییەکی بچووک رادەکشێ، بەڵام گیانی لەئاسمانی کوردەواریدا بەرز و باڵا نوما دەکشێ، ئەوەی لە نزیکەوە ئەم کەڵە پیاوەی ناسیبێ، دەزانێ کە چەند تەقەڵاو کۆششی بێ وچان و شەونخوونی دەکرد بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدەبی نەتەوەکەی. لەهەر شوێنێک بەڵگەنامەیەکی بەنرخ و کتێبێکی دانسقەی بەرچاو کەوتایە کۆی دەکردەوەو دەیخستە نێو کتێبخانە زەنگینەکەیەوە. مامۆستا مارف لە زمان و ئەدەبی کوردیدا پڕ ئەزموون و شارەزا بوو. بەرهەمە ڕەنگینەکانی شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن، کە چەند بەهرەدار و پڕ لە هزری رۆشنبیری بوو. خاوەن بەرنامەو





د. کەمال مەعروف و عارف خەزنەدار - پاریس

پرۆژەی دیاریکراو بوو، نووسینەوەو بەچاپ گەیاندنی حەوت بەرگی مێژووی ئەدەب و چاپکردنی پێنج بەرگی رۆژگاری من و دوو بەرگی تریشی لە سەرەتای سالی ٢٠١١ دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران، لێهاتوویی و بەتوانایی ئەم زاتە بەدەر دەخەن، لە بوارەکانی تریش بەتایبەتی چیرۆک نووسینی و رۆژنامەگەریی و وەرگێران و ناساندنی گەلی کورد بە گەلانی دنیاو بەزمانانی عەرەبی و رووسی شوێن پەنجەی گەشی دیارە، ماندووبوونی بەردەوام مامۆستای گەیاندە لووتکەو شوێنێکی گرنگی لە بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریدا بۆخۆی داگیرکرد، پایەکی بەرز و شوێنێکی تایبەتی لە دل و دەروونی دۆست و هاورێیانی کردبۆوە، لەگەل دۆست و برادەرانی زۆر بەوەفا بوو، بێ فیزبوو، خاوەن هەلوێست و نەفس بەرز بوو...

**چۆن مامۆستام ناسی**

بەهاری سالی ١٩٧٤ پاش ئەوەی رژێمی فاشستی بەغدا لە رێککەوتننامەکەی یازدەی ئازار پاشگەز بۆوە، رەوشی کوردستان رۆژ بەرۆژ بەرەو نالەباری دەچوو، خەلکی کوردستان بەگشت چین و توێژەکانییەوە، دەستە دەستە روویان کردە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستان، رادیۆی دەنگی کوردستان رایگەیاند کە زانکۆی کوردستان بە سەرۆکایەتی د. کەمال فوئاد لەشاری قەلادزێ کرایەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی عێراق و سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەشاری قەلادزێ کۆبوونەوە، ئێمەی خوێندکار لە فەرمانگەی




ئینحساری تووتن شوێنیان بۆ دابین کردین، بەو هیوایەی لە زانکۆی کوردستانی ئازاد درێژە بەخوێندن بدەین، لە کاتژمێر یانزەی شەوی٢٣/ ١٩٧٤/٤ فرۆکەیەکی دوژمن ئاسمانی شارەکەی رووناک کردەوە، هەر هەمان شەو خەبەریان کردینەوە کە دەبێ شاری قەلادزێ چۆڵ بکەین، چونکە بۆ بەیانی شار بۆردومان دەکرێ، ئێمەی خوێندکارانیش چووینە دەرەوەی شار، کاتژمێر نۆی بەیانی بۆ نانخواردن بەرەو شار هاتینەوە، لە ١٩٧٤/٤/٢٤ کاتژمێر ٩،٢٠ دوو فرۆکەی دوژمن بە بۆمبای ناپالم شاری قەلادزێیان وێرانکرد، بەدەیان شەهید و بریندارى لەدوای خۆی بەجێهێشت، لەوانە چەند خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانی وەک: حەمە سالح سامسام و ئازاد حوسێن و هیوا عەبدولغەفور و سەروەر عەلی قادر و بورهان شاسوار بوون، بەمەش دوژمن لاپەرەیەکی رەشی تیرۆری زانستی تۆمارکرد، هەزار سڵاو لەگیانی نەمری شەهیدانی زانکۆی سلێمانی و قەلادزێی خۆراگر.. پاش بۆردومانکردنی قەلادزێ، لەلایەن رژێمی گۆربەگۆرەوە لێبووردەیی بۆ خوێندکاران دەرچوو، بەشێکی زۆری خوێندکاران بۆ زانکۆکانی عێراق و زانکۆی سلێمانی گەرانەوە، بەشێکی کەمیش لە خوێندکاران چوونە گوندی"ئاودالان"، کە کەوتۆتە سنووری ئێران و سەر بەشاری قەلادزێیە لەوێ بەشداری دەورەی دژە فرۆکەیان پێکردن و بوون بە پێشمەرگە..



لە راستەوە مەحمود لەوەندی ، مارف خەزنەدار ، کەمال مەعروف





مارف خەزنەدار و د.کەمال مەعروف

ئێمەش کە لەپۆلی چوار بووین، گەراینەوە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی و لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ د. مارف خەزنەدار و چەند مامۆستایەکی تر لە زانکۆی بەغدا دەهاتن و وانەیان پێ دەوتین، د. مارف خەزنەدار لە محازەرەکانیدا، رۆژێک باسی حاجی قادری کۆیی دەکرد، وتی: حاجی غەزەلەکانی لە پلەیەکی بەرزدایەو شیعرە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکانی لە فۆلکلۆرەوە نزیکن، منیش دەستم بەرزکردەوەو وتم: مامۆستا ساکاری و سادەیی شیعرە نیشتیمانییەکانی حاجی زۆر لە فۆلکلۆرەوە دوورن، ساکاریکە وەکو پەیامێک خۆی مەبەستی بووە، چونکە حاجی زانیویەتی کە میللەتەکەی لەرووی خودی و بابەتییەوە لەدواوەیە بۆیە هاتووە لە پلەی شاعیریتی خۆی دابەزاندووە تاوەکو لە هۆنراوەکانی بگەن، ئەگینا شیعرە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکانی پاش غەزەلەکانی وتوون بەتایبەتی کە چۆتە ئەستەمبوڵ، بنکەیەکی هزر و رۆشنبیری بووە، دیارە ئەستەمبوڵیش کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر بیرو هزری حاجی قادر و لە شیعریشدا فەرهەنگێکی شیعری نوێی داهێناوە، شیعری لە قالبی کۆن تێکداوەو لە زمانی خەڵکی نزیکی کردۆتەوە، دیارە مامۆستا مارف ئەوکات لەگەڵ راکەی من ناکۆک بوو، پاشان وردە وردە لێکتر نزیک بووینەوە تا وەکو هاوڕێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، کە دیوانی نالی لەساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا دەرچوو، دانەیەکی بەدیاری بۆ هەناردم، منیش هەرکە سەردانی بەغدام بکردایە، یەکسەر بۆ بەشی کوردی بەغدا دەچووم و چاوم بە مامۆستا مارف و هاوڕێیان دلشاد مەریوانی و رەئوف حەسەن دەکەوت، هەر لەبەغدا هاوڕێ رەئوف حەسەن مامۆستای خۆشەویست د. ئیحسان فوئادی نەمری پێ ناساندم، مامۆستا مارفم کەوتە بەردڵ، کە لیدوانێک لە





هۆنراوەکانی رۆستەم حەویزی شاعیرم لەساڵی ١٩٧٧ بەچاپ گەیاند و دانەیەکم بۆ مامۆستا مارف نارد، مامۆستا مارف لە ١٩٧٧/٥/١٩ بە نامە وەڵامی دابوومەوەو نووسیبووی: بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا کەمال مستەفا مەعروف پێشکێشە، هیوام وایە لەخۆشیدابی، لە خزمەتی ئەدەبی نەتەوەکەت دوانەکەوی، دانەیەک لە دیارییە بە نرخەکەت "لێدوانێک لە هۆنراوەکانی رۆستەم حەویزی" شاعیرم پێگەیشت، زۆر سوپاست دەکەم، هیوام وایە لەدوارۆژدا، بەرهەمی تریش پێشکەش بکەی، دووبارە زۆر سوپاس، دڵسۆزت مارف خەزنەدار.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لە سوید وەکو پەناهەندەیەکی سیاسی گیرسامەوە، لەساڵی ١٩٨٤ زانیم کە مامۆستا مارف لەساڵی ١٩٨٣ەوە هاتۆتە جەزائیر و لەزانکۆی عەنتابە وانە دەڵێتەوە، نامەیەکم بۆ نارد لە ١٩٨٤/٤/٢٩ وەڵامەکەی گەیشت، نووسیبووی: بۆ برای خۆشەویستم کاکە کەمال پێشکێشە، چاوەکانت ماچ دەکەم، هیوام وایە لەکار و کردەوەتدا سەرکەوتوو بی و لەژیانتا بەختیار بی، نامەکەتم بەدەست گەیشت گوشادی کردم، منیش کە هێشتا لە نیشتیمان بووم لە هەواڵتم پرسی، وتیان: لە سویدی، لەپاش ئەوە برایێکی کۆیە هاتە لام لەماڵەوە و داوای وتارەکەی "دڵدار"ی کرد، کە لە گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات بڵاوکرابۆوە، دانەیەکم دایە کە بۆتی رەوانە بکا، لەرێگای ئەو برادەرەشەوە دووبارە زانیم لە سویدی، بەڵام ناوونیشانتم نەدەزانی زۆر سوپاس کە نامەت بۆم نووسی، دەستت خۆشبی، ئەوەی من بیزانم بە زمانی بێگانە هیچ شتێک لەبارەی دڵدارەوە نەنووسراوە، تەنیا بەزمانی رووسی نەبێ، ئەویش تەنیا نووسینەکەی من هەیە، لە بابەت ئەوەشەوە نازانم پێویستت بەوە هەیە ئەوەی من لەسەر دڵدارم نووسیوە بکرێ بە کوردی یا نا؟ لەم بابەتەوە بۆم بنووسە من ئامادەم لێرەوە هەرچی بە رووسی لەسەر دڵدار لە کتێبەکەمدا نووسراوە بۆتی بکەم بە کوردی و رەوانەی بکەم، دەستخستنی ئەو ژمارەیەی "المعلم الجدید" کارێکی گرانە، چونکە لێرە لام نییە، بەڵام تۆ تەنیا لە بیبلۆگرافیا دەتوانی پەنجەی بۆ درێژ بکەی، باوەرناکەم زانیارییەکی یەکجار گرنگی تێدابێ، ئەوەی لەبیرم بێ هەرچی بیروڕای گرنگ هەیە لە وتارەکەی "المعلم"دا من خستمە ناو وتارەکەوە، ئەو وتارە لەگەڵ هەموو وتارە زانستییەکانی ترم ئێستا لە بەغدا لەناو کتێبێکی گەورەدا لەژێرچاپدایە، دوای دەرچوونی دانەیێکت بۆ رەوانە دەکەم، هەرچی لەسەر دڵدار نووسرابێ من لە وتارەکەی گۆڤاری پەنجەم بۆ درێژکردووە ئیتر کاکی برا، تێبینی و پێشنیارم لەم لایەنەوە ئەوەیە





ئەگەر بۆت دەکرێ باسەکەت پێش کۆتایی هەمووی بەجارێک یا پارچە پارچە نامەی تۆمارکراو بۆمن رەوانە بکە، بەڵکو من بتوانم بۆتی بژار بکەم، چونکە زانیاریم زۆرە لەبابەت دڵدارەوە، ئەو ئەرشیفەکەی تائێستا هەر لای منە لەهەولێر، دووبارە چاوەکانت ماچ دەکەمەوە، بۆ هەموو یارمەتییەک ئامادەم، هەتا ئەگەر راپۆرت و باوەڕنامەی زانستیشیان لێت بوێ من دەتوانم بە رەسمی لێرەوە بنێرم، چونکە لەقەبی تەواوی پرۆفیسۆرم هەیە لە زانستگای عەننابە.

برات مارف خەزنەدار.

کە ساڵی ١٩٨٥ دەستم بە خوێندنی ماستەر کرد لەسەر دڵداری شاعیر، مامۆستا جۆیس بلۆیان کردە سەرپەرشتیاری کارەکەم، مامۆستا جۆیس زۆر لەگەڵم ناکۆک و توونددوتیژ بوو، منیش مامۆستا مارفم بە نامەیەک لە نەگونجانی جۆیس بلۆ ئاگادارکردەوە، لە ١٩٨٦/٥/١٠ وەڵامی مامۆستا مارف گەیشت. نووسیبووی: چاوەکانت ماچ دەکەم هیوادارم هەردەم لەخۆشی و کامەرانیدابی، لە ئیشوکاری زانستی خوێندن سەرکەوتووبی، سوپاسی بێ پایانت پێشکەش دەکەم بۆ ئەو دیارییە بە نرخەی کە بۆمنت نارد، ژمارە دووەمی هیوا. کاکی خۆم، پێویستە نێوانی خۆت لەگەڵ هەموو زاناو مامۆستایێک باش بێ، بەتایبەتی جۆیس بلوو، لە زۆرشت دەبێ قسەی لەگەڵ بکەی، چونکە قوتابی هەرچەندە زیرەکیش بێ هەر قوتابییەو مامۆستاش مامۆستایە، دیارە مەبەستیشم لەوەیە کە مەسەلەی عیلم و شارەزایی دەبێ قوتابی حیساب بۆ مامۆستا بکات، جۆیس بلوو وەکو من بیناسم پێشکەوتووخوازە ئەوپەری چەپە، باوەڕناکەم لە مامەڵەکردندا لەم لایەنەوە قورس بێ، هەرچی مەسەلەی عیلمیشە دیارە ئەمەیان هیچ پەیوەندییەکی بە پێشکەوتنخوازی و کۆنە پەرستییەوە نییە، ئەمەو ئەگەر حەزیش بکەی من دەتوانم لەم لایەنەوە قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەگەر ئارەزووتە بۆم بنووسە من ئاگاداری دەکەم، هیوادارم هەواڵی خۆشەویستی ببیستم لە بابەت خوێندن و گوزەرانییەوە، سڵاوم بۆ هەموو دۆست و هاورێیان، ئیتر بەخۆشی و شادی بژی.

برات مارف خەزنەدار.

لەناوەراستی مانگی نۆفمبەری ساڵی ١٩٨٦ بەرگریم لە ماستەرنامەکەم کرد، کە لەسەر دڵداری شاعیر بوو، بۆ ئەم مەبەستەش نامەم بۆ مامۆستا مارف هەنارد، لە ١٩٨٨/١٢/٣٠ وەڵامی دامەوەو نووسیبووی چاوەکانت ماچ دەکەم، هەواڵت دەپرسم و هیوادارم لەخۆشیدابی، نامەی رۆژی ٢/٨/ ١٩٨٧ت بەدەستم گەیشت، زۆر سوپاست دەکەم، لەکاتی خۆیدا کە لەپاریس





بووی و لە ٢١ی سێپتەمبەر نامەت بۆمن نارد، ئەو نامەیەم بەدەست گەیشت، ئیتر تۆ دوو ناونیشانت بۆم نووسیبوو، هی پاریس و هی سوید، ئیتر منیش دەستبەجێ وەڵامم بۆت نووسییەوەو بەهۆی "فرانسواز"بۆتم رەوانە کرد، تەبریکت دەکەم بۆئەوەی بەسەرکەوتوویی بەرگریت لەکارەکەتدا کرد، هیوادارم بەپلەی تریش سەرکەوی، لە بابەت کارتێکردنی ئەدەبی ئەورووپی بۆسەر ئەدەبی کوردی، کەرەستەو سەرچاوەی باش لە ژمارەکانی "گەلاوێژ"ەوە دەدۆزیتەوە، ئەگەر لەبەردەستت بێ، چونکە گەلاوێژ ئەدەبیاتی ئەورووپی بەتایبەتی چیرۆکی وەردەگێرایە سەر زمانی کوردی، ئەوەی من باسم کردووە، شتێکی کەمەو پەنجەم بۆ گەلاوێژ درێژکردووە، کە رۆڵێکی باڵای هەبووە، لە ناساندنی ئەدەبی ئەورووپی بە کۆمەڵی کوردەواری، ئیتر هیوادارم لە هەڵسوکەوتی خۆت هەمیشە ئاگادارم بکەی، سەرکەوتن و بەختیاریت بۆ دەخوازم، بەخۆشی و شادی بژیت.

برات مارف خەزنەدار.

ساڵی ١٩٩٣ لە سویدەوە بەرەو کوردستان گەرامەوە، تاوەکو لە زانکۆی سەلاحەددین کاربکەم، مامۆستا خەزنەدار ژوور بەژوور فەرمانی دامەزراندنەکەمی دەگەراند، ئەوەبوو لە کۆلێژی بەشی کوردی دامەزرام، قەت ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی لەیاد ناکەم، کە لە کۆلێژ دەستبەکاربووم، بەبەردەوامی چاومان بە یەکتر دەکەوت، زوو زوو سەردانی ماڵەوەیانم دەکرد.

ساڵی ١٩٩٥ کە "دراسة عن اعمال كوران الادبية"م ئامادەکرد بۆ چاپ، داوام لە مامۆستا خەزنەدار کرد کە بۆ بیرەوەری پێشەکییەکی بۆ بنووسێ، مامۆستا مارفیش بە خۆشحاڵییەوە پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسی، ساڵی ١٩٨٧ کە لەپاریس بووم، لەگەڵ پرۆفیسۆری مێژوو محەمەد شێخ موس گوزێل لە زانکۆی پاریسی حەوت ماجستێریکم لەسەر ناسینی جیهانی سێیەم بەئەنجام گەیاند، کە دەربارەی گەلە چەوساوەکانی جیهان بوو، وەکو کێشەی بیابانی رۆژئاوا، مەکەدۆنیا، وڵاتی باسک و بەربەرەکان... هتد.

کە گەرامەوە ناو بەناو وتارم لە گۆڤارەکانی وڵات لەسەر ئەو گەلە بەشخوارانە بڵاو دەکردەوە، ساڵی ١٩٩٩ لەژمارە "١٤٠"ی گۆڤاری کاروان بابەتێک لەسەر کێشەی مەکەدۆنیا بڵاوکردبۆوە، ئیسماعیل بەرزنجی دانەیەکی لە گۆڤاری ناوبراو بۆ مامۆستا مارف بردبوو، مامۆستا مارفیش سەیری لاپەرەکانی کردبوو، مەکەدۆنیای بەرچاو





دەکەوێ و دەڵێ: ئەوە چییە؟ کەمال و مەکەدۆنیا، بابە پێی بڵێ با واز لەم شتانە بێنێ.
بیرەوەرییەکانی بەناوی رۆژگاری من لەساڵی ۲۰۰۹ بەرگی یەکەم و دووەم، سێیەم و چوارەم و پێنجەم لەساڵی ۲۰۱۰ کەوتە بازارەوە، رۆژگاری من بەش بەحاڵی خۆم بە رۆمانی مێژوویی کەسایەتی دادەنێم لە ئەدەبی کوردیدا، بابەتێکی بەپێزو داهێنەرە، مامۆستا مارف رووداوی ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ رووداوەکانی گشتی سەردەم ئاوێتە کردوون، بەشێوەیەکی هونەری سەرنجراکێش خستۆتە روو، کە داهێنانی فرە شێوازی بەخۆوە گرتووە.
لەساڵی ۲۰۱۰دا کە ساڵێکی نەهات بوو، مامۆستا نەخۆش کەوت، بەبەردەوامی سەردانیم دەکرد و لەهەواڵی تەندروستیم دەپرسی، لە ۲۰۱۰/۱۰/۲۱ مامۆستا مارف تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: دیار نی، وتم: مامۆستاگیان پێش چەند رۆژێک لەگەڵ د. مەولود و د. ئیدریس هاتین بۆ ماڵتان و وتیان مامۆستا زۆر نەخۆشە، بۆیە نەمانتوانی چاومان پێت بکەوێ، ۲۰۱۰/۱۰/۲۲ لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ سەردانی مامۆستام کرد، مامۆستا خەزنەدار لەژوورەوە درێژ ببوو، خۆی باوەش دەکرد کەمێک تای هەبوو، چەند دانەیەکیش لە بەرگی پێنجەمی رۆژگاری من لەبەردەمی بوو، پاش هەواڵپرسین مامۆستا دوو دانەی لە رۆژگاری من بەرگی پێنجەمی پێشکەش کردم و وتی: دانەیەک بۆخۆت و دانەیەکیش بدە بە عومەر مارف بەرزنجی، لە مامۆستام پرسی بۆ بەرگەکانی تر، وتی: بەرگی شەشەمیش پێداچوونەوەم بۆ کردووە، بەرگی حەوتیش نووسراوەو لەساڵی ۲۰۱۱ هەردوو بەرگ پێکەوە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، مامۆستا مارف وتی: سەدو پەنجا دانەم لە بەرگی پێنجەمی رۆژگاری من بە ئەحمەد حوسێن بۆ عومەر عەبدولرەحمانی کتێبخانەی سلێمانیم نارد، تۆ سەد و پەنجا دانە لەگەڵ خۆت بۆ کتێبخانەی ناوبراو ببە، لەکۆتاییدا راستیان گوتووە: مرۆڤی بلیمەت بۆ خودی خۆی ئاژێ، مامۆستا مارفیش یەکێک بوو لە وجۆرە کەسایەتییانە، کە خاوەن پەیام بوو، لەو پێناوەشدا لە داهێنان و کارکردندا بوو، تەنانەت هاوسەرەکەشی سەعدیە خان، سەرقاڵ و گیرۆدەی کارەکانی خۆی کردبوو، زۆرجار سەعدیەخان لەلای من دەیوت: لەبەر مامۆستاتان ناتوانم بۆ هیچ شوێنێک بچم، ئەگەرچی مامۆستا مارف زیاد لە پێویست خۆی ماندوو دەکرد، بەڵام بەرهەمەکانی حەسانەوەو ئەمری پێ بەخشی، تا دوا هەناسەی قەڵەمە بە برشتەکەی لە نووسین نەکەوت، هەتا دنیا دنیایە مامۆستا



# کەی بەهاریان دێتەوە

**ستران عەبدوڵڵا**



لەم چەند رۆژەدا دیارییەکی بەنرخی مامۆستا مارف خەزنەدارم بەدەست گەیشت، بەشی پێنجەمی (رۆژگاری من) وێستگە جیاجیاکانی رۆژگاری م. خەزنەدارە ئەو دەمەی لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا خوێندکاری ئەدەبیاتی کوردی بوو. وێنەیەکی ئەو رۆژگارەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراستە کە چەتریان بۆ بارانی مۆسکۆ هەڵدەدا. لە ئۆزبەکستان تا ئۆکرانیا. تا یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا و ناوەندی رۆشنبیری کوردی سۆڤیەت. دیتن و سەرنجەکانی رووناکبیرێکی کورد سەرنجراکێشە بە تایبەتی بۆ چەپە ئاخر زەمانەکانی وەک ئێمە کە نە سۆڤیتی هاورێ لینین و نە روسیای قەیسەر پۆتینمان بینیوە تا بەراورد بکەین. لەم دونیای فرە شەپۆلی کتێب و میدیاکاندا گێرانەوە لەزمانی کوردیکەوە وەک وەرگرتنی ئەمانەتێکە لە دەستی یەکەوە. راستگۆترە لە هەر گێرانەوەیەکی دیکەی متمانە پێنەکراو.

ئەم روسیای عەزیمولشەئنە چی کرد و چی دەکات؟ دەورانێک سایەی قەیسەر کە دوعای پیسی راسپۆتین و نعرەتەی بەلشەفیکەکان سەرنگونیان کرد. زەمانێک حوکمی کۆمۆنیزم کە دکتۆر ژیڤاکۆ لێی چوو بەقینا. (د.مارف کتێبێکی پڕ زانیاریشی لەسەر ئەم رۆمانەی باسترناک هەیە)



ئینجا گۆرباچۆف کلیلی قەڵاکەی تەسلیمی یەڵتسن کرد. پێش ئەوەی پۆتین ئەوەی ماوە لەعەرش و هەیبەت و کبریای ئیمپراتۆریای سوور خڕ بکاتەوە و تلبوونەوەی کلۆ بەفری شکست لە شوێنێکدا رابگرێت.

ئێمە ئەم شتانە لەسەر ڕوسیا دەزانین و وەک سەردەقشکێنانی کاروانی خوێندکاری کورد بە چاو هیچیمان نەبینیووە. بیستوومانە و خوێندومانەتەوە لە قەومانی تریشدا ڕوسیا ڕابۆتەوە. ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی)ی تۆلستۆی بەرەوانی پێمان دەڵێ ژەنەراڵی بەفر پێشی بە ملهوڕی ناپلیۆن پۆناپارت گرت و ئەم ئیمپراتۆرە کەم حەوسەڵەیە دەرەقەتی سەبری ئەیوبی میللەتی ڕوسیاو دانایی قەیسەرەکەی، ئەسکەندەری یەکەم، نەهات. هەروەها ئەدەبی جەنگی دوای شەڕی جیهانی کە تائێستاش ئەوەی میدڤیدیڤیش پێی دەڵێن شەڕی مەزنی نیشتمانیی، لە بچوکترین چیرۆکییەوە تا ئۆڤلێتەکانی، بەشانازییەوە حەشری بەفری ڕوسیاو موقاوەمەتی میللەتی سۆڤێت دەگێڕێتەوە. کارێک کە بەفر و ڕووس بە هیتلەر و سوپای نازییان کرد سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ڕاستە ئۆردوی ئایدۆلۆژی سوور لەبەردەم دادگای مێژوودا قەرزی زۆری لەسەر شانە. بەڵام میللەتی بەشانوشەوکەت لە دوو سەدەدا دوو سەروەری وەک تەمبێکردنی ناپلیۆن و هیتلەری بەسە تا نازناوی بەشانوشەوکەت وەربگرێت.

جا ئەم ڕوسیایەی ئەمڕۆ زەخم و برینی هەیە. لە جێی جەنەراڵ بەفر کە قەپۆزی هەرەشەی دەرەکی دەشکاند. جەنەراڵێکی لەناکاو بۆتە خۆرەی گیانی و لە ناوەوەی وڵات هەڕەشە لە سەبر و شوکرانی بژێری دەکات. جەنەراڵ گەرما، بە چل پلەی سەدییەوە، چل ئەستێرەی تورەیی سەر شانییەوە. پایتەختی لە بێژەنگاندا.

ئەم ڕوسیایە کە لەگەڵ گەرمای خوار پلەی سەدی ڕیتمی ژیانی خۆی ڕێکخستبوو. لەماوەی ڕابردوودا وەرزێکی گەرمای سەختگیری تووشهات. ناوەندی دیدەوانی ئەو وڵاتە ئێژن ئاماری هەزارساڵی ڕابردوومان لایە مۆسکۆ قەت ئاوا گەرما نەبوو. کە پلەی سەدی چل بێت.

وڵاتێک ٧٠ ساڵ چاوگی کۆمۆنیزم و ئەو خیتابە فیکرییە بوو کە دەیووت ئایین ئەفیونی گەلانە. ئێستا وا گەرمەسێرە کە خەلکەکەی لەدوای قەشەکانەوە نوێژە بەبارانە دەکەن، بەڵکو خودا ڕەحمێکیان پێبکات.

ڕوسیامان نەبینیوە. لە ڕۆژگاری دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ژیڤاکۆ شتی لەسەر فێربووین. ئەم ڕۆژانەشی گوزەر دەکەن. گەرما وەک سەرما کاتێن لە حوکمی مێژوودا ئەمما ئەوەی داخ و کەسەرە لای وان کەی بەهاریان دێتەوە؟



# مارف خەزنەدار ..

بەدران ئەحمەد حەبیب



وەک نەریت و باو، زۆربەی خەلک خۆیان لە کاری بە مەترسی و دووبەختەکی نادەن. خەلک لەبەرئەوەی بەدوای سەرکەوتنی مسۆگەردا دەگەرێن دەیانەوێ رێگەیەک بگرنە بەر پێش خۆیان هاتبێتە کوتانەوە و تاقیکردنەوە. دەتوانین لە بواری رۆشنبیریدا نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە، ئەوانەی لە ژیان و شیعری نالییان کۆلیوەتەوە و کتێبیان لەبارەیەوە داناوە لە خوێندەوارییەکەی نالییەوە نێزیک بوون، لە ژیگەی ئەویشەوە دوور نەبوون، عەلائەدین سەجادی "مەلا"، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و رۆلەکانی: فاتیح و محەمەد "مەلا و پەروەردەی مەلایەتی"، تەنانەت مەسعوود محەمەدیش "تا رادەیەکی زۆر پەروەردەی خوێندنی مەلایەتی". لەم بوارەدا تەنیا مارف خەزنەدارە لە دوورە رێگە و لە دەرەوەی ژیگە و وارگەی نالییەوە هاتووە و بروای وایە پێی دەوێرێ. نامۆیی نەکردن لە نەناس و گرتنەبەری رێی نەکراوە و رچە نەشکاو، لە چاونەترسی و وێرابییەوە دێ. ئەمەش پێناسەی ئەو پیاوەیە کە ئەمرۆ یادی دەکەینەوە. لە هەولێری چلەکانی سەدەی پێشوو، کولتوور و زمانی کوردی بەدەوروبەر نامۆ و بیانی بوون. راستە هەولێر شاری کوردانە بەلام لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بەدەستی دەسەلاتی عوسمانییەوە بووە، ئەم شارە لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا بۆی نەشیابوو زمان و کولتووری کوردیی تێدا چەکەرە بکا. لە سییەکاندا حوسێن حوزنی یەکەم رێچکەی





تیدا کردەوە. بەڵام حوزنی لە دەرەوەی هەولێرەوە هاتبوو و پەروەردەی ژێگەیەکی تر بوو. تەنیا مارف خەزنەدارە کە منداڵی شارەکەیە و کوڕی کولتوورەکەیە. یاخی دەبێ و دەیەوێ تەلیسمی نووسین بەکوردی بشکێنێ. یەکەمین گروگاڵی خۆی لە ساڵی چل و حەوت لە گۆواری گەلاوێژدا بڵاو کردەوە. ئەمە رچەی یەکەمی بوو، پاشی ئەوە رچەیەکی تری شکاند و کتێبێکی بە زمانی عەرەبی بەناوی "اغانی کوردستان"ەوە بڵاو کردەوە. شکاندنی ڕێچکەی هەرە گەورەش ڕووکردنە ڕووسیا و تەواوکردنی خوێندنی بەرز بوو لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە. جیابییەکی تری مارف خەزنەدار کە دەبێ ئاماژەی بۆ بێتەدان، ئەوەیە خۆی بەداوونەریت شارییە. پێچەوانەی زۆربەی بنووس و ئەدیب و شاعیرانی سەردەمی خۆی و ڕەنگە زۆری پاش خۆشی کە لادێیین. شاریەتیش لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و نووسینەکانیدا بەدەری داوەتەوە، بۆ نموونە چیرۆکەکانی ئەلەمان کوردی.

پێش بیست و دوو ساڵ مارف خەزنەدارم ڕووبەڕوو ناسی. بەدرێژای ئەو ماوەیە پێوەندیمان گەرم و گوڕییەکەی خۆی لە دەست نەدا. پیاوێکی بە بنەوا و بە پرەنسیب بوو، دەمدەمی یان هەر ڕۆژ لەسەر تەبیاتێک نەبوو وەک زۆر لە ڕۆشنبیرانی وەچەی خۆی کە پاراستنی پێوەندی لەگەڵیاندا وەک ڕاگرتنی دەسنوێژ وایە. مرۆڤێکی سەنگین و باوەڕبەخۆ بوو، جیاواز لە گەلەی خەڵک بیری دەکردەوە و جیاواز لەوان ڕەفتاری دەکرد. خۆبەگەورەزان بوو لە ئاست ئەوانەی لە پلە و پایەی بەرزدان، سادە و خاکی بوو لە ئاست دۆست و هاوەڵانی خۆی و خەڵکی ڕەشۆکی و ڕەمەکی. ساتێکم لە بیرە هیچ جار دیمەنەکەیم لە بیر ناچێتەوە، گەرمەی شەڕی ناوەخۆ بوو. بەسەر ماڵەکەی منیان دادا و لەسەر دیوارەوە هەڵاتم. بێگومان بیانگرتایەم دەیانکوشتم. ماڵی دکتۆر مارف بوو بەداڵدەم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ. لە ژێرزەوینی ماڵەکەیاندا شەو و ڕۆژم بەسەر دەبرد. بەدەستی خۆی هەندێک پێداویستیی بۆ دەهێنام کە دەبوو بە مایەی شەرم و شکانەوەم لە ئاستیدا. پیاوی گەورە لە تەنگانەدا دەردەکەوێ، لەو ڕۆژانەدا جوامێریی دکتۆر مارف و پیاوێکی ترم لەبیر ناچێتەوە کە چەند پەرۆش و ڕێزگر بوون بۆم.

کورد دەڵێ "بەردی گران نابزوێ". ئەو ڕۆژەی هەولێر لە ٣١ ئاداری ١٩٩١ ڕێژیمی بەعس پەلاماری دایەوە، تێکرای خەڵک بەریان بەدەشتەوە نا و ڕوویان لە چارەنووسی ون کرد. ڕۆژێک بوو هەموو گەل وەک یەک بیریان دەکردەوە و بەهەمان شێوە دەترسان. کەس باوەڕی بەوە نەبوو





ئەگەربێو بکەویتە دەستی بەعس فەلاکەتێکی بەسەر نایە. مارف خەزنەدار لە جێی خۆی نەبزوا. کە چوونە سەری رەنگ بوو بیانکوشتایە. کێ دەیناسی و کێ بەزەی پێدا دەهاتەوە. رەنگە شەرمیان لە پیرییەکەی کردبێ یان لە کتێبخانەکەی، دەستیان بۆی درێژ نەکرد. دووریش نییە لە جێی ئەو کەسەی لە دەرگەی دان، یەکێکی تر بوایە دەسبەجێ راپێچەکی بدایە بۆ گرتیگە یان کوشتیگە. ئەمانە هیچیان بێگومان بەلای خەزنەدارەوە واتەیان نەبوو و هی ئەوە نەبوو لێیان سڵ بکاتەوە یان بیترسێنێ. تەنیا یەک شت واتەی هەبوو لەلای ئەو کە نابێ بڕوا و نیشتمان و ماڵ و کتێبخانەکەی بەجێ بهێڵێ. ئەگەر ئەوان نەمان با ئەویش نەمێنێ. بێگومان راستیان گوتووە بەردی گران نابزوێ.

نموونەیەکی قەبوولکردنی جیاوازی، کە لە دکتۆر مارفدا بینیم شایەنی ئەوەیە باسی بکەم. شەش ساڵ لە کۆڕی زانیاری کوردستان بەیەکەوە ئەندامی کارا بووین. ساڵێکیان لەسەر راسپاردەی کۆڕ دەبوایە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی عەلی حەریرییەوە بنووسم. لەو لێکۆڵینەوەیەدا سەرتاسەر بۆچوونەکانی دکتۆر مارفم هەڵوەشاندبووەوە کە پێشتر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی عەلی حەریرییەوە نووسیبوونی. نەمویست راستەوخۆ وتارەکە بدەم بەدەستی دکتۆر خۆی بۆ ئەوەی ئازاد بێ ئەگەر رەتی بکاتەوە. ئەو سەرنووسیاری گۆواری کۆڕ بوو. پاشان زانیمەوە بەبۆچوونەکەوە پەسندی کردبوو بۆ بڵاوکردنەوە.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە - ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

دکتۆر مارف دواکۆچی خۆی کرد و رۆیشت. بێگومان ئەمجارە ماڵ و کتێبخانە و وڵاتەکەشی بەجێ هێشت. هەموو کەسیش ئەم رێیەی لەبەردایە. جیایی ئەوەیە کێ بەتاڵایی بەدوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ و دەوروبەر هەست بەواڵاییی شوێنەکەی دەکەن. کەمن ئەوانەی بەمردنیان دێیەک یان شارێک یان ناوچەیەک چۆڵ دەبێ. ئەمەیان دکتۆر مارفە.

ماوەی چەند ساڵێک دەبێ بەهۆی پرکارییەوە نەمدەتوانی زوو زوو سەری لێ بدەم، پێش چەند مانگێک چووم بۆ لای. لە نەخۆشییشدا نەمبینی، تەنیا گوڵێکم بۆی نارد. بەڵام بە هەواڵی دواکۆچەکەی و بەجێهێشتنی هەولێر، هەستم بەچۆڵییەک کرد لە شارەکەدا. ئەو رۆژەی بۆ یەکەمین جار لە ١٩٨٩دا ناسیم، پێی گوتم تۆ قوتابیی منی. بەدرێژاییی هەموو ئەو ساڵانە شانازیم بەو نازناوەوە کرد. ئەمڕۆش کە ئەم وشانەم بۆ یادی ئەو نووسی وا دەزانم بەو نازناوە، دکتۆر مارف گەورەترین خەڵاتی کردووم. بەڕاستی مامۆستا بوو.

٢٠١٠/١١/٩





# ماڵئاوا دكتۆری برا گەورەم ماڵئاوا

**ئەحمەد حوسێن ئەحمەد**

تەمەنی یەکترناسین و هاورێیەتیمان "٤٢"ساڵە، لەو دەمەوە جۆگەلەی خۆشەویستی نێوانمان بوو بە رووبار، رووباریش بوو بە دەریا، ئاوابوون نەیهێشت درێژە بەو تەمەنە بدرێت.

مامۆستا ئازاد عەبدولواحد رۆژی هەینی ٢٠١٠/١٠/٢٤ تەلەفۆنی بۆ کردم کە دکتۆر"مارف خەزنەدار"زۆر نەخۆشەو لەوانەیە هەڵنەستێتەوە، منیش بۆ بەیانی شەممە سەعات یەک و چارەکی دوای نیوەڕۆ گەیشتمە شاری هەولێر و سەردانیم کرد، زۆر پێی خۆش بوو، نزیکەی سەعاتێک لەلای مامەوە، روانیم قەڵەمێکی بەتەمەنی چالاک و رازەکانی کورد، لەدووولا کۆستی کەوتووە، خێزانە بە ئەمەک و بەرێزەکەی کە هەمیشە خەمخۆری خۆی و کتێبخانەو کەس و میوانەکانی بوو، هۆشی بەسەر دنیاوە نەماوەو خۆشی بەتەنیا لە ژوورێکدا لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشاوە هێزو گڕو تینی تێدا نەماوە، تەنها باوەشێنێکی بەدەستەوە بوو، هێواش هێواش دەم و چاوی خۆی پێ فێنک دەکردەوە، لەدوورەوە فرمێسکم بۆ دەرشت، ماوەیەک دەستم لەناو دەستیا بوو، هەناسەی سارد بەرگوێم دەکەوت.

وتی باش بوو هاتیت، بیرم دەکردی، حەزناکەم برۆیتەوە، ئێرە وەک دیوەخانی نووسەران و خۆشەویستان وایە، داخەکەم کارەساتی ئەم نەخۆشییە رەشە بێئامانە تەنگی پێ هەڵچنیوم، جووڵەم نەماوە، ناتوانم هەقی خۆی بە میوان بدەم.

منیش گەلێک دڵم دایەوە، وتم: خۆت و بەرهەمەکانت هەمیشە بە زیندوویی و گەشییەوە لە دڵ و ویژدانی ئەهلی قەڵەمدا دەژین، وتی: کاکە هەر دەست و دەمم نەختێ کاردەکەن، هەستدەکەم ئەوانیش بەرەو سستی و خاوبوونەوە دەچن، وادیارە فرم بەسەر ژیانەوە نەماوە، ئەگەر رۆیشتییەوە بۆ سلێمانی سڵاوی من بگەیەنە بەوەی دەمناسێ و هەواڵم دەپرسێ بە هەموو نووسەران و شاعیران و ئەدەب دۆستان، مەمنوونی هەموو دڵسۆزێکی کورد و وشەی کوردیم.

ئینجا کاکە"بنیاد خەزنەدار"ی کوڕی"١٥٠"دانە لە کتێبی"بیرەوەری رۆژگاری من"بەرگی پێنجەمی هێنا، دکتۆر فەرمووی بیانبە بۆ کتێبخانەی سلێمانی و رادەستی کاک عومەر عەبدولرەحمانی بکە، دانەیەکیشی بەدیاری دا بەخۆم لەبری باوکی بنیاد مۆری لێدا، دکتۆر توانای گرتنی

قەڵەمی نەبوو، داوای لێبووردنی کرد. ئینجا دەورەیەک لەچاپی مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ دانابووم وەرمگرت. منیش دوای سوپاس و هیوای چاکبوونەوە بۆ بەڕێزی لەگەڵ کاک بنیاد دا بیرەوەرییەکانم خستە نێو سەیارەکەوە. ئەویمان بەجێهێشت و بۆ سەعات چوار و نیوی هەمان ڕۆژ کتێبەکانم گەیاندە کتێبخانەی سلێمانی و یەکسەر تەلەفۆنم بۆکرد. کە کتێبەکان گەیشتوونەتە جێ و خراونەتە بەرچاوان، زۆر دڵخۆش بوو ئافەرینی لێکردم، منیش گوتم: دکتۆر ئادەم بۆ هەموو خزمەتکردنێک لەپێناوتا. خوا حەزکا بەمزووانە سەردانت دەکەمەوە.
بەڵام بەداخەوە ئەو گەورە پیاوە ئەو قەڵەمە هێمن و بەفەڕ و ڕانەوەستاوە، خاوەنی ئەو هەموو خەرمانە بەرهەمە ئەدەبی و فیکری و ڕووناکبیری و ئەرشیفەو خاوەنی ئەو زمانە پاراوە، خاوەنی ئەو هەستە گەرم و گوڕە. شەوی ٢٥-٢٦/١٠/٢٠١٠ دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت. کە هێشتا ئاواتەکانی بەتەواوی نەهاتبوونە دی، چەند مەلزیەکی تری هەمەجۆری نووسینی هەبوون بەچاپیان بگەیەنێ، مەرگ ڕێی پێگرت، کۆچی دواییکرد. بە جەستە بەجێی هێشتین بەڵام بە گیان میوانی هەموو نووسەر و شاعیر و دڵسۆزێکی ئەم نەتەوە دڵداخورپاوەیە. خوات لەگەڵ ئەی خۆشەویستی وشەی کوردی، گیانت بە بەهەشتی جاویدانی شادبێت.



لە ڕاستەوە: مەحمود تۆفیق ، ئەحمەد حوسێن ، بنیاد ، مارف خەزنەدار وەستاوەکان: بنیاد خەزنەدار







کسپەی سەرنانەوەیەک
چاوەڕوانم بووی هاتم تۆم بینی
تێگەییم دەنگت نەیماوە تینی
بەس باوەشینێک ئاوەڵی تۆبوو
وتم: زۆر قووڵە، ئەدیب، برینی

❋❋❋

بە کۆچکردنت دڵم داچڵەکی
پەیکەری شادی هەستم هەڵتەکی
گەلێ دەربەستبووی بۆ وشەی زیندوو
نیو سەدە پتر ژیای لە تەکی

❋❋❋

قەڵەم و بەرهەم لەڕازەی گەلدا
لەگەڵ هەڵوێستا زۆر سەریان هەڵدا
بوون بە سەرمایە بۆت لە ژیانا
لەلای ئاسۆدا، هەواریان هەڵدا

❋❋❋

بنوو خەزنەدار، کەس پێت ناڵێ مرد
بەرهەمەکانت وەک تەمەنی کورد
بەرگی شانازی دەپۆشن خێرا
دەبنە ئاوێنە بۆ دروشت و ورد

ئەحمەد حوسێن





مارف خەزنەدار ، دایە سەعدیە ، زاگرۆس ئەحمەد کەمال

لەمەرگیدا، قەڵا گریا
منارەش سەری دانواند
ئاسمانی شین، بە نمەباران
تەرمەکەی گوڵاو پژێن کرد
قوتابیان و مریدانی
لە هەموولا خەم دایگرتن
پرسەدارن....
تازە کێ بێ دەرگای مەڵبەندی رووناکیی
واڵا بکا
کەی دێتەوە ئەو زەمانەی
لەحزووری مامۆستادا
لەبەردەم ئاگردانەکە، لە نێو دونیای شیرینی کتێب
لە ناندین و بەر هەیوان و باخچەی پڕ لە گوڵزاریدا
ئەلف و بێی خۆشەویستیی فێربین،
دایە سەعدیەش بە چای شیرین
مەجلیسەکە شیرینتر کا

زاگرۆس



# خەزنەدار ناسیی... خوێندنەوە و نووسین کۆتایی نایە

**زاگرۆس ئەحمەد کەمال**

ئەستەمە و زۆریش ئەستەمە، دوای چل رۆژ بە سەر مەرگی ناوادەی مامۆستا و رووناکبیری گەورەمان، لەحزووری ئێوەی پایە بەرزی خەزنەدار ناسان و خۆشەویستانی مارف خەزنەدار دا، بە چەند وشەیەک لە شاکار و ئاکارە دانسقە و نایاب و خەسڵەتە بەرزەکانی مامۆستا مارف خەزنەدار، بە تەنها چەند وشەیەک بیمە گۆ.


تۆ بڵێی قوتابی و هاوڕێ و رۆڵەیەک چۆن بتوانێ باس لە ئەلف و بێی ناسینێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان بکا، ئەو ناسینەی بە خەونێکی هەرزەکارانەی زۆر سادە دەستی پێکرد و بە خۆشەویستییەکی گەورەی نێوان باوک و کوڕ چەکەرەی کرد و گەشایەوەو دوای کۆچیشی یاد و بیرەوەرییەکانی لەروح و گیاندا هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

یەکەمین جار کە گوێم لەناوی مارف خەزنەدار بوو بەنووسینەکانی ئاشنابووم، لەرێگەی ئەو کتێبە بوو، کە مامۆستا رۆستەمی برام لەسەرەتای هەشتاکان لەکتێبخانەی پەیمانگەی مامۆستایان هێنایەوە ماڵ بەناوی ئەڵەمان کوردی، ئەوەندەی چیرۆکەکان سەرنجی منیان راکێشا،



مارف خەزنەدار لەگەڵ زاگرۆس ئەحمەد کەمال





مارف خەزنەدار و زاگرۆس ئەحمەد کەمال 1988 - هەولێر

دوو ئەوەندەش ناسینی ئەو نووسەرەم لاگرنگ بوو، تۆبلێی چ جۆرە مرۆڤێک بێت، چۆن بیر بکاتەوە، ماڵی چۆنە، خاوەن چ ئایدیایەکە، حەزی لەچیە و دڵی بەچی خۆشە، حەزی لەکام گۆرانیبێژە و چی دەخوات و کام جلوبەرگ لەبەر دەکات و تەنانەت رقیشی لەچ دەبێتەوە.
سالانێک دواتر لەنمایشێکی شانۆیی بە مامۆستا مارف خەزنەدار ئاشنا بووم، دوای گەڕانەوەی بوو لەووڵاتی جەزائیرو هەر ئەو کاتە داوای کرد لەگەڵ کاکە بنیادی کوڕی هاوڕێ و ڕێ نیشاندەر بم بۆ نزیک بونەوەی هەردووکمان لەدونیای هونەر، ئەمە گەورەترین بەختەوەری ئەوسای من بوو،
بۆیە لەیەکەمین هەنگاوەکانم بەرەو ماڵە رووناکەکەی خەزنەدار لەگەرەکی رووناکیی، ڕۆژ بەڕۆژ نهێنیە زۆر و مەزنەکانی گەوهەری خەزنەدارم بۆ روون دەبۆوە.
مارف خەزنەدار هێندەی چاوی لەخزمەتکردنی بەردەوامی چینی رۆشنبیران و قوتابیانی ئەدەبیاتناسی و رۆژهەلاتناسیی و کتێب ناسی و خزمەتکردنی هەژار و لیقەوماوان بوو، ئەوەندە نەدەچووە ژێر باری کێشمە کێشی ژیان و حزبایەتی و پەیدا کردنی پارە و بوون بە بازرگان، لەسەروبەندی کۆتایی هەشتاکان بەدواوە بوومە مریدێکی بەردەوام، بۆ ناسینی گەوهەری خەزنەدار، ڕۆژ نەبوو زاتە دیار و ناسراوەکانی بواری



شیعر و نوسین و ئەدەب و مێژوو لەنامەخانەی رووناکی کۆنەبنەوەو باس و خواسیی رۆشنبیری نەگۆرنەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی، لەو کاتەدا وەک تاکە یانەی رۆشنبیری شار، هەموو هەفتەیەک کۆڕێکی رۆشنبیری بەئامادەبوونی زۆربەی خەزنەدار ناسان بۆ کەسایەتیەک بەرێوە دەچوو.

مەلبەندی رووناکی بووە بلندگۆ بۆ هەموو ئەوانەی خاوەن بیرو بۆچوون و ئایدیای خۆیانن و شەیدای ووشە و نووسین و لیکۆلینەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیین.

ماڵ و ماڵباتی خەزنەدار رۆژ بەرۆژ لەپێشوازی کردنی میوان و دۆستان و قوتابیان و ناسیاوو نەناسیاوان، وەک دڵەکەی خەزنەدار و خانەوادەکەی رۆژ بە رۆژ فراوانتر و مەزنتر دەبوو، لە رۆژگارە سەختەکانی لێدانی عیراق و بارودۆخە سیاسیە ناجێگیرەکانی دوای داگیرکردنی کوێت، من جگە لەوەی هەڵاتوویکی سەربازیی بووم خۆم لە ماڵە گەورەکەی خەزنەدار حەشار دابوو، تەواوی خزمانی بەغدای خەزنەداریش بۆپاراستنی گیانیان لەوێ داڵدە درا بوون. هەموو ئێوارانیش کە زۆربەی رۆشنبیران لەوێ کۆدەبونەوە پاشای رۆژنامەنووس بەرێکۆردەرێک راوبۆچوونی ئامادەبوانی بۆ مێژوو تۆمار دەکرد.

لەوەش بەرزتر لەسەروبەندی رووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی شەری ناوخۆ، زۆربەی خەزنەدار ناسان چ پەرلەمانتار یا بێژەر و رۆژنامەنووس و راگەیاندنکار و رۆشنبیر، تەنانەت سیاسیەکانیش، ئەوانەی ترسیی مانەوەیان لەماڵی خۆیان هەبوو، ماڵە گەورەکەی خەزنەدار داڵدەی دان و خانەوادە بەرێزەکەیان خوان و دڵی بۆ هەمووان کراوەبوو، تەنانەت هەندێ لەو بەرێزانە لەژێر زەمینەکەی مەڵبەندی رووناکی خۆیان لەبەرچاوان وون کردبوو، دکتۆر مارف خەزنەدار بەدەستی خۆی خوان و پێداویستی بۆ دەبردن و دڵنەوایی دەکردن.

ئاخر لەو رۆژگارە تاڵ و ناخۆشانەدا، لەهەموو ئەو میحنەتانەی بەهۆی کار و بیر و بۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان، بەسەر نووسەر و شاعیر و ئەدیب و رۆژنامەنووسان هاتنەوە،لەسەر بنەمای (من دخل دار خزندار فهو امن)، لەنامەخانەی مەڵبەندی رووناکی دا هەمومان هەستمان بە ئارامی و دڵنەوایی دەکرد.

مارف خەزنەدار زاتێک بوو، هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەو لیکۆڵینەوەو کوردۆلۆژی و مێژووی ئەدەبی کوردی و نووسین و رۆژنامەگەری و فێرکردنی زانستیانە و ئەکادیمیانەی قوتابیان



و زانست خوازان تەرخان کرد.
کەم نووسەر و شاعیر و رۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ و تەنانەت شەیدایانی نووسین و ئەدەبیات هەبوو، بۆ ساتیکیش بێ لەحزووری گەورەیی مامۆستا دا، سەری لەنامەخانەی رووناکی نەدابێ و چایەکی شیرینی بەدەستە نازدارەکانی دایە سەعدیە ی هاوسەری خەزنەدار و دایکی هەمووان نەخواردبێتەوە.
پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار هەموو پلە زانستیەکانی بڕیبوو، تا سەر ئێسقان ئەکادیمیی و ووشە ناس و کوردیی زان بوو، بەلام ساکارییەکەی بەرادەیەک بوو کە حەزی دەکرد دوور لەنازناوە زانستیی و ئەکادیمیەکانی هەر بە تەنها بە مامۆستا ناوی ببەن،
هەر واش بوو چونکە ئەو مامۆستای هەمووان بوو.
مامۆستا مارف خەزنەدار بە شێوەیەک وابەستەی نامەخانە و ماڵەکەی بوو، هەرگیز حەزی نەدەکرد لێی دوورکەوێتەوە، بەر هەیوان و نان دین و نامەخانەکەی زۆرترین یاد و یادەوەری دانیشتنە رۆشنبیری و رووناکبیریەکان دەگێرنەوە کە پایەبەرزانی کورد لەو شوێنانە لەحزووری مامۆستا دا گفتوگۆیان کردووە،
هەر بۆیە تەرمە پیرۆزەکەشیان لە نان دینەکە شووشت و لەنێو نامەخانەکەشدا کفنیان کردە بەری،
گەورەیی خەزنەدار لەوەدابوو لەحزووری ئەودا هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکان تا ئەگەر لەوپەری نائارامی بارودۆخدا باین کەچی لەوێ یەکمان دەگرتەوەو دەست لەملانێی یەکترمان دەکرد و فێری دیالۆگ و راگۆرینەوەی دوور لەتوند و تیژی و سەردەمییانە دەبووین،
مامۆستا خەزنەدار هەمیشە لەگەڵ سیاسەتمەدار و کاربەدەستان دا رەخنە بنیاتنەرەکانی ئاراستە دەکردن بۆ ئەوەی کەشتیی میللەتەکەمان لەکەناری ئارامیدا لەنگەر بگری،
لەگەڵ قوتابی و مریدەکانیشیدا ئەوەندە سادە و ساکار بوو، هێندەی هەستت دەکرد لەحزووری باوکێکی بەوەفا و میهرەبانی، لەبیرت دەچوو لەگەڵ کەلە رووناکبیرێکی گەورەی ئەو سەردەمە وەستاوی، جگە لەوەش مامۆستا خەزنەدار لەنامەخانەکەی دا بەردەوام ناوی ئەو کەسانەی تۆمار دەکرد کە رۆژانە سەردانی دەکردن جا چ سیاسەتمەدار یا رۆشنبیر یان زانست خواز و قوتابیی و هونەرمەند و رۆژنامەنووس و ئەدەب دۆست و تەنانەت مرۆڤێکی ئاساییش بان،
رۆژگاری من کە یادەوەریەکانی ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا دەگێرنەوە هێند






بەزمانێکی سادە و ڕەوان تۆماری کردوە، کە هەمیشە خوێنەر بۆ زنجیرەکانی ژیان و بەسەرهاتی ڕۆژانی هەولێر و ئەوبەری بەستێ و خوێندنی مەلایەتی و سەردەمی قوتابخانە و کەرکوک و بەغدا و کوت و ژیانی بەندی و گەشتی ڕووسیا و گەڕانەوەو قۆناغە دیارەکانی تەمەن کە خوێنەر چێژی تایبەتی لێ وەردەگرێ و بە ئاسانی ناتوانێ دەست بەرداری خوێندنەوەی بێ.
من جگە لەو ناسینە ڕووحیەی بە مامۆستای باوک و هاوڕێ دەم بەستێتەوە، وەک ڕۆژنامەنووسێکی نەوەی دوای ڕاپەڕینیش هەمیشە شانازی بەوە دەکەم کە یەکەمین چاوپێکەوتنی دوای ڕاپەڕینی مامۆستا مارف خەزنەدار لەڕێگەی بەرنامەیەکی من بوو لە ئێزگەی دەنگی هەولێر دەنگی قوتابیان و لاوان کە لە شوباتی ١٩٩٣ بۆ یاد و بیرەوەری شاعیری گەورەی کورد مام هەژاری موکریانی ئامادە و پێشکەشم کرد و مامۆستاش زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە لەماڵی خۆی لەڕێگەی تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ دا کراوەو لەهەموو شوێنێکی شار خەڵکی گوێبیستی بوون، چونکە بۆ ئەو کات ئەمجۆرە تەکنیکە تازەبوو، سەرەرای ئەوەش مامۆستا تەنها بۆ ڕەخساندنی باشترین دەرفەت دەرگای سەرجەم وانەکانی خۆی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگای سەلاحەدین بۆم واڵا کرد تاوەک میوانێک، گوێگری وانەکانی مامۆستا بم لەقۆناغەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر دا. ئەگەرچی ئەوکات بەهۆی باروودۆخی تایبەت بەخۆم من ئەو شانازیەم پێ نەبرا بوو لەکۆلیج بخوێنم و بڕوانامەکەی من لە ئاستی کۆلیج نەبوو. بەڵام مامۆستا ئەو شانازیەی پێ بەخشیم و دەرگای زانکۆی بۆم واڵا کرد،
بەم کارەش مامۆستا گەورەترین دەرفەتی لەبەردەم ڕۆژنامەنوسێکی تازە پێگەیشتووی نەوەی دوای ڕاپەڕین ڕەخساند و تەنانەت لە ئەزمونەکانیی خوێندنی ماستەریشدا وەک میوانێک بەشداریم کرد و ئەم دەرفەتە مێژووییەی کە مامۆستا پێی بەخشیم تا هەتایە لەدڵ و ویژدانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
بەراستی ئەستەمە خەزنەدارناسان وانە بەنرخەکانی نێو گەوهەری خەزنەداریان بیر بچێتەوە، چونکە مارف خەزنەدار زاتێکی مەزن بوو، خزمەتی گەورەی بە کورد و ڕۆشنبیران و مرۆڤایەتی گەیاند، بۆ منیش زەحمەتە لەفەرهەنگی کوردی ووشەیەک بدۆزمەوە، گوزارشت لە مارف خەزنەدار بکات کە مامۆستا و پرۆفیسۆر و لێکۆڵەرو باوک و پەروەردکار و زانا و مرۆڤ دۆست و هەژار پەروەر و پاک و خاک پەرست بگرێتە خۆ ئەو مرۆڤە مەزنەی کە هەڵگری ئەو دروشمە بوو: تا لەش و چاو، هێز و توانایان مابێ، خوێندن و نووسین کۆتایی نایێ،
بەڵێ، مارف خەزنەدار تا چەند ڕۆژێکی کەمیش بەر لە کۆچی دوایی بەهۆی



ئەو نەخۆشیەی کە لەناکاو دووچاری بوو، هێز و توانای لەبرست کەوت، لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ خەزنەدارناسان و خەزنەدار خۆشەویستاندا گوتبووی من بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە بێ تاقەت نیم، بەلکو توانای نووسینم نەماوەو ئەو داخە بێ تاقەتی کردووم، سەبارەت بە خوێندنەوەش وەک دکتۆرە میدیا خەزنەدار بۆی باسکردم تاوەکو پاش نیوەرۆی ئەو شەوەی کۆچی دوایی کرد، هێشتا باری تەندروستی زۆر نەشلەژابوو دیوانی ناری – مەلا کاکە حەمەی بێلوو لە کۆکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی عوسمان عارفی ناری زادەی لەدەست بوو، ئەو کاتەی کە وازی لەخوێندنەوەی هێنا و داوای دەست نیشان کردنی لاپەڕەکەی کردبوو تا کاتێکی تر بەردەوامی بە خوێندنەوەی بدات لە لاپەرە شێست و چواری ئەو دیوانە وەستا بوو، داخەکەم هەر ئەو ڕۆژە و دوای چەند کاتژمێرێک لەو دوا خوێندنەوەیە دڵە گەورەکەی مامۆستا لە لێدان کەوت و ئەو زاتە مەزنە ئەوەی سەلماند کە (تا لەش و چاو، هێز و توانایان مابێ، خوێندنەوەو نووسین، کۆتایی نایێ).

مامۆستای گەورەمان خۆرێک بوو تیشکی بۆ هەمووومان بوو، لەمێژووی دیار و بەرچاوی گەلەکەشمان خۆری گەشی ژیان و بیرەوەری و بەسەرهات و وانەکانی ئەم جۆرە زاتانە ئاوابوونیان بۆ نییە. خۆری مارف خەزنەدار و تیشکی ڕووناکی مەڵبەندی ڕووناکییش تا هەتایە ڕوو لە درەوشانەوەیە و دەبێ خەزنەدار ناسان و خۆشەویستانی خەزنەدار بیپارێزن.



ئەمە وەڵام دانەوەی پرسیارێکی بەشی ماجستێری
کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای سەلاحەدین بوو،
ئەمارەی تراجیدیای پێنج کەسە بوو، زاگرۆس
وەک میوانێک بە شێوازی ... کرد، لەگەڵ
قوتابییەکی تر زۆرترین نمرەی وەرگرت.
زاگرۆس شێوازی خۆی هەیە لە نووسین دا،
توانای زیاد کردنی زانیاری و زانستی هەیە.
لە داهاتوودا دەتوانێ خۆی بە دیار بخا، سەرکەوتنی
بۆ دەخوازم.
١٢/٣/١٩٩٤
مارف خەزنەدار

هەڵسەنگاندنی مارف خەزنەدار بۆ زاگرۆس 12/3/1994



# ئەو راپۆرتەی د.مارف خەزنەدار نەیبینی

## 80 ساڵ لە تەمەن و 60 ساڵ لە بەخششی رووناکبیری

ئا: محەمەد قادر

ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ویستی لە رۆژی لەدایکبوونی د. مارف خەزنەدار-دا یادی ئەو کەڵە نووسەرەی کورد بکاتەوە، بەڵام بەداخەوەو بەر لەبڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەی بۆ یادەکە ئامادە کرابوو، د. مارف بەیەکجاری ماڵئاوایی، لێ کردین.

وەک وەفایەکیش بۆ ئەو رووناکبیرە گەورەیە بەباشمان زانی ئەو راپۆرتەی بەر لەمردنی ئامادەمان کردبوو، وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە.

بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی ٨٠ ساڵەی د.مارف خەزنەدار، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، تەوەرێکی تایبەتی بۆ ئەم کەڵەپیاوە کردۆتەوە بەتایبەت کە چەندین ساڵە خزمەتی بواری ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ و ئەکادیمای کوردستانی کردووەو بووە بەسیمبولێک بۆ نەوەکانی ئێستا:

### کتێبخانەکەی دوای خۆی چی بەسەر دێت؟

تاریق جامباز، پارێزەرو رۆژنامەنووس، پیرۆزبایی لێدەکات، دەڵێت: د. مارف خەزنەدار کە تەمەنی ٨٠ ساڵی تەواو دەکات و توانیویەتی کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمەکانی سەنگین و زەنگین بکات، لەژیانی مامۆستایش چەندین نەوەی پێ گەیاندووە و وا بزانم کتێبخانەکەی گەورەترین کتێبخانەی کەسایەتییە لەکوردستان و ئەوانەی دەچنە لای بەدڵ و هۆزی کراوە پێشوازییان لێ دەکات. لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەنیازبووم بابەتێک لەبارەی رەنگدانەوەی کوردەواری لە رۆمانەکانی یەشار کەمالدا بنووسم. لەرۆمانەکانیدا ناوی ئەبدالی زیندەگیم کەوتە بەرچاو، گەرچی لەسەرچاوەکان گەرام بەڵام دەقێکم لەو بارەیەوە نەدۆزیەوە، بۆیە سەردانی د. مارفم کرد و هەر کە ناوەکەم هێنا وتی: چەندین دەقی لەکتێبی فۆلکلۆری کرمانجی - ١٩٣٦بڵاو کراوەتەوەو یەکسەر کتێبەکەی هێناو دەقەکەی کردە پیتی عەرەبی، منیش بەئاماژەپێکردن لەگەڵ بابەتەکە بڵاوم کردەوە.

بەم بۆنەیەوە پرسیارێک دەوروووژێنم بەهیوای تەمەنێکی زۆر درێژ بۆ د. خەزنەدارو دەپرسم: کتێبخانەکەی دوای خۆی چی بەسەر دێت؟،



مارف خەزنەدار لە نێو پەرستگای وشەدا

ئایا ئەو گەرم و گوڕییەی ئێستای دەمێنێ؟بۆیە داواکارین لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی کوردستان بایەخ و گرنگی بەم کتێبخانەو کتێبخانەکانی دیکەی کەسایەتیەکانی تر بدات، لەوەی شوێنێکی تایبەتییان بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی تیایدا بپارێزرێت تاکو ئەوە لەدوای ئەوە سوودی لێ ببینن و بزانن بەهەوڵ و تەقەلای تاکەکەس بەحیکمەت و هیممەت ئەم گەنجیەنەیان بۆ بەجێهێشتووین.

### دڵشاد مەریوانی یەکەم کوڕی ماڵەکەیە

سەباح ڕەنجدەر- ی شاعیر، کە ئەویش خۆی بەنزیکی د. خەزنەدار دەزانێت و سوودی زۆر لێ بینیوە دەڵێت: ماڵی د. مارف خەزنەدار بۆ من وەک ماڵی باوک وایە، هەر لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تاکو ئێستا بەردەوام هاتوچۆی ئەو ماڵە خانەدانە دەکەم، هەر دوای ماوەیەکی کورت پێی وتم: تۆ دووەم ئەدیبی دەبیتە کوڕی ماڵ، یەکەم کوڕی ماڵ دڵشاد مەریوانییە، ئەو کات دڵشاد مەریوانی شەهید نەکرابوو، وتیشی: هەر کتێبێکت ویست لەکتێبخانەکەمدا پرسم پێ مەکە، بەس دوای گەڕانەوە لەشوێنی خۆی دابنێوەو جێگۆڕکێی پێ مەکە، بۆماوەیەکی دوورو درێژ لەماڵی مامۆستادا هەموو چوار شەمووان کۆڕێک دەبەسترا. دوای خوێندنەوەی بابەتەکە کۆمەڵێک ئەدیب گفتوگۆیان







لەبارەوە دەکرد، لە یەک لە چوارشەمووەکان بەخت یارم بوو دەقی زیوانم خوێندەوەو برادەران گفتوگۆیان لەبارەوە کرد.

هەر لەوماڵەدا چەند ئەدیبێکم ناسی. وەکو باوکێکیش هەمیشە ڕێنمایی ئەدەبی و ژیانی دەکردم. منیش سوودمەند بوویمە لە ڕێنماییەکانی، بەشێک لەئەدەبی کلاسیکیم لەڕێگای ئەم زاتەوە ناسی بەتایبەت نالی. لەناوەڕاستی نەوەدەکان خواردنی باش لەهەموو ماڵان دەست نەدەکەوت. ڕۆژێک میوانداری پیربال مەحمودو منی کرد، دوای نان و چا و قاوە دیوانی دیلانی هێناو وتی: هەریەکەمان شیعرێکی ئەو شاعیرە بلیمەتە بخوێنینەوە، پێش ئەوەی ئێمە بچین دیاربوو شیعرەکانی دیاری کردبوو بەوەی زانیم لەنێوان هەر شیعرێکدا وەرەقەیەکی سپی دانابوو. خۆی شیعری سلێمانی پیربال مەحمود شیعری بێخودی شاعیر، منیش شیعری شێخ مەحمودی زیندوومان خوێندەوە. بەپیربالی گوت: تۆ ئیلقات زۆر باشە. بەڵام ئەم شیعرەت باش نەخوێندەوە، هەروا ڕای لەخوێندنەوەکەی منیش نەبوو. هەستم بەوە کرد ڕێکخستنی ئەم دانیشتنەی بۆئەوە بوو توانای دیلان بەمن ئاشنا بکات. هەر لەم دانیشتنەدا بەباشی لەئەزموونی ئەنوەر قادر محەمەد وەک شاعیرو فەرهاد شاکەلی وەک لێکۆڵەر دووا.

مامۆستا بەمێژووی ئەدەبەکەی داوای چیرۆکەکانی محەمەد مەولود مەمی لێ کردم وتیشی خۆم هەمە، بەڵام قوتابییەک بردوویەتی و



مەڵبەندی ڕووناکی بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە



نەیگەڕاندۆتەوە. بڕیار وا بوو ٢٠٠١/١/١٥ بۆی ببەم. ئەم ڕێکەوتە منداڵێکمان خوا دای. بەو هۆیەوە لە سەردانەکەمدا دواکەوتم. ١٨/١/ ٢٠٠١ چیرۆکەکانم برد، پێش ئەوەی بەخێرهاتنم بکات وتی: تۆ زۆر پابەندی بەقسەو بڕیاری خۆت بۆ دواکەوتی؟، منیش وتم: لەدوای سێ کیژان کوڕێکمان لەدایک بووە. ئەمە هۆی دواکەوتنەکەمە. بۆیەکی شادمانی لەدەموچاوی گەڕاو پیرۆزبایی کرد. هەمان کاتیش دایکی میدیا سێ پاکەت شیرینی لەدوکانەکەی نزیک ماڵیان کڕی و وتی: لەجیاتی من لەکۆڵانی خۆتان بەسەر منداڵاندا دابەشی بکە. ئەمە کوڕەزای منە. مامۆستاش وتی من ناوی لێ دەنێم و ناوی نا "یاد". درووود بۆ مامۆستا مارف خەزنەدار و سەعدیە خان و ئەم ماڵە خانەدانە، کە زۆربەی ئەدیبان نمەکی ئەو ماڵەیان کردووە، درووود بۆ باوک و دایکی دووەمم. لەخودا دەپاڕێمەوە ئەم دوو نەخۆشە خەزنەدارو سەعدیە خان کە ئێستا کەوتووی ناو جێگان بە تەندروستی باشەوە تەمەنیان درێژبێت.

### بەیەکەوە ڕێزمان لێ دەنرێت

یەکێکی تر لەوانەی کە ساڵانێکی زۆرە ئەم پیاوە دەناسێت و شارەزای تەواوی ئەدەبیاتەکەیەتی کەماڵ غەمبار-ی نووسەرو ڕووناکبیرە، بۆیە ئەویش دەڵێت: بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا بووم چاوم بەکتێبی (اغانی کردستان) کەوت، کە چەند شیعرێکی کوردی بوون کردبوونی بەعەرەبی، زۆرجاریش لەدوکانەکەی بەشیر موشیر، کە لەحەیدەرخانە بوو دەمبینی، ساڵان هات و چوون، زیاتر ئاشنا بووم بە د. مارف خەزنەدار بەتایبەتی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا، دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، هەروەها کە هاتەوە هەولێر هاتوچۆم دەکرد و زۆرجاریش کە برادەراتی لەسلێمانییەوە دەهاتن سەرم لێ دەداو لەسەر بەرهەمەکانی دەمنووسی، د. مارف ماڵەکەی کردبووە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی بۆ هەموو کەسێ کراوەبوو کە سوودی لێ وەربگرێ، بۆیە دەتوانم بڵێم چ لەڕێگەی نووسینەکانی و بەرهەمە زۆرەکانی و پێگەیاندنی بەسەدان قوتابی لەکەرکووک و بەشی کوردی لەزانکۆی بەغداو زانکۆی سەلاحەددین و کۆڕی زانیاری کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەیە . خۆشبەختانە وا بڕیارە کە ١٥ی مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ ئەوو من پێکەوە لە یەکێتی نووسەرانی عێراق ڕێزمان لێ





بنری. هیوای تەندروست باشی بۆ دکتۆر مارف دەخوازم.

**بەر لەهەمووان پیرۆزبایی لێ کرد**

مومتاز حەیدەری، کە بەر لەهەمووەمان پیرۆزبایی و تەمەندرێژی خۆی راگەیاندبوو بۆ ئەم کەڵە پیاوە، بۆیە بەئەدەب و هونەری وت: دیارە من لە۲۰۱۰/۱۰/۱ لەژمارە یەکی گۆڤاری لەیلا قاسم – لەیلا زانا، کە رۆژی ۲۰۱۰/۱۰/۱۰ بەچاپ گەیشتووە، سەرنجی ناوەندی کلتووری کوردیم راکێشاوە و پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بەجەنابیان کردووە، بۆیە لێرەدا هەمان پیرۆزبایی دەخەمە بەرچاوی وشەپەروەران و هاوکات ئەو دەستپێشخەرییەی ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ مایەی دەستخۆشییە:

۲۰۱۰/۱۱/۱، هەشتا ساڵی خشت بەسەر تەمەنی رووناکبیری ناسراوی کورد جەنابی پ. د. مارف خەزنەدار تێدەپەڕێ، هەڵبەت جەنابی خەزنەدار گەلەک لەوەی گەورەترە لێرەدا من بتوانم بەچەند دێرێک باس لە گەورەییەکەی بکەم، تەنها ئەوە نەبێ لە رێگەی ئەم گۆڤارەوە، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەخاوەن ئەو گەنجینە گەورەیەی کلتووری کورد، جەنابی پ.د.مارف خەزنەدار بکەم و هیوای لەشساغی و تەمەن‌درێژی بۆ بخوازم و هەردەم لە رەوتی شکۆداری کلتووری کوردیدا دیار بێ. دووبارە پیرۆزە، لەگەڵ چەپکە گوڵی وەفاداری هەردوو گۆڤاری لەیلا قاسم – لەیلا زانا پێشکەشە.

دواتر مومتاز حەیدەری زیاتر قسەی کردو وتی : هەر لێرەوە دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە راکێشم کەی من ناوی د. مارف خەزنەدارم بیستووە؟، چونکە باسکردنی نیشانەی قۆناغێکی گرنگی خەباتی سیاسیی گەلی کوردستان دەردەخات. سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ بوو، رەشبگیریی دەسەڵاتی پاشایەتی دەستی پێکردبوو، بەسەدان رۆڵەی تێکۆشەری گەلانی ئێراق لەبەندیخانەکان توند دەکران. شاری هەولێریش، ئەو سەردەمە مەڵبەندێکی کاریگەری تێکۆشان بوو. شەهید موهیب حەیدەریی برام، کە تەمەنم دە ساڵان بوو، داوای لێ کردم، نامەیەکی نهێنی هەیە، دەبێ بگاتە شوێنی خۆی و وتی: ئەوە ئادریسەکەیەتی. لەگەڕەکی تەعجیل لەوبەری بەستێ، ماڵی کاک مەعروف عەبدولقادر هەیە، دەچیە ئەوێ. لەماڵەکەیان یەکێکی لێیە، ناوی کاک خاڵس شێخ جەوادە، لەوێ خۆی شاردۆتەوە، ئەم نامەیەی دەدەیتێ و زوو بگەرێوە. منیش گورج چووم شوێنەکەم



دۆزییەوە، نامەکەم رادەستی مامۆستا خاڵس شێخ جەواد کرد و گەڕامەوە.
بۆ جاری دووەم، ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەم بوو، کاک موهیب گیرا، منیش ڕۆژانە ئێواران خواردنم بۆ دەبرد، دیار بوو کاک مەعروف عەبدولقادر – د. مارف – بەند کرابوو.
پاش ئەوەی لەیەکێتیی سۆڤیەت هاتەوە، من چەند ڕۆژ جارێک لەماڵەکەیدا سەردانم دەکرد، بۆ ئەوەی شتی لێ فێربم.
ئەو ساتە د. مارف و کاک جەمال خەزنەدار خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) بوون، منیش لەبارەی دڵداری شاعیرەوە کورتە نووسینێکم ئامادە کرد، د. مارف پاش ئەوەی هەندێک دەستکاریی کرد، بەتەواوی بڵاوی کردەوە، هەر بەهۆی ئەو وتارەش، من لە یەکێتیی نووسەرانی کورد بەئەندام وەرگیرام.
لەکۆتاییدا دووبارە تەمەنی هەشتا ساڵەی جەنابی پ.د.مارف خەزنەدار پیرۆز بێت.

### خەزنەدار پایەی کلتوورو ڕۆشنبیریی کوردییە

کەریم دەشتی شاعیرو رووناکبیریش پێی وایە د. خەزنەدار پایەیەکی زانستیی ئەکادیمی و ئەدەبیی کوردییەو دەڵێت: د. مارف خەزنەدار ستوونێکی گرنگی کلتوورو ڕۆشنبیری کوردی بووە، پایەیێکی زانستی ئەکادیمی بەرزی هەبووە، خزمەتێکی زۆری نەتەوەکەی خۆی کردووە لە ڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیریەوە، ئێستاش کە تەمەنی لە هەشتا ڕەت دەکات، ئەوە ئەزموونێک لەژیان و سەختی و ناهەمواری و هەوڵ و کۆشش و خزمەتکردن دەگەشێنێتەوە، هیوای عومرێکی درێژ بۆ ئەم بەرێزە دەخوازم.

### خەزنەدار وەک قەڵایەک لەپشتمەوە وەستاوە

د. شێرکۆ بابان زمانناس و مامۆستای زانکۆ، لەبارەی گەورەیی و کاریگەرییەکانی د. خەزنەدار دەڵێت: لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەوە بەڕاستەوخۆیی لەگەڵ جەنابی دکتۆر یەکترمان ناسی و منیش پرۆژەکەی خۆم بۆ باس کردو ئەویش بەجوانی لێم تێ گەیشت، بەڕاستی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بوو بەهاوڕێیەکی پرۆژەکەم و هەتا ئێستا بەبەردەوامی وەک قەڵایەک لەپشتمەوە وەستاوەو هانم دەدات، بۆ ئەوەی کۆڵ نەدەم و بنووسم. نازانم چی دەربارەی ئەم مامۆستا



گەورەیە بڵێم؟، باسی کتێبخانە جوانەکەی بکەم، کە شایستەی ئەوەیە بکرێتە کۆڕی زانیاری کورد، یان بەسەنتەری توێژینەوەی کوردۆلۆژی، یان باسی مێژووی ئەدەبەکەی بکەم کە هەزاران لاپەڕەی لەخۆگرتووە. بەڕاستی من باوەڕناکەم کتێبخانەیەکی تر هەبێت کە بەقەد کتێبخانەکەی د.مارف دەوڵەمەند بێت، یان ئەوەندە بەڵگەنامەو وێنەو یادەوەری ئەو پیاوانەی تێدابێت کە بۆ کورد ژیاون.. لەساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٧ نزیکەی ٦-٧ ساڵ پێکەوە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری بووین و من لەهەر دانیشتنێکدا شتێکی تازەو زانیارییەکی دانسقە لەو پیاوە فێر دەبووم، چونکە گەورەی ناومان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شایستەترین کەس بوو کە کورسییەکی کۆڕی زانیاری پڕ بکاتەوە، بەداخەوە من شەرم دەکەم کە کۆڕی زانیاری لەشاری هەولێر بێت و د. مارف ئەندامی ئەو کۆڕە نەبێت. لەگەڵ ڕێزو دڵسۆزیمدا بۆ مامۆستای گەورەم د.مارف خەزنەدار، داوای تەمەن درێژی بۆ دەکەم، بۆ ئەوەی وردە وردە لەکتێبخانە گەورەکەیدا بەردەوام بێت لەخزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و بەڵگەنامەی کوردی، من لەو باوەڕەدام، ئەگەر د.مارف نزیکەی ٦٠ ساڵ لەو کتێبخانەیەدا ئیشی کردبێت، بەڵام بایی ١٢٠ساڵ ڕەنجی کێشاوە.

**کەڵەپیاوێکە بەردەوام حەزی بەخزمەت کردووە**



مارف خەزنەدار لەگەڵ پۆلێک قوتابیان لە یەکێک لە شەقامەکانی کییڤ





هەروەک عەبدولرەحمان فەرهادی شاعیرو نووسەر، پێیوایە ئەم هەشتا ساڵەی کە د. مارفی تێدا ژیاوە هیچ چرکەیەکی نەبووە بۆ خزمەتکردن تەرخانی نەکردبێت و بۆیە دەڵێت: دکتۆر مارف خەزنەدار یەکێکە لە ڕووناکبیرو گەورە نووسەرەکانی گەلەکەمان، کە لەم چەند ڕۆژەدا هەشتایەمین ساڵیادی تەمەنیەتی و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم. من لەساڵانی هەشتاکانەوە د. مارف دەناسم،، بەڵام ئەو ڕۆژانەی کە زیاتر لێی نزیک بوومەوە، سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بوو کە تازە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان ڕوویدابوو، ئەو دەمە ئێواران لەگەڵ چەند برادەرێکی ئەدیب لە ماڵەکەی خۆی لە گەرەکی ڕووناکی سەردانیمان دەکرد کە ئەو دەمە زۆرێک لەئەدیبە ناودارەکان لێی کۆدەبوونەوەو گفتوگۆی زۆر لەبارەی ئەدەبیات و سیاسەتیشەوە دەکرا. ماڵەکەی د.مارف وەک بنکەیەکی ڕۆشنبیری لێ هاتبوو کە ئەوکاتە هیچ شوێنێکی ڕۆشنبیری لە شارەکەمان نەبوو تیایدا کۆببینەوە. من زۆر ئێواران لەوێ دەبووم کە زۆر بەشەرمیشەوە دەچوومە ماڵەکەیان، کەچی هەستم دەکرد ئەو زۆر پێی خۆش بوو، ئێواران، تەنانەت سبەینانیش مەجلیسەکەی قەرەباڵغ بێت. جارێکیان لە مەجلیسەکەیدا بڕیاردرا هەفتەی ئێوارەیەک یەک لەبرادەرە ئەدیبەکان دەقەکەی خۆی بخوێنێتەوە، جا ئەو دەقە شیعر یان چیرۆک یان هەر ژانرێکی دیکە بوایە. ئەوەبوو چەند کۆڕێکی تیا کرا. هەروەها لەبارەی سیاسەتیش، کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد دەهاتنە سەردانی و بەو هۆیەشەوە ئێمە سوودمان لەبیروڕاو بۆچوون و ئەنەلایتە سیاسیەکان وەردەگرت، دواتر وتوویژو بیروڕای جیاواز لەبارەیەوە دەکراو تا درەنگانێک لەوێ دەبووین. بەشێوەیەکی گشتی د.مارف خەزنەدار کەڵەپیاوێکە کە بەردەوام حەز بەخزمەت و میوانداری دەکات، جگە لەوەی کتێبخانە گەورەکەی بۆتە سەرچاوەیەکی مەزن بۆ توێژەران و خوێندکارانی زانکۆو ئەدیبانی میللەتەکەمان، هیوادارم هەردەم لەوپەڕی تەندروستی و خۆشی دابێت و پیرۆزبایی هەشتا ساڵەی تەمەنیشی دەکەم.

### ئەوەی خستوویەتیە ڕوو گەمە

ئاسۆ حەسەن-ی چیرۆکنووس و نووسەریش پێیوایە د. مارف ڕووبارێکە لەمەعریفەت و ئەوەتا دەڵێت: ڕەنگە گرانترین پرسیار لای من ئەوە بێت کە ڕای خۆم بەرامبەر مامۆستایەک یان گەورە نووسەرو





هونەرمەند وکەسایەتیەک دەربڕم، ڕەنگە بەتەمەن و بەبەرهەم و داهێنان ئەوان لە لووتکەدا بن و ئێمەش لەدامێن. لەوانەش نووسەرێکی وەک د. مارف خەزنەدار. لەهەر دەروازەیەک لە دەروازەکانی ژیانی د.مارف گەر زات بکەیت لێی بدەیت و سەری بەنێودا هەڵکێشی، پێم وایە دکتۆر لە لووتکەدایە. لەڕووی نووسین و داهێنانەوە تەنها سەیری حەوت بەشەکەی مێژووی ئەدەبی کوردی بکە. لەڕووی ئەو کتێبخانەو ئەرشیفە جۆراوجۆرەی ماڵەکەی بۆ تەرخان کردووەو ناوی لێناوە مەڵبەندی ڕووناکی کە بەڕاستی بنکەو مەڵبەندێکی ڕووناکی بەخشە، بۆ هەموو ئەوانەی ڕووناکی پەرستن و دەیانەوێ نوێ فێر ببن. لەڕووی کەسایەتیە سادەکەیی و هەردەم ئامادەبوونی بۆ پێشوازیکردن بۆ هەموو کەسێک، لەهەر کاتێکداو یارمەتیدانیان هێندەی بۆ بکرێت. د. مارف خاوەنی ژیانی خودی خۆی نییە، خۆیی و خێزانە فریشتە ئاساکەی هەردەم لەخزمەتی ئەدەب و ڕوناکبیری و کلتوورو کەلەپووری کوردیدان، جگە لەو کتێبخانە گەورەیەی لەماوەی تەمەنیدا کۆی کردۆتەوە، ئەرشیفێکی کلتووری چاکیشی پێکەوە ناوە، لەدارو بەردو پێنووسەوە بیگرە تا دەگاتە سەدان وێنەی مێژوویی و دەگمەن. ئاوات دەخوازم د. مارف هەر تەمەنی درێژ بێت چونکە هەر خولەکێکی ژیانی سوودێکی دی بەبوارەکانی ڕووناکبیری دەبەخشێ، ئەوەش لەنزیکەوە د.مارف دەناسێ دەزانێ ئەو گەورە نووسەرە زۆر


مارف خەزنەدار لە نێو سروشتی باخچەیەک لە نزیک سانت پیترسبۆرگ



زۆری پێیەو ئەوەی خستوویەتیە روو کەمە.

**هەر بەرزو جوانتر بێت ئەو پیاوە گەورەیە**

موحسین ئاوارە-ی شاعیرو نووسەریش کە ماوەیەکی زۆرە ئەم پیاوە دەناسێت و لەخەزێنەی ئەم د. خەزنەدارە شارەزایە دەڵێت: ساڵی ١٩٧٠و بەرەو ژوور دوای رێکەوتننامەی ١١ی ئادار، وەک فەرمانبەرێک دامەزرام و پێناسەی یانەی فەرمانبەرانم پێ رەوا بینراو هاموشۆی یانەم دەکرد، هەر زوو دوای عەسران چاوم بەرووی چەند نووسەرو شاعیرێک دەبۆوە. لەهۆڵێک لەهۆڵەکانی یانە چاوم بەنووسەران دەکەوت، کە دووقۆڵی و سێ قۆڵی و تاک دادەنیشتن بەتایبەتی د.مارف خەزنەدارو محەمەد مەولود مەم و عەبدوڵلا پەشێو و عەزیز گەردی و کەریم شارەزا بەیەکەوە دادەنیشتن، هەروەها یادی بەخێر یوسف دەرکەلەیی و محەمەد مەنگوری و ئەحمەد شەریف و سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەر کرمانج و مستەفا رابەرو هیوا سەرهەنگ..هتد پێکەوە دەبینران، جا وێنەی ئەوسای د.مارف خەزنەدار لەگەڵ ئەو مەودا زەمەنییەی بەسەریا تێپەڕبووەو تەمەن پەی پێ بردووە لەگەڵ ئێستای کە جارجار لەماڵەوە سەردانی دەکەم دوو وێنەی چەشنی رۆژهەڵات و رۆژئاوابوونە. د.مارفم واناسی و منیش خولیای شیعرو نووسین داگیری کردبووم. بەلام تەمەنم شەرمێکی لا دروست دەکردم بچم لای ئەوان دانیشم، هەرچەندە جار جار بەشەرمەوە سلاوم لی دەکردن و پەشێو بانگی دەکردم بەو نووسەرانەی دەناساندم و پێی دەوتم: بزانم چی تازەت نووسیوە؟، ئەوە هاندانێک و پشتگیریەک بوو بۆ من لەو رۆژگارەدا. دواتر لەساڵانی هەشتاکان لەگەڵ شەهید عەبدولخالق مەعروف و شەهید نوری نانەکەلی و ئیسماعیل خۆشناو و مامۆستا حەیدەر هەمزەو چەند برادەرێکی تر وا رێککەوت لەماڵی د.مارف داوەت بین. پیاوێکە لەماڵی خۆیدا زۆر دەست و دڵ فراوان و دەوڵەمەندە، کە میوانی دەبێ بەو بێت چی هەیە لەماڵ هەمووی بخاتە بەر دەمت. ئیتر لەو رۆژەوە تاکو ئێستا هاموشۆی ئەو پیاوە جوانە رۆح سووکە دەکەم و تا ئێستاش بەحورمەت و لوتفەوە لە پێشوازیدایەو باسی ژیانی ئەدەبی ئەم و ئەو دەکات و نوێترین کتێب و مەسەلە گەرمەکانی ئێستاو دوێنێ، لەماڵەوەی دەردەچم تا بەر دەرگە بەرێم دەکات، پیاوێکە لووت بەرز نییەو خاکییە. ئەو کتێبخانەی کە هەیەتی هێندە دەوڵەمەندە بەو زانیاریانەی کە پشتاو پشت میللەتەکەمان لێ سوودمەند بێ، خۆزیا تەمەنی هەزار ساڵ بووایە. بەلام تەمەنیش



لەچوارچێوەیەک دەگیرێ کە سنووری قەدەرو پیریەتی نابەزێنێ. هەر بەرزو جوانتر بێت ئەو پیاوە گەورە.

**د. مارف خەزنەدار**

*ناوی تەواوی مەعروف عەبدولقادر مەعروف عەزیز ئاغا خەزنەدار-ە. لە ۱۹۳۰/۱۱/۱ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری هەولێرو ئامادەیی لەشاری کەرکووک تەواو کردووە.

*ساڵی ۱۹۵۲ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی و پاشان دەبێتە فەرمانبەر بەپلەی نووسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ئەوکاتە تا ساڵی ۱۹۵۷.

*ساڵی ۱۹۵۷ خوێندنی زانکۆی تەواوکرد لەکۆلێژی ئاداب لە بەغداو بەکالۆریۆسی لەزمانی عەرەبی بەدەست هێناو بووە مامۆستای زمانی عەرەبی. لەئاداری ۱۹٦۰ پەیوەندی بە البعثە العلمیة العراقیة کردو بۆ ماوەی نۆ مانگ بوو بەخوێندکار لەمۆسکۆ. پاشان لەشاری سانت پترسبۆرگ نیشتەجێ بوو بووە خوێندکاری خوێندنی باڵا لە بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی لەپەیمانگای دیراساتی ڕۆژهەڵات سەر بەئەکادیمیای زانستی ڕوسیاو بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێنا، لەکۆلێژی ڕۆژهەڵات لەزانکۆی سانت پترسبۆرگ بڕوانامەی دکتۆرای بەکۆی دەنگی لیژنەی گفتوگۆ بەدەست هێنا لەساڵی ۱۹٦۳. ساڵی ۱۹٦۸ بووە مامۆستا لەبەشی کوردی زانکۆی بەغداو هەڵبژێردرا بەسەرۆکی ئەو بەشەو تیایدا بەردەوام بوو تاکو خانەنشینبوونی لەساڵی ۱۹۸۱ دا.

*لە ۱۹۷۳ دا ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەری وەرگرت.

*لە ۱۹۷۹ دا ناونیشانی مامۆستای بەپلەی پرۆفیسۆر وەرگرت.

*ساڵی ۱۹۷۳ بەشی کوردیی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا دامەزراند.

*وەکو نووسەرو سەرنووسەر لەچەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکدا کاری کردووە.

*۳۲ کتێبی چاپکراوی هەیە لەنووسین و وەرگێران و لێکۆڵینەوەو بواری خوێندن، لەگرنگترین ئەو چاپکراوانە مێژووی ئەدەبی کوردییە، کە لە حەوت بەرگ پێکهاتووە.

*ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقە.

*لەساڵی ۱۹٦۰ ەوە ئەندامی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانە.

*ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان بووە.

*بەداخەوە شەوی ۲٦/۲۵ی ۲۰۱۰/۱۰ کۆچی دوایی کرد.



# چل ڕۆژ لەمەو بەر پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار ماڵئاوایی لێ کردین



چەند خۆشە پیاو بلیمەت و بە توانا بێت بۆ ئەوەی کاتێک ماڵئاوایی هەتا هەتایی دەکات کەسانێک هەبن دوای ئەو خۆیان بە خەمخۆر بزانن و پرسەی ماتەمینی بۆ بگێڕن .

ئاشکرایە هیچ هێزێک نییە بتوانێت بەربەست لەبەر یاسای سروشت دابنێت و ڕێگری لێ بکات هەروەک حاجی شاعیر دەڵێت (فەلەک ئاشێکی وای ناوەتەوە بۆ هاڕینی ئێمە عەجایب دەسووڕێتەوە).

زۆرن ئەوانەی ئۆغری هەتا هەتایی دەکەن بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی خەڵکی بۆیان غەمبارو دڵگیر دەبن ئەمانە کەسانی سادە نین بە ماڵئاوایی کردنیان درزی گەورە بەجێدەهێڵن ئەستەمە بتوانرێت بەئاسانی شوێنیان پڕ بکرێتەوە ).

مامۆستا (مارف خەزنەدار) وەک پرۆفیسۆرێکی بلیمەتی بواری ئەدەبیاتی کوردی چل ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری قەڵاو منارە دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ تەمەن دڵە گەورە پڕ لە هیوایەکەی لە لێدان کەوت و چاوەکانی لێکناو کۆچ و کۆچباری بەرەو دونیای هەمیشەیی تێکنا خەم و پەژارەشی بۆ ئێمە جێهێشت .

ژیناوایی مامۆستا (مارف خەزنەدار) لە (٢٠١٠/١٠/٢٥) کۆستێکی گەورە





بوو کەلێنێکی گەورەی خستە ناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی توانی بەشارەزایی خۆی زیاتر لە نیو سەدە بێوچان خزمەتی خوێندکارانی کورد بکات لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو سلێمانی و سەلاحەددین . بەسەدەها بگرە بە هەزارەها خوێندکاری پێگەیاند مامۆستای خوالێخۆشبوو شارەزاییەکی باشی هەبوو لە پسپۆڕیەکەی نەترسانەش ئەسپی خۆی تاو دەدا لەهەمان کاتیشدا بواری نیشتمانپەروەری فەرامۆش نەدەکرد لە ڕێگای شیکردنەوەی هۆنراوە نیشتمانیەکانی شاعیرانی کلاسیکی خوێندکارانی جۆش دەدا و داوای لێ دەکردن دڵسۆزبن بۆ خاک و ئاوی نیشتمان داوای وەفاداری لێ دەکرین .

ئەم ئامۆژگاریانەی لە ڕۆژانێک بوو کە کورد ڕوویەڕووی گەورەترین پیلانی دوشمنکاران ببوەوە کە ئەویش مۆرکردنی ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیر بوو لە (١٩٧٥/٣/٦) کە نسکۆی بە گەورەترین شۆڕشی کورد هێنا .

ئێمەی خوێندکار ئەوکات بەدڵێکی پڕ حەسرەتەوە گەڕابووینەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خوێندنی خۆمان بدەین دوای دابڕانمان لە خوێندن بەهۆی پەیوەندیکردنمان بە ڕیزەکانی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٤) .

ڕۆژانێک بوو تروسکەی ڕووناکی لە هیچ سووچێکی ئەم سەر زەمینە هەستی پێنەدەکرا بەلام بەتوانای دڵسۆزان توانرا دوای ماوەیەکی کورت تەنگ بەم شەوەزەنگی نائومێدی هەڵبچێندرێت .

مامۆستا مارف خەزنەداریش وەک تاکە تروسکایی لە زانکۆی سلێمانی ببوەوە مایەی ئومێدو دڵنەواییمان لەم کاتە سەختەی خەبات ئەوەی زیاتر مامۆستای گەورەتر کردبوو ئەوەبوو هیچ کاتێک ئامادە نەبوو قەڵەمەکەی بفرۆشێت و بە شان و باڵی فاشستەکان هەڵبدات .

بۆیە هەقی خۆیەتی ئەمڕۆ وەک وەفاداریەک بەم چەند دێرە مامۆستای ڕۆژانی سەختی خەباتم بەسەر بکەمەوە شایستەی زۆر لەمەش زیاترە کۆتایی بابەتەکەشم بەم هۆنراوەیەی حاجی قادر دەهێنم کە دەڵێت :

(مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە
ئەوەی بمێنێت تەنها هەر ناوە)

**کازم عومەر دەباغ**
**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**
**٢٠١٠/١١/١٤**



# کۆچی پڕ ناڵەی مامۆستا خەزنەدار

## پەیامی وەفاداری لەنێوەندی ئەکادیمییەوە لە بەغدا

پ.ی.د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید



مارف خەزنەدار لەگەڵ قوتابیانی بەشی زمانی کوردی زانستگەی بەغدا 1968

لەسەرەتای سالانی حەفتاکاندا کەوا تازە خەریک بوو سەهۆڵبەندی سەر ڕێی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی سالانی شەستەکان دەتوایەوە، کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد لە گۆرەپانی ئەدەبیاتدا بە گروتینێکی کەم وێنەوە خزمەتی کلتووری کوردییان دەکرد، لەو باوەڕەدام کەش و هەوای ئەو سەردەمە وێڕای تاڵی و تفتی لەبار بوو بۆئەوەی ئەدیب و نووسەر و لێکۆڵەری بەتواناو خاوەن هەستی پاک و بیگەردی تیا بخولقێ بەبێ پاشاگەردانی و دەرکردنی خاوەن نووسینی کرچ و کاڵ و بێ پێز، ڕەنگە ئێستا ئەم ڕاستییە پتر ڕوون ببێتەوە، بەتایبەت گەلێک لەو بەرهەمانە بوونەتە زادەی توێژینەوەی چڕ و تەنانەت نامەی ماجستێر و دکتۆراشیان بۆ تەرخان کراوە.

لەنێو ئەو کەلە نووسەرانەدا، کەوا دەتوانم بە دەسکە گوڵێکی جوان و ڕەنگین و بۆنخۆشیان بشوبهێنم، چەند کەسێکی تایبەت هەبوون کە وێڕای ئەو ئەرکە پیرۆزە ئەرکێکی دیکەی شەرەفمەندییان بەجێ دەهێنا، دەتوانم بە پێشەنگ و ڕابەری بوارەکەیان بدەمە قەڵەم، کە ئەویش مامۆستایەتی زانکۆ و کاری ئەکادیمی بوو، کە بۆ نەتەوەی



کورد پیشەیەکی نوێ بوو، مژدەی ئاسۆیەکی گەشی هەڵگرتبوو.
ئەو ئازادارانە لەدەرەوەی وڵات خوێندنی ئەکادیمیان تەواوکردبوو، پسپۆر بوون لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، لە رادە بەدەر دڵسۆزی نەتەوەکەیان بوون، تەنانەت توانیان خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بگەیەننە پلەیەکی بەرزی زانستی و ئەو هەنگاوە پیرۆزەی مامۆستاکانی پێش خۆیان، کە زۆربەیان پسپۆڕ نەبوون، تەنها لێهاتوویی و توانستی تایبەتی ڕێگای بۆ خۆش کردبوون لەو بوارەدا کاربکەن و بەرەو پێشەوەی بەرن.
ئەوەبوو بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا چ لەکۆلێژی زمان بووبێت یا ئاداب یان پەروەردە ببوون بە گۆرەپانی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە، بێگومان ئەوان کەش و هەوای کارکردنیشیان هەمیشە لەبەر کارتێکەری باری سیاسیدا بووە، بەڵام بەهەق مرۆڤی دڵسۆز بوون، خزمەتی نەتەوەکەیان لەهەموو شتێ لا پیرۆزتر بوو.
سەرەتا من مامۆستا د. مارف خەزنەدارم لەساڵی ١٩٧١ لەڕێگای رادیۆی کوردی بەغداوە لە نزیکەوە ناسی، ئەو دەزگایەش لەو رۆژگارەدا دەتوانم بڵێم تاکە دەزگای راگەیاندنی کوردی بوو، منیش تازە تیایدا دامەزرابووم و لە ئەرشیفەکەیدا کارم دەکرد، خۆشبەختانەش رۆشنبیرانی کورد کە زۆربەیان بەرنامەیان پێشکەش دەکرد، سەرەتا دەهاتنە ئەرشیف و دواتریش دەچوون بەرنامەکانیان تۆمار دەکرد، بۆیە لەگەڵ زۆربەیان شووناسیم پەیداکردبوو، بابەتەکانیشیانم دەخوێندەوە یا گوێم لێ دەگرتن، نەک هەر من بەڵکو جەماوەرێکی زۆر گوێبیستی ئەو بەرنامانە



میهرەجانی نەورۆزی ساڵی 1973 لە پێش بانەخانەی تاقی کیسرا نزیک بەغدا






یەکێتی نووسەرانی کورد بەشداری لە رێڕەوی جەژنی چینی کرێکار دەکەن - بەغدا 1971

بوون، چونکە رادیۆ لەو رۆژگارەدا سەرچاوەیەکی سەرەکی بوو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی و زانستی و پەروەردەیی..هتد. بۆیە نابێ رۆڵی ئەو دەزگایە لەمێژووی کلتووری کوردیدا پشتگوێ بخرێت.

مامۆستا خەزنەدار بەرنامەی رۆژهەڵاتناسی پێشکەش دەکرد، بە زمانێکی پاک و بێگەردی شیرین سەرنج و بیروڕای ئەو رۆژهەڵاتناسانەی باسی دەکرد، کەوا سەردانی کوردستانیان کردبوو، خوالێخۆشبوو لەکۆتاییدا گشت ئەو دەقانەی کە لە بەرنامەکەدا دەیخوێندنەوە لەچوارچێوەی کتێبێکی نایابدا بەزمانی عەرەبی بەناوونیشانی "تأريخ الاستشراف والدراسات العربية والكردية" ساڵی ١٩٨٠ چاپ کرد. کاتێکیش ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرام، مامۆستا خەزنەدارم باشتر ناسی، چونکە کەس ئەوەندەی خوێندکار مامۆستای خۆی ناناسێ، بەرێزیان ئەوکاتە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بوون، لە راستیشدا سەرۆکی هەردوو بەشەکەی زمانی کوردی بوو لە هەردوو کۆلێژی ئاداب و پەروەردە، چونکە هێشتا لەیەک جیا نەبووبوونەوە.

مامۆستا خەزنەدار، بەراستی ئازناوەکەی بەخۆیەوە بوو لەبەرئەوەی خەزنەی زانست و زانیارییەکانی گەورەبوو، خاوەنی بیروباوەرێکی پاکی کوردایەتی بوو، لەو رۆژگارەدا لەپاش هەرەسی شۆڕشی کورد و کارەساتی ساڵی ١٩٨٤ هەستی خۆشەویستی و نیشتیمان و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی لە وانەکانیدا روون و ئاشکرا بوو.. لە کات دەگەڕا بۆ چەسپاندنی ئەو سۆزە



پیرۆزە لە دڵ و دەروونی خوێندکارەکانیدا. کەرکووکی بە شاری خۆی دەزانی. راستەوخۆ بە عەرەبکردنی ئەو شارەی بەتاوان دەدایە قەڵەم.
هەتا ئێستا هەندێ دیمەن و هەڵوێستم لەبەرچاوە.. جارێک لە باسی رێنووسی کوردیدا گوتی: ئێوە دەزانن رێنووسی کوردی گەلێک لە رێنووسی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەوتووترە. ئەوکاتە هەندێک لە خوێندکارەکان ئەوەیان لا سەیر بوو.. بەلام مامۆستا بۆی روون کردنەوە کە لە رێنووسی کوردیدا هەلەی رێنووسی زمانەکانی دی لەبەرچاو گیراوە. ئەو هەلانەی بەدرێژایی مێژوو بارێکی قورسی بۆ بەجێهێشتوون و چارەسەری زۆر زەحمەتە.
مامۆستا خەزنەدار. هەر لەو سەردەمەدا لە بەغدا کە مەلبەندی رۆشنبیری کوردیش بوو لەسەر ئاستی کاری رۆژنامەنووسیش دەستی بالای هەبوو. بەتایبەتی لە گۆڤارەکانی "رۆژی کوردستان" یەکێتی ئەدیبان واتا" نووسەری کورد" کۆلێژی ئەدەبیات و"دەفتەری کوردەواری" داخوازییەکەشی بۆئەوەی هەموو سالی رۆژی"٤/٢٢" بکرێت بە جەژنی رۆژنامەنووسی کوردی و سەنگی خۆی هەبوو.
لە سالی ٢٠٠٠ کە لە هەولێر سەردانم کرد بۆ پرس و را دەربارەی ناوونیشانی نامەی ماجستێرەکەم"ئەسیری ژیانی و شیعرە بلاوکراوەکانی" زۆری پێ خۆش بوو لەسەر ئەم شاعیرە دەنووسم. وتی: راستە لە بابەتی شیعری سیاسی کوریدا باسم نەکردووە، بەلام وتارێکی چڕوپڕم لەسەر نووسیوە بە ناوونیشانی"گەشتێک بەناو گولزاری ئەسیری" لە رۆژنامەی "هەولێر" بلاوکراوەتەوە. تەنانەت دانەیەکیشی پێشکەش کردم. بابەتی کتێبەکانی مامۆستا خەزنەدار هەر هەموویان نایابن. بەتایبەت مێژووی ئەدەبی کوردی، کە بە حەوت بەرگ لە حەوت کتێبی قەشەنگ و ناسکدا پێشکەشی خوێندکارانی میللەتەکەی کردووە.
هەزار سلاو لەگیانی پاکی مامۆستای دکتۆر مارف خەزنەدار کە بەراستی نەمرەو شایانی ئەوەیە ناوی بەرز رابگرین، تەمەن درێژیش بۆ هاورێکانی.
بەناوی مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی زمانی کوردیشەوە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا لە بۆنەی کۆچی پڕ لە نالەی مامۆستا خەزنەداردا پرسە رادەگەیەنین و سەرەخۆشی لەگشت خەمخۆرانی نەتەوەکەمان دەکەین. با رۆژی کۆچی دوایی"٢٠١٠/١٠/٢٥"مامۆستا خەزنەدار بکەین بە رۆژی تازەکردنەوەی پەیمان بۆ خزمەتکردنی کلتووری نەتەوەکەمان.



# پردی خۆشەویستی من و مارف خەزنەدار.. هونەرەکەم بوو!!

**دارا محەمەد عەلی**



دارا محەمەد عەلی و مارف خەزنەدار

لە سەردانیکی بۆ هەولێر، بە رەحمەت بێت پ.د. مارف خەزنەدار لە٢٤/١٩٨١/٢، بەرێزیان تەشریفیان هێنا بۆ پێنجەمین پێشانگای تایبەتیم، کە لە یەکێک لە هۆڵەکانی"یانەی فەرمانبەران"ی ئەوکاتی هەولێرم کردبۆوە، لەژێر ناوونیشانی "هونەر بۆ کۆمەڵە" ئەو هاتنەی بەرێزیان پەیوەندی نێوانمانی بەهێزترکرد، چونکە هەوڵی دەدا پتر بەدواداچوونی هونەرەکەم بکات و هەردەم دەیگوت: دارا گیان: لە کردنەوەی پێشانگاکانت ئاگادارم بکەوە. هەر لەم پێشانگایەدا تابلۆیەک بەناوی"لەبارەی ئەژدیهاکەوە"ی هەلبژارد. بابەتی کەڤالەکە هێمایەک بوو بۆ زوڵم و چەوساندنەوەی مرۆڤ. منیش ویستم وەکو دیاری پێی ببەخشم. بەلام هەرگیز قبوولی نەکرد و جزدانەکەی دەرهێناو هەقەکەی"٥" دیناری ئەوکاتی بوو پێی دام و گوتی: تا بۆم رێک دەکەوێ با تابلۆکە هەر لای خۆت بمێنێتەوە، رۆژهات، مانگ چوو، مانگ هات، ساڵ چوو، دیاربوو بەغدای جێهێشتبوو و رووی لە ولاتی"جەزائیر" کردبوو، وەکو مامۆستایەک بۆ وانە گوتنەوە. لەو پێشانگایەدا وای بۆ تۆمار کردم و دەڵێ: "بەلای منەوە ئەگەر هونەرێکی



کورد بتوانێ"ناوەرۆکی کوردەواری"بدۆزێتەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستبوونی هونەری کوردی، دەمێنێتەوە دروستکردن و تەکنیک. رەنگە ئەمەیان لە رۆژگاری ئێستاماندا کارێکی قورس بێ. کاک دارا لە دۆزینەوەی ناوەرۆک سەرکەوتووە، هەرچی دروستکردن و تەکنیکیشە ئەگەر لەگەڵ تەمەنی بەراورد بکرێ زۆر هەوڵی سەرکەوتنی داوە، ئومێدەوارم کاک دارا بەشدارییکی بەتوانا بکا لە دروستکردنی هونەری وێنەکێشانی کوردەواری کە بەلای منەوە دەستی پێکردووە. هەولێر ١٩٨١/٢/٢٤".

پاش گەڕانەوەمیان بۆ بەغدا ئینجا هاتنەوەی بە یەکجارەکییان بۆ شاری هەولێر، ئەمجارەیان لە پێشانگای دەیەمم"تەوژمی ئاخ لەناو ئاوێنەکانم"دا لەساڵی ١٩٩٨ چاومان بەیەکتر کەوتەوەو پێمگوت: دکتۆرگیان لەیادت ماوە؟ گوتی. بەڵێ. بەڵێ. تابلۆکە. ئیتر زۆر پێکەنین. بەڕاستی هاتنی ئەو بەڕێزە بۆ پێشانگاکانم حاڵەتێکی سەیری لەلام دروست دەکرد، چونکە ئەو وەختەی خۆی بۆمن تەرخان کردبوو تاکو بتوانێت بمخوێنێتەوە. هەربۆیەش دەیگوت: داراگیان رۆژانی غەیری کردنەوەی پێشانگاکانت ئامادە دەبم، هەرواش بوو زۆر لەسەرخۆو بە هێمنی تابلۆکانمی دەهۆناندەوەو بەچاوێکی زۆر هونەرییانە سەیری کارەکانی دەکرد و پاشان لەنێوانماندا گفتوگۆ دروست دەبوو. هەستم بەو کەڵە مامۆستاو ئەدیب و رووناکبیر و رۆشنبیرە مەزنە دەکرد، کە هونەرەکەی منی خۆشدەوێت و چێژی تایبەتی خۆی لێ وەردەگرێ و بەردەوام هانم دەداو دەستخۆشیم لێ دەکات، کە



لەسەر ئەم ڕێچکە هونەرییەم، وابزانم هەر لەم پێشانگایەمدا بوو داوای لە کوڕی بەڕێزیان"بنیاد" کرد، ئەو نووسینەی کە بۆمی لە دەفتەرەکەدا تۆماری کردبوو، بۆی بنووسێتەوە!!! سەیرکەن لەو گرنگی و دڵسۆزییەی ئەو مرۆڤە بەرامبەر بە راو بۆچوون و قەڵەمەکەی خۆی، دەبێ ئەوەیان چ حاڵەتێک بێت لەوکاتەدا. کە بەسەر دڵ و دەروونیدا هاتبێ!!!

لە دواییشدا دیاربوو تابلۆی"کرێکاران" زۆر سەرنجی ڕاکێشابوو. کارەکانی ئەم پێشانگایەش هەر هەمووی"گرافیک هامێز" بوون، بە تەکنیکی نیمچە"کۆلاژ" ئەنجامدرابوون، هەربۆیە پاش پێشانگاکە تابلۆکەی خۆی و تابلۆی"کرێکاران"م بۆ ئامادە کرد و لەگەڵ دایکی لاوین سەردانیکمان کرد، زۆر دڵخۆش بوو بە ئێمەو بە تابلۆکان..

رای خۆشی بەرامبەر بەم پێشانگایە وا دەربڕی: "بڕێک کاغەز و هەندێک قەڵەمی ڕەش و ڕەنگاو ڕەنگ، بەڵام خەیاڵێکی فراوان و عەقڵێکی ژیر و دەستێکی ڕەنگین ئەوەی بۆ خەڵکی سەلماندووە، کە کوردە زاگرۆسییەکان دەتوانن بچنە ریزی ئادەمیزادی ئاساییەوە.

ئەم بەرهەمە هونەرییانە بەڵگەی بوونی نەتەوەییک ئەدگاری تایبەتی خۆی هەیە، گیتییکی سۆفیزمی هەمیشەیی دروست کردووە، بە کپی و بێدەنگی رەسەنایەتی نواندووە، بەبێ چەپڵەلێدان. ئەم کۆمەڵە وێنەیە دەچنە ناو پێشانگای هەمیشەیی هونەری شێوەکاری کوردی. بژی هونەروەر.

مارف خەزنەدار - ١٩٩٨/١١/١٠.

کەم زۆرێک هاتوچۆی ئەم بەڕێزەم دەکرد. کە هەردەم دەرگای لەسەر پشت بوو بۆ قوتابی و خوێندکار و ئازیز و خۆشەویستانی خۆی، مرۆڤێک بوو پتر"بۆمن. بۆتۆ"دەژیا نەوەک بۆخۆی!!!"واهات رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٨سەردانێکی بەڕێزیانم کرد لەماڵەوە. هەواڵی پێشانگای چواردەمین"پەیامێکی نوێ"م پێ ڕاگەیاند، کە نمایشی دووەم لە هۆڵێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێربوو، زۆر پێی خۆش بوو، رۆژەکەی باراناوی و کەمێک سارد بوو، دیاربوو کەمێک تەندروستی باش نەبوو.. لەگەڵ ئەوەش چوو خۆی ئامادەکرد و خۆی پێچایەوەو کڵاوە رووسییەکەشی لەسەر دانا. لەو ئانەدا دایکی میدیا گوتی: بۆ کوێی دەبەی. گوتم: خەمت نەبێ و نەترسی و چی لێ ناکەم. دکتۆر گرژییەوەو لەماڵ دەرکەوتین، ئینجا لە گەڕانەوەشدا گوتم: دایکی میدیا ئاگاداربە ئەوەتا د. مارفم بە سەلامەتی بۆت هێنایەوە. زۆر بەداخەوە ئەوەشیان دوا نووسینی پ.د. مارف خەزنەدارە لەسەر کارو بەرهەمەکانم لەم پێشانگایەدا:

"داهێنانی هونەری ئەگەر لە پلەیێکدا بوو یەکسەر تێی نەگەی ئەمە کارێکی







دارا محەممەد عەلی و مارف خەزنەدار لەکاتی هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند

باشە، چونکە دەبێتە بیرکردنەوەی بۆئەوەی تێی بگەی، هەر لەبەر ئەوەشە "هونەر بۆ هونەر" دروشمێکی باشە، کە بۆخۆی بوو مومتاز دەبێ، دیارە بەهەموو جۆرێکیش هەموو داهێنانێکی هونەر لەدواجاردا بۆ میللەتە.

ئەم داهێنانەی دارا محەمەد عەلی بوون بەهۆی ئەوەی قسەی سەرەوە بکەم، بەرزییەتییان لەوەدایە هەرکەسێک بەجۆرێک تەفسیری بکا، بەڵام لەدواییدا خۆی لە هەقیقەتێک دەدۆزێتەوە بەختیاری میللەت و سەربەستی خاکی تێدایە، تەبریکی هونەروەر دارا محەمەد عەلی دەکەم، هەروەها سوپاس بۆ رەنج و کۆششی،

**مارف خەزنەدار**
**٢٠١٠/٢/٢٨**
**هەولێر**





برای خۆشەویست کاکە دارا! دوو جۆرە وێنەی شێوەکاری بە هونەری
پیشاندراوە: هێڵکاری و ئەبستراکت. لە هەردووکیاندا داهێنانەکەی
لەوەدایە ئەو مانایانەی هەن و تۆ بۆی دەچیت، ئەو بۆی نایەت.
دیارە پێویستیش ناکا ئەوەی تۆ ئەو بیری لێ دەکاتەوە، یا ئەوەی
ئەو مانای تۆ بیرا بێ.

کاکە دارا ئەوەندە ڕەنگینی (دەستەیە) بەیەکی تا نوێی بە کاملی دروست بووە،
ڕۆژگار تەنیا خێری ئەمە تاریکی کردووە، پێشی بیست ساڵ
ئەمێستا لە ژیانی ئەو سەردەمە کردووە، بەڵام ئێستا
ئەمێستا لە هاوچەرخ و دوا ڕۆژ دەکا.

لە ژیانتدا بەختیاری بۆ دەخوازم، لە کارتدا سەرکەوتنی
بۆ دەخوازم.

عارف خەزنەدار
٢٠٠٥/٥/٤

عارف خەزنەدار دنیایەك لە وێنە و ڕەسەنەکۆنێك لە کتێب





بەڕێکی کتابەکە زۆر هونەرییە، ئەوەی [illegible] بەڵام [illegible]
[illegible] کە کوردەوە [illegible]
[illegible] کاسێك بێوە.
ئەم بەرهەمە هونەرییانە [illegible]
هەیە، [illegible] دروست کردووە، [illegible]
[illegible] ئەم کارانە [illegible]
[illegible]

١٠/١٢/٢٠٠٨

عارف خەزنەدار

داهێنانی هونەری ئەگەر لە یەکێك دا بوو بە کەرتێ
ئەگەری ئەمە کارێکی باشە، چونکە دەبێتە بیرکردنەوە بۆ
ئەوەی تێی بگەین، هەر لە بەر ئەوەشە دەهونەری کوندە..
دروستێکی باشە، کە بۆخۆی بوو موفتار دەبێ، دیارە
بە هەموو جۆرێکیشی هەموو داهێنانێکی هونەری لە دواجار دا
بۆ میللەتە.
ئەم داهێنانەی مامۆستا محەمەد عەلی بوون بە هۆی ئەوەی
قسەی سەیرەوە بکەم، بەڕێزیە تێیان لەوەدا یە هەر کەسێك
بە جۆرێك تەفسیری بکا، بەڵام لە دوایی دا خۆی لە هەقیقەتێك
دەدۆزێتەوە بە هەستیاری میللەت و سەربەستی خەڵکی تێدایە،
ئەرێکی هونەرەوەری مامۆستا محەمەد عەلی دەکەم، هەروەها
سوپاسی بۆ ڕەنج و کۆششی

هەولێر:
٢٠١٠/١٢/٢٨



# لە سەرەتادا وشە بوو، لە کۆتاییشدا هەر وشەیە!


د. مەولود ئیبراهیم حەسەن



د.مەولود ئیبراهیم و مارف خەزنەدار ٢٠٠٧/٢/٨

مرۆڤەکان، ئێمەش هەرهەمووومان وەکو یەک لەدایک دەبین و دێینە ژیان، لە مردنیشدا ئەو مردنەی"جەستە"ی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەر هەمووشمان وەکو یەک دەمرین! ئەوەی کە ئێمە، مرۆڤەکان لێک جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دەکەوێتە نێوان"ژیان" و "مردن". مرۆڤ"بوون"ی بەدەست خۆی نییە! هەروەها"مردن"یشی بەدەست خۆی نییە! بەڵام، ئەوەی دەکرێ بەدەست خۆی بێت! بەشێکە لەو بەشانەی کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردن. ئایا کێن ئەوانەی کە دەتوانن"بەشێک!"لەو بەشانەی نێوان ژیان و مردن بەدەست





لە کونی شانەدەرەوە بۆ نەمریی وشە

خۆیان بێت و بەدڵی خۆیان بێت؟!

لەسەر ئەم زەوییە، بێ ژمارە"مرۆڤ!" لەدایک بوون! ئەو بێ ژمارە لەدایکبووانەش هەر هەموویان مردوون! مردنی بە جەستە! بەشی هەرە زۆری ئەو مردووانە، نەیانتوانی لەوە پتر بژین، کە لەنێوان لانک و گۆڕدا ژیان، لەگەڵ لەدایکبوونی جەستەکانیان لەدایکبوون و ژیان، لەگەڵ مردنی جەستەکانیشیان مردو مردن، بەڵام، ژمارەیەکی کەم! یەکجار کەم، توانیان لەنێوان مردن و ژیاندا گۆرانییەک بڵێن: کارێک بکەن، کە گۆرانی گوتنەکە، کارکردنە بە ویست و ئارەزووی خۆیان بێت! توانیان گیان بەبەر گۆرانییەکاندا بکەن و نەمریی بە کارەکانیان ببەخشن!

گلگامش لەوە سەرکەوتوو نەبوو، کە بتوانێ"گیای نەمریی"بخوات و نەمر بێت! بەڵام، لەوە سەرکەوتووبوو، کە توانی"گۆرانی نەمریی"بڵێ: ئەو گۆرانییەی نەمرییەکەی لە زیندوویتی"وشە"دا بوو.

من نازانم گلگامش ئەگەر گیای نەمری بخواردبایە، چەند دەژیا؟! بەڵام، ئەوە دەزانم کە ئەوە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە، گلگامش لەسایەی گوتنی وشەوە دەژی! جا کێ هەیە لە گلگامش زیندووتر؟!

"فیردەوسی"شاعیری گەورەی فارس، زیاتر لە هەزار ساڵە گوتوویەتی: من لەمەودوا نامرم، چونکە"تۆ"ی "وشە"م چاندووە! ئەو کۆشکەی من باوباران کاری تێ ناکات! چونکە کۆشکەکەم لە وشە دروست کردووە، بەڵام، ئەوەی بۆ یەکەمینجار تۆی وشەی چاند،"گلگامش"بوو، ئەوەی بۆ



یەکەمینجار کۆشکی لە وشە دروستکرد، هەر گلگامش بوو، ئەوەی بۆ یەکەمینجار هۆیەکانی نەمریی! لە"ئاوی نەمریی" و"گیای نەمریی" و "سێوی نەمریی"یەوە گۆری بۆ"وشەی نەمریی" هەر گلگامش بوو.
ئەوانەی لەسایەی گیای نەمریی و ئاوی نەمریی و سێوی نەمریی، ژیانی نەمرییان بەدەستهێنا، هەر بۆ خۆیان بەدەست هێناو هەر بەتەنیا خۆیان نەمر بوون!
بەلام، گلگامش، چونکە لەکاتی بەدەستهێنانی گیای نەمریی، گیاکەی نەخواردو بۆ شاری"ئورووک"ی هێنایەوە تا بیچێنێ بۆئەوەی هەموو خەلکی ئورووک لەو گیای نەمرییە بخۆن و هەر هەموویان نەمرین! واتا گلگامش نەمریی بۆ هەمووان دەویست! ئاواش دواجار و جارێکی تر لەڕێگای"وشەی نەمریی"یەوە، دەرگای نەمریی بۆ هەموولایەک خستە سەرپشت! بەلام، کێن ئەوانەی کە دەستیان بە وشەی نەمریی دەگات و نهێنی نەمریی وشە دەدۆزنەوە؟!
گلگامش، لەوە سەرکەوتوو نەبوو کە بتوانێ"گیای نەمریی"لەشاری ئورووک بچێنێ! بەلام، توانی وشەی نەمریی لە کێلگەی "ژیان" و "جیهان"بچێنێ! دەی کێن ئەوانەی کە دەتوانن وشەی نەمریی بچێننەوەو لەسایەی زیندوویێتی وشەوە نەمریی بەدەستبێنن؟!
لەدوای چیرۆک و بەسەرهاتی گلگامش، خەلکی دەستیان لەوە شووشتووە کە لەسایەی گیای نەمریی و ئاوی نەمریی و سێویی نەمرییەوە زیندوویێتی بەدەست بێنن، لەوڕۆژەوە لەسایەی گلگامشەوە، خەلک فێری ئەوە بوون کە بەدوای"ئاوی وشە" و "گیای وشە" و "سێوی وشە"دا بگەڕێن، بۆئەوەی نەمریی بەدەستبێنن! چونکە دەرکەوت ئەوانە لەسایەی وشەوە زیندوون! زۆر لەوانە زیندووترن کە بە جەستە زیندوون! گلگامش هەتا بە جەستە دەژیا، هەر تەنیا خەلکی شاری"ئورووک" و "ولاتی سۆمەر"گلگامیشیان دەناسی، بەلام، ئێستا لەسایەی گیانی زیندووی وشەوە، هەموو دنیا گلگامش دەناسێ، ناسینێک زۆر زیاتر لەوەی کە لەسەردەمی ژیانی جەستی گلگامش خەلکی ئورووک گلگامشیان دەناسی، بەختەوەرن، ئەوانەی کە"گیای نەمریی وشە" بۆن دەکەن و"سێوی نەمریی وشە" دەخۆن و "ئاوی نەمریی وشە"دەخۆنەوە.
دکتۆر مارف خەزنەدار، لەتەمەنی هەشتا سالی خۆیدا، زیاتر لە شەست سال لەگەل "وشە"دا ژیاو بۆ"وشە"ژیا، لەپێناو وشەدا ساردی و گەرمی رۆژگاری چێشت و رۆژهەلات و رۆژئاوا و ئاسیاو ئەفریقیای کرد، دەچووە هەر ولاتێ وشەی لەگەل خۆی دەبرد و لە هەر ولاتێکیش دەگەرایەوە،






د.مەولود ئیبراهیم و مارف خەزنەدار ۲۰۰۷/۲/۸

وشەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوەو نوێژی وشەی دەکرد و بۆ وشە بەرۆژوو دەبوو. حەجی وشەی دەکرد و بەردەوام لەنێو پەرستگای وشەدابوو.
دواجار لەسەر بەرماڵی وشەو لەنێو پەرستگای وشەدا گیانی زیندووییتی خۆی بە وشە سپاردو، جەستەی خۆی بە خاک. ئەو بەیانییەی لەبەر دەرگای ماڵی"مامۆستا" کۆ ببووینەوەو چاوەڕێی بەخاکسپاردنی جەستەکەیمان دەکرد. ڕێبوارێک ڕووی لەیەکێ لەوانە کرد کە -چاوەڕێ-یان دەکرد و پرسی و گوتی: ئەوە چی دەکەن؟ کابرا لەوەڵامدا گوتی: دەچین دکتۆر مارف دەشارینەوە، لەدڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی ڕاست بکات و دکتۆر مارف"بشاردرێتەوە؟!"ئەگەر شاردنەوە مانای بزرکردن بێت؟! بۆچی دکتۆر مارف هەر تەنیا جەستە بوو؟! ئەو جەستەیەی کە چەند کیلۆئێسک و پێست و دەمارێک بوو؟ تۆ بڵێی: گۆڕ بتوانێ دکتۆر مارف بشارێتەوە؟! ئایا ئەو چەند خاکەناسە خۆڵە دەتوانێ دکتۆر مارفمان لێ ون بکات!!
بەڵێ! جەستەکە دەشارێتەوە! بەڵام، دکتۆر مارف!! ئەو جەستەیە هی دکتۆر مارف نەبوو! چونکە کاتێ لەدایک بوو، بەخواستی ئەو لەدایک نەبوو! ئێستاش کە مردووە، بەخواستی خۆی نەمرد! ئەوەی کە خواستی دکتۆر مارف بوو، دکتۆر مارف توانی بیکات! ئەوەبوو کە گیانی خۆی بخاتە نێو"جەستەی وشە" لەنێوان ژیان و مردندا. ئەو گیان خستنە نێو گیانی وشەیە. ئەوەبوو کە دکتۆر مارف دەیویست بیکات و توانی بیکات.
جەستەی دکتۆر مارف، لەکارکەوت و مرد! مردو بە خاکمان





سپارد. بەلام، گیانی دکتۆر مارف نەمردووەو نامرێ! جەستەی دکتۆر مارف چووە نێو گۆڕ. بەلام، گیانی دکتۆر مارف چووە نێو جەستەی وشە! وشەی نەمر. بۆیە دکتۆر مارف. دکتۆر مارفی وشە نەمردووە! بەلکە لە قۆناغێکی ژیانەوە، چووەتە قۆناغێکی تری ژیان، قۆناغی ژیانی هەمیشەیی. ژیانی نێو گیانی وشە. بەلێ وشە لەدایک دەبێت. بەلام نامرێ! هەربۆیە لەسەرەتادا وشە بووەو لەکۆتاییشدا هەر وشەیە.



# نووسەر و ئەدیبی زانای کورد پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار

کەریم شارەزا



**لەدایکبوون و خوێندن و پایەی زانستی:**

نووسەری لێهاتوو و ئەدیبی زاناو خامە رەنگینی کورد. پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار کوری عەبدولقادر کوری مارف کوری عەزیز ئاغای خەزنەدار، ناسراو بە"مارف خەزنەدار"لە رۆژی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمی سالی ١٩٣٠لەشاری هەولێری دێرین لە بنەمالەیەکی زانست و ئەدەب پەروەر لەدایکبوو. لەو دەمەدا باوکی فەرمانبەرێک بووە لەو شارەدا. بنەمالەکەیان لەسەردەمی باپیرە گەورەیانەوە لە گوندی"کیلە زیندان"ی سەر بە قەزای کۆیە چوونەتە سلێمانی و لەدواییدا عەبدولقادری باوکی لەشاری هەولێر جێگیر بووەو بووەتە فەرمانبەر لەشارەوانی هەولێر و مارف لەم شارە مێژووییەدا





پەروەردە بووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە زاینگەی خۆی ساڵی ١٩٥١دا بە زیرەكی تەواو كردووەو ماوەیەك بووەتە مامۆستاو لەدواییدا بۆتە فەرمانبەر لە شارەكانی هەولێر و كوت و بەغدا. لەساڵی ١٩٥٢دا لە بەغدا چووەتە كۆلێژی خانەی باڵای مامۆستایان و لە بەشی زمانی عەرەبی خوێندوویەتی و لەساڵی ١٩٥٧دا خوێندنی بە پلەیەكی بەرز تەواوكردووەو بڕوانامەی بەكالۆریۆسی وەرگرتووەو كراوە بە مامۆستای زمانی عەرەبی لە پارێزگای كەركووك. لە ناوەندی شەرقیە دامەزراوەو وانەی لە ئامادەیی كەركووكی ئێوارانیش گوتووەتەوە. تاكو ساڵی ١٩٥٩، لەساڵی ١٩٦٠دا لە زەمالەیەكی خوێندن چووەتە یەكێتی سۆڤییەتی جاران تاكو خوێندنی باڵا تەواو بكات لە پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەكادیمیای زانستی سۆڤییتی لەشاری لینینگراد خوێندوویەتی و لەئەنجامدا بڕوانامەی ماجستێر و دكتۆرای لەسەر باسێكی گرنگی ئەدەبی كوردی بەناوی"مێژووی ئەدەبی نوێی كوردی"وەرگرتووەو ئەم نامەیە لەساڵی ١٩٦٧دا لە خانەی بڵاوكردنەوەی سەر بە ئەكادیمیای سوڤییتی بە زمانی ڕووسی چاپ و بڵاوكراوەتەوە. ئەمەش بووەتە یەكەمین كتێبی كوردی كە بە زمانی یەكێك لە زمانە ئەوروپییەكان لەبارەی مێژووی ئەدەبی نوێی كوردییەوە چاپ و بڵاو بكرێتەوە.

نووسەر ئەم بابەتە لەنێوانی ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٣بەردەوام نامەی دۆستایەتی بۆ دەنارد و هەندێ سەرچاوەی ئەدەبی لە ڕێگای پۆستەوە بۆ دەناردە لینینگراد بۆی ڕەوانە دەكرد، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی كە لە ڕووسیا چنگی نەدەكەوتن تاكو لە نووسینی نامەكەی دكتۆرایدا سوودیان لێ وەرگرێ و لەهەمان كاتیشدا كتێبی"كۆیەو شاعیران"بۆ ئەم و پسپۆر قەناتی كوردۆییف و جەلیلی جەلیل كە لەساڵی ١٩٦١ دەرچوو نارد و سوپاسیان كرد.

دكتۆر خەزنەدار كە لەساڵی١٩٦٧دا گەڕایەوە عێراق و بە مامۆستای ماددەی ئەدەبی كوردی و مێژووی ئەدەبی كوردی لە كۆلێژی ئەدەبیاتی سەر بە زانكۆی بەغدا دامەزرا. لەدواییدا بووە سەرۆكی بەشی كوردی لەو كۆلێژە لەنێوان ساڵانی١٩٧٣-١٩٨١و لەدواییدا بووە دامەزرێنەری بەشی كوردی لە كۆلێژی پەروەردەی سەر بەزانكۆی بەغدا.

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە ساڵانی ١٩٨٨ تاكو ٢٠٠٦كرا بە مامۆستای



ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی سەر بە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر و سەرپەرشتی بەدەیان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی خوێندکارانی ماجستێر و دکتۆرای لەبواری زمان و ئەدەبی کوردی کرد.
دکتۆر خەزنەدار لەساڵی ۱۹۷۳ پایەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرت و لەساڵی ۱۹۷۹شدا پایەی پرۆفیسۆری وەرگرت و ئەم مامۆستا زانایە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و رووسی و تورکی







و فارسی بەچاکی دەزانی سەری لە زمانەکانی ئینگلیزی فەرەنسیش دەردەچوو.

**رۆڵی پرۆفیسۆر خەزنەدار لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا:**

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار ئەدیبێکی لێهاتووبوو، بەرلەوەی ببێتە مامۆستا لە زانکۆ، گەلێک بەرهەمی بەهێزی لەبواری چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کێش و سەروای شیعری کوردی هەبوو. بۆیە خوێن گەرم و دڵسۆز بوو بۆ خولقاندنی بزووتنەوەیەک لە ئەدەبی کوردیدا بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی، بۆ ئەم کارەش لەگەڵ دەستەیەک لە نووسەرانی کورد لە چیرۆکنووس و شاعیر و رەخنەگری ئەدەبی ڕێککەوت بۆ داواکردنی دامەزراندنی یەکێتییەک بەناوی"یەکێتی نووسەرانی کورد" وابوو لەدوای ساڵی ١٩٦٩دا داوایان کرد وەزارەتی ناوخۆی عێراق مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرایانی پێ بدات و بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیان پێوە لکاند و لە ١٩٧٠/٢/١٠دا مۆڵەتەکەیان پێدرا. دکتۆر مارف ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی یەکێتییەکە بوو، کاتێکیش کە کۆنگرەکە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە هۆڵی"خولد" لە بەغدا بەسترا، لە دوا دانیشتنی کۆنگرەکەدا دکتۆر مارف و ١٦ ئەندامی دیکە بە سەرۆکایەتی هەژار موکریانی بە یەکەمین دەستە هەڵبژێردران و دکتۆر خەزنەدار کرایە سەرنووسەری گۆڤاری"نووسەری کورد"ی زمانحاڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ساڵانی ١٩٧١ تاکو ١٩٧٣.

**پرۆفیسۆر خەزنەدار و کۆڕی زانیاری کورد:**

حکومەتی عێراق لەدوای ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا مۆڵەتی دامەزراندنی"کۆڕی زانیاری کورد"ی دا و پرۆفیسۆر خەزنەدار بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری کۆڕەکە هەڵبژێردرا. چونکە دەنگێکی تەواوی بەدەستهێنا لەناو نووسەر و زمانەوانانی کورد. کەچی لە هەیکەلی کۆڕەکە دوای دەستبەکاربوونی لەبەغدا بەشداری نەکرد.

بەڵام دوای ڕاپەڕینە مێژووییەکەی جەماوەری کورد لە دژی ڕژێمی بەغدا لە بەهاری ١٩٩١ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ بە ئەندامی کارای ئەو کۆڕە هەڵبژێردرا کە ناونرا "ئەکادیمیای کوردی" و خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی کوردی کرد.

**کاری ڕۆژنامەنووسی:**

دکتۆر خەزنەدار ڕۆژنامەنووسێکی خامە ڕەنگین بوو، بەشداری لە





نووسینی گەلیک رۆژنامەو گۆڤاری کوردی عەرەبی کردووە، وەک نووسەر یاخود سکرتێری نووسین یان سەرنووسەر. لەوکاتەی کە لەدواناوەندی هەولێر بووە بەشدارییەکی باشی لە نووسینی بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیری لە رۆژنامەی"هەولێر - أربیل"دا کردووە، کە زمانحالی کۆمەڵەی مامۆستایان بوو. لەساڵانی ١٩٥٠ تاکو ١٩٥٣ لە هەولێر دەرچوو. لە ساڵانی ١٩٥٣و ١٩٥٤یش کاری پتەوی بەعەرەبی لە گۆڤاری"ئەلصەحیفە"دا دەنووسی و لەدواییدا بەشدارییەکی کارای لە دەرچواندنی گۆڤاری"شەفەق"دا دەکرد، کە لە ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٣ لە کەرکووک دەردەچوو. لەساڵی ١٩٧٠شدا گۆڤاری"دەفتەری کوردەواری"لە بەغدا دەرچواند. ئینجا لە ١٩٧١دا بووە سەرنووسەری گۆڤاری"نووسەری کورد" وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد و رۆڵیکی تەواویشی هەبوو لە دەرچواندنی گۆڤاری"رۆژی کوردستان"ی زمانحالی کۆمەڵەی رۆشنبیری لە بەغدا لە ساڵانی ١٩٧٢ – ١٩٧٥ لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی گۆڤاری"ئەلئاداب"ی سەر بە زانکۆی بەغدا لە ساڵانی ١٩٧٣تاکو ١٩٨١.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار نزیکەی ٦٠ کتێبی لەبواری ئەدەبی کوردی و مێژووی کورد و چیرۆکی خۆش خۆش و بیرەوەرییەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی و رووسی لە ساڵانی ١٩٥٤ تاکو دوارۆژەکانی ژیانی داناوەو بڵاوی کردوونەتەوە، گرنگییەکی زۆری دا بە مێژووی ئەدەبی کوردی و هەتا ٧ بەرگی گەورەی لەبواری"مێژووی ئەدەبی کوردی"داناو دەزگای ئاراس بەچاپی گەیاندن، لەسەردەمی ژیانیداه بەرگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی چاپکرد و دوو بەرگی بە دەستنووسی ماونەتەوەو چاپکردنیان کەوتۆتە ئەستۆی رۆڵەکەی و، ئەم زانایە گەلیک سەرچاوەی بەنرخی لە زمانی رووسییەوە کردۆتە عەرەبی کە لە کورد و مێژوو و ئەدەبیاتەکەیەوە دەدوێن.

**کۆچی دوایی:**

پرۆفیسۆر خەزنەدار لە شەوی ٢٥-٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠دا لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتییەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە ریورەسمیکی شیاودا بەخاکی نیشتیمانەکەی سپێردرا و لەدوای خۆی کتێبخانەیەکی گەورەوگرانی پڕ لە سەرچاوەی ئەدەبی و مێژوویی بە نرخی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و رووسی و فارسی و تورکی لەپاش بەجێما و سڵاو



# ئەو... مەملەکەتێک بوو لە قەڵەم و کاغەز

بنیاد خەزنەدار

(پێشکەشە بە ڕۆحی بەرزەفڕی (مارف خەزنەدار)ی باوک و مامۆستا)



مارف خەزنەداری باوک و بنیادی کوڕی لەکاتی گفتوگۆی نامەی ماستەر ٢٠٠٩/٩/٢٦ هەولێر





ئەو... ژیانی لێوانلێو بوو لە بۆنی کاغەز و قەڵەمی باڵا بەرز و دەفتەرە پەڕە زەردبووەکان
ئەو... ژیانی قەسیدەییکی پڕ غەزەل و شیعرێکی کلاسیکی بەرز بوو
ئەو... (مێژووی ئەدەبی کوردی) بۆ نەوەکانی کورد نووسییەوە و (کوردیادە) ی کردە داستانی   تۆمارکراوی بەسەرهات و مێژووی گەل
ئەو... (ئەڵەمان کوردی) کردە حیکایەتی کووچە و کۆڵانەکانی هەولێری دێرین و باسی لە (دڵداری قەدەغەکراو)ی کیژۆلەییک کرد لە پێچ و پەناکانی قەلات و قەیسەری کۆن
ئەو... (بووکە شووشە)ی کردە دیاری کوڕە کوردێک بۆ کیژۆلەییکی ڕووس لە سەهۆڵبەندانی شەقامەکانی سانت بیترسبورگ
ئەو... ژیانی سەفەرێکی ڕووحی بوو بۆ دەست لە ملانێی مەلا خدری نالی و مەحبووبە لە خاک و خۆڵی شارەزوور
ئەو... دیجلەییک بوو لە هزر و دەریاییک بوو لە مەعریفەت و ڕۆشنبیری
ئەو... قەڵەم پەرست و کاغەز پەرست بوو، بە بۆنی کتێب دەژیا و لە ناو دیوارەکانی نامەخانەدا نقوومی بەهەشتێکی ڕاستەقینە دەبوو
ئەو... دەریاییک بوو لە یارمەتی و بەزەیی و پانتاییکی بێ تخووب بوو لە سادەیی و گەورەیی
ئەو... مامۆستاییکی پڕ زانیاری و باوکێکی میهرەبان بوو
ئەو... بۆ کورد ژیا و لە پێناو وشەی کوردی دەست لە ملانێی خاکی کوردستان و گۆرستانی چراغ بوو
ئەو... بەرز بوو بە قەد باڵای قەلات و سەربەرز بوو بە قەد منارەی چۆلی
ئەو... ئاسمانێک بوو لە داهێنان و ئاسۆییکی گەش بوو لە ئەدەب و ڕۆشنبیری
ئەو... مارف خەزنەدار بوو

چاوت لێکنێ ئەی باوک و مامۆستا، تۆ هەمیشە زیندووی و لە شانۆی یادەوەرییەکاندا هەمیشە ئەکتەرێکی دیار و بزر نەبووی.
وێنەت هەردەم لە تەختەی خەیاڵماندا ئامادەیە، و دەلاقەی (پەرستگاکەت) کتێبخانەکان شانازی بە بەرهەمەکانت دەکەن.



# وداعاً ياشعلة (روناكي)



مستەفا سالح كەريم ، جەمال خەزنەدار ، ئەحمەد هەردی ، مارف خەزنەدار- سەيد سادق ١٩٨١

مصطفى صالح كرم

• برحيل الأديب الكردي البارز معروف خزندار انفطرت حبة لؤلؤة اخرى من عقد اللآلئ الذي كان يزين جيد الأدب الكردي. لم يكن البروفيسور الدكتور معروف خزندار لؤلؤة ثمينة فحسب بل كان جوهرة نفيسة لاتقدر بثمن. سيظل شعبنا معتزاً بهذه الجوهرة.

• عاش هذا الرجل طوال ستين عاماً للأدب والثقافة. قدم خلالها عصارة فكره وزهرة شبابه الى الأدب الكردي. منذ أن عرفته وجدته جاداً في عمله رصيناً في سلوكه. متواضعاً. لايبحث عن المال والجاه كل همومه منحصرة في مكتبته العامرة ونتاجاته الأدبية الغزيرة.

• في مطلع الخمسينيات من القرن الماضي عمل في صحيفة (هولير) مع نخبة من الاساتذة المعروفين. وفي منتصف الخمسينيات أصدر كتابه الأول (أغاني من كردستان) ضم باقة عطرة من الشعر الكردي تلقفها الباحثون العراقيون وعشاق الشعر بلهفة وشوق. وحين سافر الى الاتحاد السوفياتي لاكمال الدراسة العليا ترجم عدداً من القصص الكردية الى الروسية. كانت تلك بداية جيدة لتعريف



# مارف خەزنەدار
# پیاوێکی باڵا سنەوبەری

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

پێم وایە دوایین دیداری من و مارف خەزنەدار لە مانگی ئایاری ساڵی پار بوو کە بە سەردان لە پاریس گەڕابوومەوە بۆ کوردستان. لە ئێوارە کۆڕێکی ئەکادیمیای کوردی دوای تەواو بوونی کۆڕەکە ئێمە کۆمەڵێک نووسەر بووین بە یاوەری جەمال خەزنەدار بۆ هەواڵپرسین و سەردانی چووین بۆ ماڵی مارف خەزنەدار. کە چووین ئەو چاوەڕوانی دەکردین و بە خۆی و کتێبیکەوە لەگەڵمان کەوتە گفتوگۆ و هێشتا تارمایی مەرگ لێیەوە دوور بوو. ئەو ئێوارەیەی مارف کۆچی دوایی تێدا کرد و من بێئاگام بوو لەوەی کە ئیدی ئەم ئێوارە ئەم چرا رووناکەی وشەی کوردی دەکوژێتەوە لای خۆمەوە هەر لە خەیاڵی ئەوەدابووم بەڵکو سەردانێکی ئەو پیاوە گەورەیە بکەم دەنگوت دڵم خەبەر دەدات کە ئیدی جارێکی دیکە ناتوانم ئەم پیاوە گەورەیە ببینمەوە، رێکەوت وابوو ئەم ئێوارە نەمتوانی سەردانی ماڵی دوکتۆر مارف بکەم و بۆ بەیانییەکەی زوو عەبدوڵڵا زەنگەنەی خۆشەویست سپێدە زوو تەلەفۆنی بۆ کردم و دڵم داخورپا دەمزانی ئەم تەلەفۆنە زووە ئاسایی نییە و هەر زوو گوتی (دڵنیا نەتزانیوە مارف خەزنەدار ئەمشەو کۆچی دوایی کرد) تەلەفۆنەکە بڕا و ئیدی کاتی قسەکردن نەمایەوە و ئەمە ئەو هەواڵە ناخۆشە بوو کە چاوەڕێم نەدەکرد و پێم وابوو مەرگ جارێ وا زوو دەست ناێنێتە ملی ئەم پیاوە باڵا سنەوبەرییە، وەلێ ئەفسووس کە مەرگ هات نە کەس دەناسێ و نە پرسیش بە کەس دەکات.

ناسینی من و دوکتۆر مارف خەزنەدار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوبەندی دەستپێکی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی رابووردوو ئەو کاتەی من هێشتا قوتابی ئامادەیی بووم ئەویش مامۆستای زانکۆ و ئێمە لە کتێبخانەی حەیدەری لە هەولێر زوو زوو یەکترمان دەبینی. ئێستە کە ئەم دێڕانە دەنووسم پێم سەیرە ئەم پیاوە گەورەیە چەندە خاکی و ئینساندۆست بوو و باڵای هێندە بەرز بوو کە هەر زوو بووین بە هاوڕێ و وەبیرم دێ کتێبی رووسی پێدەدام و رێنوێنی دەکردم و گفتوگۆمان هەبوو و پێوەندیمان زۆر دۆستانە و هاوڕێیانە بوو. لە بیرمە من ئەوساکە هەر وەکو شێت سەرسامی زمان و ئەدەبیاتی رووسی بووبووم و خەونم بەوە دەبینی رۆژێک بە رووسی بخوێنمەوە و بنووسم. هێندەی نەبرد مارف خەزنەدار بۆ دەرس گوتنەوە




و بۆ خۆ رزگارکردن لە دۆزەخی بەعس چوو بۆ جەزایر و لەوێوە نامە و نامە گۆڕینەوە لە نێوانماندا بوو و ئای لە گەورەیی ئەم پیاوە بزانن چۆن نامەی بۆ منێک نووسیوە کە ئەوسا نەک هەر نەناسراو بووم و بگرە هێشتا قوتابی قۆناغی ئامادەیی بووم چۆن نامەی بۆ نووسیوم، ئێستە کە ئەم نامانە دەخوێنمەوە سەرم لە گەورەیی و خاکیەتی ئەم پیاوە سوڕدەمێنێ و تێدەگەم ئای کە چەندە جوانن ئەم مرۆڤانەی بالایان ئاوا بەرز وەکو دار سنۆبەر هەلچووە. کاتێکیش دەمویست بڕۆم بۆ فەرەنسا بۆ خوێندن لە بیرمە مارف خەزنەدار یەکێک لەو مامۆستایانە بوو کە زۆر بەگەرمی نامەی پشتگیری بۆ نووسیوم و نامەی راسپاردەی بۆ چەندین دۆستی دیکەشی نووسی بۆ پاریس.

بنووە ئوستادی ئـەدەب و وشـەی کـوردی و بێخەم بە نووسین و کتێبخانەکەت کە بۆ کوردت جێهێشتووە هەر وەکو چرا دڕ بە تاریکی دەدەن و تا هەتا هەتایە هەر بە زیندوویی دەمێننەوە. دیمانەتان بەخێر و سلاو لە رۆحی پاک و بەرزتان، مالئاوا مەنزلی هەمیشەییتان پڕ بێت لە نوور و جێگەتان بەهەشت بێت.

**هەولێر**


**شەوی ٢٢ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠**






**کارتی جەژنانە بە بۆنەی سەری سالی تازە کە لەلایەن مارف خەزنەدارەوە بۆ د. نەجاتی عەبدوللا لە ١٩٨٢/١٢/٧ لە جەزائیرەوە بۆی ناردووە**




Dr. Marouf KHAZNADAR
Institut des Langues et Littératures
Université de Annaba
Annaba - ALGERIE

دکتور معروف خزنه دار
معهد اللغات والآداب
جامعة عنابة
عنابة - الجزائر

١٩٨٣/١٢/٧

**نامەی مارف خەزنەدار بۆ د. نەجاتی عەبدوڵڵا**
**١٩٨٣/١٢/٧ عەنابە - جەزائیر**



ANNABA _ ALGERIE

١٩٨٤/١/٢٨

**نامەی مارف خەزنەدار بۆ د. نەجاتی عەبدوڵڵا**

**١٩٨٤/١/٢٨ عەنابە - جەزائیر**



# ماڵئاوا ئەی خاوەنی عەقڵی ئینسکلۆپیدیایی پیرە هەولێر

د. ئازاد حەمە شەریف




مارف خەزنەدار و د. ئازاد حەمە شەریف لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ - سلیمانی ٢٠٠٨

زۆر دەگمەنن ئەو عەقڵانەی پێیان دەگوترێت عەقڵی ئینسکلۆپیدیایی. بێگومان د. مارف خەزنەدار یەکێک بوو لەو خاوەن عەقڵە دەگمەنانە. هەر لەسەرەتاوە کە بە وەرگێران ئەسپی رەسەنی خۆی تاودایە ناو بواری ئەدەبەوە تا دەگاتە بواری چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و تۆمارکردنی بیرەوەری. ئەو پیاوە جوانە نوورانییە بێ پسانەوە تا چەند رۆژێک پێش چاونووقاندنی لە دنیا هەر خەریکی ئەدەب و رۆشنبیری بوو.

ئەو پیاوە ئاسکە تا بڵێی مرۆڤێکی خاکی و بێ فیز بوو کە ئەمەش یەکێک لە ئاکارەکانی مرۆڤی زانا و رۆشنبیرە. دەرگای دڵ و فیکر و ماڵی ئەو پیاوە بۆ هەموو کەسێک، گەورە و بچووک، هەموو رەنگێک و هەموو رەگەزێک





باوەڕنامە

دەمێکە ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس ئازاد حەمە شەریف دا هەیە. دوو باوەڕنامەی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانستگای بەغدا وەرگرتووە، یەکەمیان بەکالۆریۆس (١٩٨٠) و دووەمیان ماجستێر (١٩٨٣). لە زانستگا وانەی ئینگلیزی وتووەتەوە. چەند بەرهەمێکی لە ئەدەبی ئینگلیزییەوە گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کۆمەڵێک وتار و باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە بارەی کورد و نەتەوەکانی ئەورووپا بڵاوکردووەتەوە. جگە لەمە ئازاد حەمە شەریف جموجۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە، بەشداری لە دروست کردنی ڕێکخراو و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دا کردووە.

بەهۆی ناسینی ئازاد حەمە شەریف و شارەزاییم لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەتوانم ئەوە دەربڕم کە توانای زانستی و ئەکادیمی هەیە بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنی بەرزدا. بێگومان ئەمەش ڕێگایەکی فراوانتری بۆ دەکاتەوە لە پێناوی خزمەت کردنی ئەدەبی کوردی و ناساندنی بە بیانە و پێگەیاندنی نەوەی تازە لە لاوان و گەنجانی کورد.

هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

هەولێر (أربيل) ٢٠/٦/١٩٩٤

پرۆفیسۆر دکتۆر عارف خەزنەدار
کۆلێژی ئەدەبیات - زانستگای سەلاحەدین


کراوە بوو، کە ئەمەش ئاکارێکی دیکەی مرۆڤی کامڵ و زانایە.
تا چەند مانگێک بەر لەماڵئاوایی یەکجارەکی. بیری ئەو پیاوە هەر زیندوو و ورد و ڕاست و دروست بوو. هەر پرسیارێکت لێی بکردایە دەربارەی بوارێکی ڕۆشنبیری یان مێژووی هەولێر و پیرە قەڵات و کەسایەتییەکانی ئەو شارە، ئەو بەڕاستی وەڵامێکی ورد و بەسوود و تێروتەسەلی دەدایتەوە. هەر بەڕاستی عەقڵی ئەو مرۆڤە ئینسکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو کە بەتاقە کلیک کردن لەسەر وشەیەک، ڕستەیەک یان دەستەواژەیەک دەکەوتە گەڕ.



مرۆڤێکی هێندە بێ رق و کینە بوو هەموو کەس و شتێکی باشی خۆشدەویست. توانای تازەپێگەیشتووی گەنجانی خۆشدەویست. هەمیشە خەڵکی هاندەدا بۆ پتر خۆ رۆشنبیرکردن. بروانامەی پشتگیری بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن بۆ زۆر کەسی ئەم شارە یان مامۆستایانی زانکۆ دروست کردبوو. ئاگاداری ورد و درشتی چالاکییە رۆشنبیرییەکانی نەوەی خۆی و نەوەکانی دوای خۆیشی بوو. ئەمەش ئاکارێکی دیکەی مرۆڤی زانا و رۆشنبیرە.

نامە و نامەکارییەکانی د. مارف لەگەڵ زۆر لە نووسەران و رۆشنبیران و مامۆستایانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە. لەناو نامەکانی (محەمەد مەولود مەم) دا چەندین نامەی دانسقەی د. مارف هەن کە پڕن لە هەستی پاک و سەرنجی ورد دەربارەی باری رۆشنبیری ئەدەبی کوردی یان چیرۆک و نووسینەکانی (مەم)ی زیندوو. وەکو لە هاوڕێ نزیکەکانی د. مارف بیستوومە کە ئەگەر نامەکانی ئەو مرۆڤە مەزنە کۆبکرێنەوە و چاپ بکرێن خۆیان لە خۆیاندا ئەرشیفخانەیەکی دەوڵەمەند پێکدەهێنن.

هیوادارم دۆستان و هاوڕێیان و ئەندامانی بنەماڵەی د. مارف دەستوبرد بکەن بۆ لەچاپدانی بەرهەمە پاشمەرگەکانی ئەم نووسەرە بلیمەتە رۆح سووکەی خاوەن عەقڵی ئینسکلۆپیدیایی شارەکەمان.



ئیسماعیل بەرزنجی ، مارف خەزنەدار ، زاگرۆس ئەحمەد کەمال ١٩٨٨/١٢/٣١



# لە بەر بەرۆچکەی یادەکاندا

**کاکە مەم بۆتانی**



یادە تاڵ و شیرینەکان، چاک و خراوەکان، سەرمایەی ئاییندەی مرۆڤن، گەر بۆ کەسیشی نەگێڕیتەوە، خۆشی فەرامۆش بکا، لەخەوا نمایشی دەکاتەوە.. چیشتەنگاوی ڕۆژی خۆرئاوابوونی پرۆفیسۆر مارف خەزنەداری هەمیشە زیندوو، بەناو گۆرستانی دێرینی"چراغ"دا هەنگاوی نائومێدی، مەلوولی ئامێزم هەڵدەهێنایەوە، گۆرەکانی بەرپێم هاوێر دەکردن "کە لەبەر سێبەری بازاڕی نیشتیماندا دۆشدامابوون" ساتەکانی ناسینی مارف خەزنەداری لاوی، تازە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی بەغدام وەبیر دەهاتەوە، یادەکان، لە دارە مەیتەکە هەڵدەتەقییەوەو دەکەوتە ژێر زەبری دەنگ و سەدای"ئەڵڵاهو ئەکبەر"و بە کێلی گۆرەکاندا هەڵدەقژاو بەرووی یادەکانمدا دەنیشتەوە، یا دیتدی بەدوای خۆیدا بەخەبەر دەهێنا.

١- لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵێ لاوی کەرکووکی، بیری کوردایەتییان لەئامێز گرتبوو، بەئاشکرا دەبزوان بە نهێنی، پزیشکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانمان دەپژاند. بەدەم خوێندنیشەوە، چاوبازی و دڵداری هەرزەکارانە. لەو ساڵانە، خوێندکاری پۆلی چواری زانستی تەمەن"١٩ - ٢٠"ی ئاکە سانەوی کەرکووک بووم، لەتەک ئەمران: جیهان سدیق شاوەیس، لەتیف حامید، شێت عەزیز بەرزنجی، دارا و

ئەفراسیاب مەجید باوەڕ و. شەهید عەلی عەسکەری و. مامۆستایان جەلال حوسێن قەرەداغی و نوردەین عەبدولرەحمان و. چەندەها کوردپەروەری تر، هاوسۆز و هاودەنگی یەکتری بووین، سەرکردەو ئەندامانی بەرزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان"نهێنی"و ئەندامی تازە هەڵچووی پارتی دیموکراتی کوردستان"نهێنی" بووین.

پاش ڕێککەوتنی"وارشۆ - ١٩٥٦"ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان"کە بڕیاری کۆنگرەی پارتی دامەزرابوو"و یەکێتی قوتابیانی عێراق" کە لەژێر باڵی حیزبی شیوعی عێراقیدا کاریان دەکرد"بڕیاردرابوو کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، تاکە ڕێکخراوی کوردستانی باشوور بێت"هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، زۆربەی موتەسریفییەتی موسڵ"بارەگای سەرەکی"بە نهێنی"لە کەرکووک بێت"کە بارەگای نهێنی مەکتەبی سیاسی پارتیشی لێ بوو" کۆی ڕێکخراوەکەش ببێتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی عێراق" کە بارەگای نهێنی لە بەغدا بوو".

بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەش، بەڕابەری شەمسەدین موفتی، هەردوو سەرکردایەتی لەماڵی"تایەر مستەفا و عومەر دەبابە"کۆبوونەوە، دەستەی بەڕێوەبەری تازە پێکهێنرا. من بوومە بازنەی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی عێراق"دا، لەڕێی"حەبیب محەمەد کەریم"ەوە چاوم بە یەکێک لەم سەرکردانە دەکەوت: مەحمود عوسمان، شەمسەدین موفتی، فازیل سەعید. چالاکییەکانی خۆمانم پێ ڕادەگەیاندن، ئەوانیش بڵاوکراوە نهێنییەکانیان بۆ ئامادە دەکردم، بەسەر شارەکانی کوردستاندا پەخشمان دەکرد.

ئەم زرووفەی تێی کەوتبووم و ژیانی خێزانم، وای کردبوو، مامۆستاکانیش بەچاوی قوتابی سەیرم نەکەن، بەهۆی هاموشۆی ماڵی ئەمران: ئیبراهیم ئەحمەد و نوری شاوەیس، ناسیاریم لەتەک مامۆستایان: جەمال نەبەز و مارف خەزنەداری هەمیشە زیندوو پەیداکرد، لەتەک هاوڕێیانم لێیان نزیک دەبووینەوە"کە زۆر نەبوو، خوێندنیان تەواوکردبوو، لە قوتابخانە ناوەندییەکانی کەرکووک وانەیان دەوتەوە" گوێمان بۆ قسەکانیان هەڵدەخست و ڕێنماییان دەکردین، هەندێ جار پیاسەشیان لەگەڵدا دەکردین.

من.وەک ئەندامێکی پارتی،لەڕێی سیاسەتمەداری ناودار"حەمید عوسمان"ەوە بە بیری چەپ و فەلسەفەی مارکسی پەروەردە دەکرام. پارتیمان بە حیزبی شیوعی کوردستان دەزانی، حەزمان دەکرد، کوردستانییەکانی ناو حیزبی شیوعی، واز لە عێراقچییەتی عەرەبی بێنن و لەناو پارتیدا درێژە بەخەباتی چینایەتی بدەن!، لەپاڵ ئەمەشدا، بەهۆی نەبەز و خەزنەدار و خالید دلێر، خەریکی بەرهەمی ئەدەبی بووم. قوتابخانە ئەدەبییەکانم ئەزبەر دەکرد.





کتێبی ئەدەبی عەرەبی"بەتایبەتی میسری و لوبنانی"م دەور دەکردەوە، چ لە میوانخانەی"سیندەباد"و چ لە "یانەی فەرمانبەران" لەتەکیاندا دادەنیشتین، بەرێزەوە گوێمان دەگرت. دۆستایەتی و جۆری بیرکردنەوەی ئەوسا. ئەدیبە لاوەکانی کەرکووکی کردبووە چەند گروپ و دەستەیەک زۆربەی ئەدیبە لاوەکانی قۆزیەوە، چەپرەو و شیوعی بوون، بەرھەمەکانیان عەرەبی بوو. ئەوانەی بیرم ماون لە کوردەکان: محیدین زەنگەنە، یوسف حەیدەری. لە عەرەبەکان: فازل عەزاوی، ئەنوەر غەسانی، جەلیل قەیس، ناسی ئەلیاس. دیانەکان: سەرجۆن پۆلس، جار ریمز.

ئێمەی بەری"قەلا"ش زۆربەمان نەتەوەییانە بیرمان دەکردەوە، بەرھەمە کاڵ و کرچەکانمان بەکوردی بوون، ئەوانەی بیرم ماون"کەمال بێزار، جیهان شاوەیس، حەمید تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، بەندە. هەمووجاری لەدەوری مارف و جەمال کۆ دەبووینەوە. باسەکان یەکتریان دەخواردەوە. خەزنەدار ماڵی هەبوو، نەبەز لە هوتێل دەژیا. بۆیە لە جەمال نزیکتر بووین، کە ناسیاریمان لەگەڵ خەزنەدار پەرەی سەند. هاموشۆی ماڵیشمان دەکرد و هەندێ جار کتێبی ئەدەبیشی دەدایێ بیخوێنینەوە. کە کتێبی"اغانی کوردستان"ی بڵاوکرایەوە"بریتی بوو لە کۆمەڵە شیعرێکی کوردی، خەزنەدار کردبوویە عەرەبی"ئێمەی قوتابیانی دەوری. وەماندەزانی بەرھەمی ئەدەبی خۆمانە!. من بەسۆزەوە دەمخوێندەوەو لەگەڵ کوردییەکاندا بەراوردم دەکرد.







کە گۆڤاری"شەفەق"ی کوردی و عەرەبی"ئەفسەری خانەنشین عەبدولقادر بەرزنجی"دەرچوو. جگە لە مارف خەزنەدار و جەمال نەبەز، ئیبراهیم ئەحمەد"بلە"و سەمەدی خانەقاو شێخ مارف بەرزنجی و مستەفا نەریمان هاموشۆیان دەکرد و یاریدەی دەرچوونی گۆڤارەکەیان دەدا."حزبەخشان"ە کاریان تێدا دەکرد. دڵسۆزانە بەرھەمەکانیان هەڵدەسەنگاند، منیش وەک شاگردێکی چالاک هەڵدەسووڕام و گوێم بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و قسەو باسەکانیان هەڵدەخست.
خەزنەدار دەیزانی کە حەز لەکاری ئەدەبی دەکەم، بەڵام ڕووم نەدەهات بەرھەمەکانمی نیشان بدەم، هەر ئەو شەرم و ترسە بوو کە یەکەم چیرۆکم"بەسەرھاتی کنێر - ١٩٥٦" بەنازناوی"ڕاپەر" بڵاوکردەوە. خەزنەدار دەیزانی ئەوە منم، بەگەرمی باوەشی پێداکردم و بەچاکی هەڵیسەنگاند. لەو ساڵەوە، ئاماژەی سەرچاوەی چیرۆکی بۆ دەکردم و تائێستاش خۆم بە قەرزاری گیو موکریانی و خەزنەداری نەمر دەزانم. پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٥٨یش پەیوەندیم لەگەڵ ئەو زاتە نەبرا، پێم لە گۆڤاری شەفەقیش نەبری، کە قسەو کرداری دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی پیرۆز بوو، بۆکاری ئێستام.
٢- کە یەکێتی ئەدەبیاتی عێراق"بە سەرۆکایەتی ئەلجەواهیری"دامەزرا، پەلەقاژەی وەرگرتنم نەبوو، چونکە دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە پێوەرێکی زۆر سەختیان داتابوو. کە ڕێپێوانی تەمموزی ١٩٥٩ هاتە پێشەوە، مارفی نەمر داوای لێ کردم لەژێر دروشمیاندا بڕۆم. لەگەڵ نازەنینی خاڵۆزام، چووینە ماڵیان و"نەسرین"ی خوشکیشی هێناو چووینە شوێنی خڕبوونەوە. ئەگەر هەڵە نەبم: سەمەد و عەزیز خانەقا، مستەفا نەریمان، محیدین زەنگەنە و چەند ئەدیبێکی تورکمان و عەرەب لەپشت دروشمی نووسەرانەوە کەوتینە ڕێ. ئێمە"هوتاف"مان لێ نەدەداو بەهێمنی هەنگاومان دەنا..
ڕێپێوان کەوتە سەر شەقامی"ئەتڵەس"و خەڵکی لەهەردوو بەرەوە سەیریان دەکرین، هەندێ جنێویان پێدەداین و زۆر بە چەپڵە. خەزنەدار هەستی بە شتێ کرد، پێی وتم: چاودێری نەسرین و نازەنین بکە. چووە ڕیزی پێشەوەی ڕێپێوانەکەو پاش تۆزێ گەڕایەوە، بە پێکەنینەوە وتی: کۆنەپەرستان هار بوون، ئەم حەشامەتە شێتی کردوون!
نزیک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک و بازاڕی"عەسری" گوێمان لەچەند تەقەیەک بوو"لە پشتی ڕێپێوان"کرا. ناوچەکە شڵەژا، ڕێپێوان تێکچوو. هاوار و قیژەو دەنگە دەنگ، بەرز بۆوە. شەقام و بازار هێمنی





دۆراند. هەر دوکاندار بوو دەرابی دادەدایەوە. ئیمە خۆمان دایە بن دیواری پۆلیسخانە..وردەغاری ژن و پیاو دەستی پێکرد. کەسیش نەیدەزانی راستی رووداوەکە چییە! ئیمە سەرمان لێ شێوا. ترس دەوری داین. سەرسام بووین!. خەزنەداریش شڵەژانی پێوە دیاربوو. داوای لێ کردم کە بەپەلە هەردووو کچ لە پردی خاسە بپەڕێنمەوە. بە بازاڕی بن قەڵا بیانگەیەنمە ماڵی خۆیان.

بەری قەڵا هێمن بوو. بازاڕ و دوکان کرابوونەوە. دوکانداران لەبەردەمی دوکان سەیری ئەوبەریان دەکرد و لە خەڵکیان دەپرسی. هەرکەسە بەجۆرێ باسیان دەکرد. ماوەیەک لەماڵی رەحمەتی ماینەوە. بەرەو ماڵ گەراینەوە. منیش چوومە بەری"قۆریە". ئەوەی دیم، باس ناکرێ. تالانی تێکەڵ بە"هوتاف"ببوو. پۆلیس و سەرباز، لە خەڵکی تر دزتر بوون. کە چوومە یانەی فەرمانبەران. حەشاماتێکی زۆری تێ رژابوو. نەیاندەزانی چی بکەن! هەر لەسەرەتاوە مارف لەو رایەلە بوو کە: عەرەب و تورکمانی کۆنەپەرست ئەو ئاژاوەیان ناوەتەوە. دژی شۆرشی ١٤ تەمموز و کۆماری عێراقن. حیزبی شیوعی هەروای بۆ چووبوو!. من تائێستاش لەو رایەم: عەرەبە شۆڤێنییەکانی ناو سوپای عێراقی، ئەم ئاژاوەیان نایەوە تا کورد و تورکمان بەیەکدا بدەن و بەناوی پاراستنی ئاسایشی شاری زێری رەش دەستبەسەر ناوچەکەدا بگرن. سیمای کورد و تورکمانی لێ داماڵن. بەڵگەشم بۆ ئەوە: ئەنجامەکانی ئێستا عەرەبە داگیرکەرەکانی کوردستانی باشوورە.

٣- من. بۆ خوێندن چوومە"بەغدا"و ئەمریش وەک: ئیحسان فوئاد و کاوس قەفتانی رەحمەتی. کەمال مەزهەر و نەسرین فەخری و. چووە یەکێتی سۆڤییەت بۆ خوێندنی دکتۆرا. وەختێ گەرانەوە. لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانی سەر بە وەزارەتی کاروباری شیمال ئەندازیاری کشتوکاڵی بووم، لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لە یەک ساختماندا بووین. دوای نیوەرۆیان، لەتەک: حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم. کەمال رەئوف، سەلاح شوان، عەبدوللا عەباس و چەندەها ئەدیبی دیکەی لاو. یەکترمان دەدی، شەوانیش، لە یانەی"عەدلییە" یان مەیخانەیەکی سەرشەقامی"ئەبو نواس"دامان دەکوتا. بەدەم دنیای ئەدەبەوە. باسی تازەکردنەوە دەکرا، زانیاری و رۆشنبیری و فەلسەفە تێک هەڵدەشێلدراو هەنگاوی داهاتوومان دەنا. لەناوەراستی ١٩٦٨دەوە، بەدەم پاکنووسکردنی چیرۆکە کورتەکانم، خەریکی دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبی کوردی بووم، دکتۆر مارف نەک هەر پشتگیری دەکردم، لەساڵی ١٩٦٩ بردمییە لای هونەرمەندی دیاری کورد"بەدیع بابەجان"بۆئەوەی بەرگی کتێبی"بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا"م





بۆ بنەخشیتی. هەر ئەویش چاپخانەی بۆ دۆزیمەوە.
هەر لەرێی خەزنەدارەوە، دکتۆرەکانی دیکەم ناسی و باسی هەوڵ و تەقەلاکانی خۆم و هاوەڵانم بۆ کردن، تا دەهات پتر لەیەک نزیک دەبووینەوەو پشتگیری کارەکەیان دەکردم.
پاش کودەتا سەربازییە خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٦٣ – ١٩٦٤ی بزووتنەوەی نەتەوەییە شۆڤێنییەکانی عەرەبی عێراق، بە رابەری حیزبی بەعسی عەرەبی، نەک هەر قەلاچۆی حیزبی شیوعی عێراقی کرد، بزووتنەوەی چەپیشی داپڵۆسی، کە رێککەوتنی شۆرشی کورد و حکومەتیش پووچەڵ بۆوەو شەر هەڵگیرسایەوە، شارەکانی کوردستانیان لەخوێن هەڵکێشا. نەک هەر ئەدەبی بەرگری دەنگ و سەدای نەما، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیش دەگمەن بوو، بۆ. بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "بوومەلەرزە لە گۆمی مەنددا - ١٩٦٩" وەک مامۆستا مستەفا سالح کەریم نووسی، بووروکانێکە لەنێو جەرگەی بێدەنگی ئەدەبی کوردیدا تەقییەوە. دنیای رۆشنبیری کوردی رووناک کردەوە. ئەدیبە دیارەکانیش لەئامێزیان کردم. ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو بۆئەوەی ئەدیبانی کورد پتر بەدەنگمەوە بێن. بروام پێبکەن کە ئەمجارە رێکخراوی ئەدەبی کوردی دروست دەبێت، بەیارمەتی هاورێیانی رۆژانەم، بەتایبەتی حوسێن و شێرکۆ، پشتگیری راستەوخۆی دکتۆران: مارف و کاوس. تەقەلای سێیەمم سەری گرت. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی رێکخراوە پیشەییەکاندا، دەستەی دامەزرێنەرمان بە هەڵبژاردنی ئاشکرا دەستنیشان کرد. ئەم زاتانە زۆرترین دەنگیان هێنا: محەمەدی مەلا کەریم، نوری عەلی ئەمین، دکتۆرەکان: مارف خەزنەدار، ئیحسان فوئاد، کامیل بەسیر، عیزەددین مستەفا، نەسرین فەخری، مامۆستایان: جەمال بابان، حوسێن عارف، خالید دلێر، کاکە مەم. دکتۆر کاوس قەفتان و محەمەد تۆفیق وردی بە یەدەگ دەرچوون. پاش تەواوکردنی پاکنووسی پەیرەوو پرۆگرامی ناوخۆ، دکتۆر بەسیر وازی هێناو دکتۆر کاوس هاتە شوێنی. داوای رێگەدانمان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد. گەرەکمە، بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی ئەم رووداوە تۆمار بکەم.
هەر لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەکە"کە لەماڵی خاڵە تایەری رەحمەتی دەستی پێکرد"شەرە دەنووک و توانج لە بەینی دکتۆر عیزەددین و دکتۆر مارف دروست دەبوو، هەندێ جاریش دەگەیشتنە تانە، بەڵام لە سنوورێکدا ئارام دەبوو. ئێمەش دەروونمان لە سووککردنی گرژییەکان دەبینی. زۆربەیمان دەخستە خانەی گاڵتەو گەپ. بۆ نموونە: دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ، رێی کارکردنی یەکێتی نووسەرانی کوری





لە چەپەوە کاکە مەم بۆتانی ، د. ئەحمەد عوسمان ، د. ئیحسان فواد ، د. مارف خەزنەدار - بەغدا ١٩٦٩

دا. دکتۆر عیزەددینمان راسپارد، بانگەوازی، بۆ ئەدەبیاتی کورد ئامادە بکاو لەتەک پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ بلاوی بکەنەوە. لە کۆبوونەوەی دواییدا، بۆی خوێندنەوە. بەشێوەیەکی جوانی پڕ مانای وا نووسرابوو، تەواوی مەبەستی پیشەیی و نیشتیمانی پێکابوو. ئێمە، تەنیا، چەند وشەیەکمان لێ گۆڕی. دکتۆر مارف، بە زەردەخەنەی دۆستانەوە، وتی: دەستخۆش، شایەنی ئەوەیە لە یادەکاندا باسی بکەم! دکتۆر عیزەددین بە گرژییەوە وتی: دەتەوێ پاش منیش بمری؟! هەمووومانیان خستە پێکەنین و گاڵتەی بێ مەبەست.

٤- پاش بەیانی ئازاری ١٩٧٠"رێککەوتنی شۆرش و حکومەتی بەعس"لیژنەیەکی سێ قۆڵی لەناوچەی دەسەلاتی شۆرشی ئەیلوولەوە، هاتنە بەغدا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد!!. لەژێر زەبری هەژار موکریانی نەمر و سەعید ناکامی بەرێز. پاڵەپەستۆی ئەدیبە هەلپەرست و دوو رووەکان، زۆربەی دەستەی دامەزرێنەر"بە حوسێن عارفی هەمیشە هاورێم و دکتۆر مارفی مامۆستاشمەوە"پشتیان لە خالید دلێر و من کرد. هەندێکیشیان تاوانباریان کردین.

من، کوڕی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووم، لە ژانەرییەکانیدا قاڵبووم. بەگیانی لێبووردن"کە تاکە رێگای کوردایەتییە"پەروەردەکرابووم. پێم لە هاورێیانی قەڵەم نەبری، وای لە هەندێکیان کرد، لە هەڵوێستەکەیان پەشیمان ببنەوە، بیانوو بۆ کارەکەیان بێننەوە!!. پاش چەند ساڵێکیش، خەزنەدار، بە سۆزێکەوە، پێیوتم:. بنووسە، مارف تەسریحی دا. کە ئێمە بەرامبەر تۆ، ترسنۆک و بێ ویژدان بووین، غەدرمان لێت کرد!. پاش ئەو هێرشە ناڕەوایەش کۆڵم نەدا، گەرەکم بوو بەهۆی دکتۆر مارف و





مارف خەزنەدار لە نێو مامۆستاکانی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا ١٩٦٩

ناسیارانیان، هەژار و ناکام ببینم و لەو هەڵوێستە ساردیان کەمەوە"بەتایبەتی چەند رۆژێکی مابوو کۆنگرە ببەستری"بەڵام بەداخەوە، نەک نەهاتنە بەربار، ئامادەش نەبوون لەگەڵم دانیشن!!. لەرێی کاک شێرکۆ بێکەسەوە پەیوەندیم بە نەمر"فەرەیدون عەلی ئەمین"ی هاوبیری کرد"کە یەکێک بوو لە سیانەکە" لە نووکەوە کارەکەم بۆ گێرایەوە، هەستی بەو ناهەقییە کرد کە لەمن و رێکخراوەکە دەکرێ. بەڵێنی پشتگیری پێدام، بەڵام گیانی لەخۆ بایی دووەکەی تر بەسەر تەواوی کارەکەدا زاڵ بوو، بەوەش دڵیان ئاوی نەخواردبۆوە، لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورددا، ئەوەی بە دەستەی دامەزرینەریان کرد"بەوانەشەوە کە مەراییان لەبەر کردبوون و داروودەستیان بوون"یا بەدەواری شڕی نەدەکرد!!.

٥- پاش نووچدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی باشوور و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، بە کزی و نائومێدییەوە، بە خێزان و منداڵانەوە، لە پێشمەرگایەتی گەڕاینەوە، خۆمان خستە بەر شمشێری دوو دەوی بەعس، هەموو رۆژێ چاوەڕێی سزاو پاکتاو بووین. دکتۆر مارف، بەو ژیانە رازی نەبوو، چووە"جەزائیر" تا لە زانکۆکانی ئەوێ وانە بڵێتەوە، لەو ماوەیەدا، نامەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیمان دەگۆڕییەوە، باسەکانمان سەنگ و بەرد دەکرد. هەندێ جاریش راز و گلەییم دەبردە بەری و دژی هەڵوێستی هەندێ ئەدیب دەدوام، کە خۆیان کردبووە فەرشی بەرپێی عەرەبی داگیرکەر!. ئەویش دڵنەوایی دەکردم.



لەو ماوەیەدا، هیچ بەرهەمێکم لە گۆڤار و رۆژنامەکانی حکومەتی بەعس نەدەنووسی، بۆیە، گەرەکم بوو، لەگەڵ چیرۆک و رۆمانەکانمدا، باسێکی تێروپڕ لەسەر "بلوچ و بلوچستان" بنووسم، کە وەک کوردستان فارس و پاکستانی و ئەفغانی داگیریان کردووەو گەلەکەیان دەچەوسێننەوە. لەو رێگەیەوە، چارەسەری مەسەلەکەی کوردستانی باشوور دەستنیشان بکەم، هانام بۆ دکتۆر مارف و مەلا جەمیل رۆژبەیانی برد، ئەوانیش بەپێی توانا سەرچاوەیان بۆ ناردم. پاش ئەوەی تەواوم کرد، ناردمە دەزگای چاودێری چاپەمەنی وەزارەتی راگەیاندنی عیراقی، نەک هەر رازی نەبوون چاپی بکەم، کاک سەلاح شوان نەبووایە، دەستیان بەسەر پاکنووسەکەشدا دەگرت.

پاش ئەوەی ئەمر گەڕایەوە کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەددین دامەزرایەوە، هامووشۆمان درێژەی هەبوو، گەڕان و سەیرانیشمان بەیەکەوە دەکرد، هەرچەندە لەم دواییەدا، درەنگ درەنگ یەکترمان دەدی، بەڵام تا کۆچی دوایی لێک دانەبراین. درووود بۆ گیانی پاکی.


**سلێمانی ۲۰۱۰/۱۱/۱۱**




**خولی دەرچوانی ۱۹۷۰-۱۹۷۱ بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا**


ریزی دووەم د. ئەمین موتابچی ، د. مەریەم عەزیز ، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ، د. سالح تەقی ، د. ئەحمەد عوسمان ، د.کەمال فوئاد ، د. عیزەدین مستەفا رەسول ، د. مەحمود غەناوی الزهیری (راگری کۆلێژ) ، د. مارف خەزنەدار، د. نەسرین فەخری ، د. ئیحسان فوئاد ، ئەمینە موراد ، ساهیرە غولام ، کازیمە نادر.

لە ئەرشیفی د. محەممەد عەبدوللا کاکە سوور









عوسمان شاربازێری ، لازاریف ، مارف خەزنەدار ١٩٩٣ هەولێر

# گەوهەر ڕێزان


**عوسمان شاربازێری- کەنەدا**

سالْ پایز و لەتەمەنی پیریدا بوو
بەرگە خەمە هەوراوییەکەی لەبەرکرد و لەشەوێکی ڕەشتاڵەدا
لەگەڵ تریەی گەلاڕێزان هەنگاوی نا
بۆ دیدەنی دکتۆر مارف چوو بۆ نەخۆشخانەی شیفا!
وتی: هەستە بچینە دەر بۆ دوا سەفەر!
زەمەن وتی: پیاو چاکەکە
من لەبەردو بەفری قەندیل.. لە تەمەنی قەلای هەولێر
لە قەڵەمی بالابەرز و سەری سپیی شەرم دەکەم!
فەرموو (دکتۆر) تۆ پێشکەوە
هەر ئەوشەوە..
بیست و پێنجی ئۆکتۆبەر بوو
ئەستێرە پرشنگدارەکەی هەولێر کشا
دکتۆر مارف خەزنەداری ئەکادیمی و ئەدیبی کورد
ماڵئاوایی لە ژیان و کوردستان کرد.
لە مەلیەندی ڕووناکییەوە چراکەی خۆی هەلگرت بەرەو هەواری نوێ
شاری چراغ!
ئەو مامۆستا ڕووناکبیرە، بەری بیرو بەرهەمەکانی زیندووە.
خەزنەیەکی پڕ گەوهەری رۆشنبیریی بۆ گەلی خۆی بۆ جیهانیش جێهێشتووە.



# مارف خەزنەدار، قەسیدەیەکی باڵا بەرز و غەزەلێکی تەڕ و پاراو

**فەرهاد شاکەلی**



دەتگوت ڕێبوارێکە لە جەنگەڵ و دەشتایی و پێچەڵپێچەکانی مێژووەوە هاتووە و دەنگوباسی ئەو گەشتە سامناک و دوور و درێژەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەتگوت هەموو ژیانی، هاوڕاز و هاونشینی میر و پاشا و پیاوچاکان بووە و هاودەم هاوڕێی بیریاران و شاعیران بووە، دەیەوێ بمانکاتە ئاشنای قسەی جوان و ژیرانەیان. دەتگوت لە دیوانی میری بۆتاندا هاوپیاڵەی مەلای جزیری بووە، کۆشک و سەرای خانەکانی ئەردەڵاندا گوێی لە مۆسیقای کوردی و ڕۆژهەڵاتی گرتووە و چاوبازی لەگەڵ مەستوورەدا کردووە. لە پێتەختی بابانەکانیشدا چۆتە سەردانی نالی.

هێشتا خوێندکارێکی لاو بوو، حەزی لە دۆستایەتی و ئاشنایەتیی گەورە پیاوان و نیشتمانپەروەران بوو. دەچوو بۆ لای تۆفیق وەهبی و دەبوو بە دارێک و لە ناو کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیدا شین دەبوو، نەیدەویست بە جێی بهێڵێت. ڕەفیق حیلمی بەسەر دەکردەوە و پێکەوە فرمێسکیان بۆ ڕۆژە ڕەشەکانی کورد و شکانی مەلیک مەحموودی کوردستان هەڵدەڕشت. بەدر شاکر سەییابی بە گۆران دەناساند و لەگەڵ سەججادی و ڕۆژبەیانیدا ئەدەب و مێژووی کوردیان دەور دەکردەوە.





ئەو پیاوە مارف خەزنەدار بوو. هێندەی منارەی چۆلی باڵای مەعنەوی بەرز و ئەوەندەی گرانیی قەڵای هەولێر ڕەوشتبەرز و سەنگین بوو. پیاوێک بوو لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا لە ماندوو بوون هەرەسی لەشساغی خۆیشی باکی نەبوو. عاشقی ووشەی کوردی و دەروێشی شیعر و جوانی و حیکمەت بوو. پێی وابوو پەروەردگار ئەوی بۆ ئەوە ئافراندووە حەرف بە حەرف و ووشە بە ووشەی زمانی کوردی بخاتە دەفتەرەوە و بیگەیێنێتە ئەو میلیۆنان کوردەی ئەمڕۆ دەژین و ئەو میلیۆنانەیش کە سبەینێ لەم کوردستانەدا چاو هەڵدێنن. وای دەزانی بۆ ئەرک هاتۆتە دنیاوە. نەک بۆ چێشتنی بەری ڕەنج. لای وابوو تەمەن لایەکی هاوکێشەیەکە، لایەکەی دیکەیشی کارکردن و ڕەنج دانە. هێشتا کارێکی نەگەیاندبووە ئەنجام، بیری لە پرۆژەی ساڵێکی دیکە دەکردەوە و خۆی بۆ کارێکە تازە ئامادە دەکرد.

لە دەرگای زۆر زانستی دابوو و خۆی لەگەڵ زانیاری جۆراوجۆردا خەریک کردبوو. هەرگیز لە فێربوون بێئومێد نەدەبوو. ئەوەی دەیزانی بە دەستێکی بڵاوەوە پێشکەشی دەکرد بە خوێنەراتی و دەیکرد بە دیاری بۆ قوتابی و شاگردەکانی. وەک مامۆستا، لە پێناوی زانستدا، چەندە سەختگیر بووبێت، بەڵام دواتر، بە ڕەوشتێکی خاکییەوە، دەبووە هاوڕێ و دۆستی خوێندکارەکان. لە دڵەوە خۆشی دەویستن و بە چاوی ئومێدەوە تەماشای دەکردن.


ڕەنگە لە بارەی ئەم مەسەلە زانستییەوە و ئەو بابەتە ئەدەبییەوە هاوبیر و هاوهەڵوێستی خەزنەدار نەبووبێتین، بەڵام ناتوانین ئەو ڕاستیە بشێرینەوە کە ئەو پیاوە کاری جیدی پێشکەش بە فەرهەنگی نەتەوەکەی کرد. زانست خۆیشی هەروایە. بەوە پێش دەکەوێت کە بیری جیاواز و ڕوانینی جۆراوجۆر پێشبڕکێ بکەن. بۆ پێشکەش کردنی جوانترین بەرهەم و قووڵترین بیر و سفتترین ئەنجامگری.

باسی ئەو دەیان کتێب و لێکۆڵینەوانە ناکەم کە خەزنەدار لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا بە کورد و بە فەرهەنگ و بە مرۆڤایەتیی بەخشی. باسی ئەو هەزاران سەعات و ڕۆژانە ناکەم کە مارف خەزنەدار لەگەڵ خوێندکاراندا بردنیە سەر. تەنیا باسی مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی دەکەم کە لەم چەند ساڵەدا بڵاوی کردەوە. حەوت بەرگ، حەوت بەرگی سەنگین و هێژا و بە نرخ، حەوت بەرگی ئەدەب و زانیاری، حەوت بەرگی تۆمارکردن و گێڕانەوەی مێژووی داهێنان و داهێنەرانی کورد. ئەو مێژووی ئەم پارچە و ئەو بەشەی نەنووسی. ئەو باسی قەڵەمەکانی ئەم زاراوا و ئەو دیالێکتی نەکرد. خەزنەدار باسی هەموو ووشەیەکی کوردی کردووە. باسی داهێنانی کوردانەی کردووە، مێژووی ا ووشەی بە کوردینووسراوای نووسیوەتەوە. ئەگەر شەرەفخانی بدلیسی مێژووی هەموو کوردی، بۆ هەموو کورد نووسی، خەزنەداریش مێژووی هەموو ووشە و داهێنانی کوردیی بۆ هەموو کورد نووسی.

مارف خەزنەدار، وەک منارەکەی شێخی چۆلی، دوورتر دەیڕوانی و خۆی بە شتە نزمەکانەوە خەریک نەدەکرد. خەزنەدار، وەک قەڵای هەولێر، بۆ ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەژیا. ئەو پیاوە عاشقی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی بوو. هاوڕازی ووشەی جوان و ووشەداری کوردی بوو. مارف خەزنەدار قەسیدەیەکی باڵا بەرز و غەزەلێکی تەڕ و پاراو بوو.

# کورد نووسەرێکی گەورەی لە دەست چوو

فەهد گردەوانی



مامۆستا و نووسەری گەورەی کورد، د. مارف خەزنەدار دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. مامۆستا مارف خەزنەدار هەر لە پەنجاکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و وتاری بڵاو کردۆتەوە پاشان لە یەکێتی سۆڤیەت خوێندنی باڵای تەواو کرد و گەڕایەوە وڵات بووە مامۆستای گەلێک شاعیر و نووسەرانی کورد لە دانشگاکانی بەغدا هەر لەوێشەوە بۆ ماوەیەک بووە مامۆستای قوتابیانی جەزائیر و لە دانشگای (عەنتابە) وانەی ئەدەبی گوتەوە. مامۆستا مارف هەردەم دەرگای ماڵەکەی بۆ قوتابییان کراوە بووە و گەلێک قوتابی سوودیان لە کتێبخانە گەورەکەی وەرگرتووە بە دڵێکی فرەوان یارمەتی قوتابیانی داوە و ئاگادارم کە هەتا یارمەتی ماددی پێشکەش بەو قوتابیانە کردووە کە دەستیان کورت و فەقیر بوون. هەر چەند جار زیارەتی پیرە هەولێرم کردبێت سەردانی ئەو مرۆڤە دڵ گەورەیەم کردووە و پێکەوە دەردی نووسین و ئەدەب و باسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستانمان کردووە. بەر لە پازدە ساڵیش داوام کرد کە دەسەڵاتداری کورد هەردوو کتێبخانەی مارف خەزنەدار و مومتاز حەیدەری بکاتە کتێبخانەی ناشیونالی کورد و لە مەڵبەندێکی گەورەی دابنێن دیارە ئەوە و سەدان پرۆژەی دیکەیان نەکرد و هەنووکەش ئەو گەنجینەیە گەوهەرەی مارف خەزنەدار دەبێت چاودێری بکرێت و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام قوتابی کورد سوودی لێ ببینێت. گەوهەرەکانی مارف خەزنەدار گەلێک زۆرن و دەمێکیشە خوێندەواری کورد ئاشنایی لەگەڵیان هەیە دوێنێ شەو کاتێک سەرەخۆشیم لە مامۆستا جەمال خەزنەدار کرد وتی رۆژێک بەر لە کۆچی دوایی گوتی (جەمال کوا بەرگی ئەلف کیتابەکەتم نەدی) ئاواتی مامۆستا مارف پێگەیاندنی نەوەیەکی پاک و دڵسۆز بوو بۆ ئەو میللەتە لە گۆرستانی چراغ ئاوەندی هەولێر و گۆرستانی کۆنی پیرە هەولێر لەشی پیرۆزی ئەو مرۆڤە مەزنە بە خاک سپێردرا سەرەخۆشی لە دایکی بنیاد و میدیا و کوڕ و کچەکەی و مامۆستا جەمال خەزنەدار و کاک جەودەت دەکەم هیوادارم ئەوە دوا کۆستیان بێت.



# هەناسەی وەفایەکی دێرین بۆ د. مارف خەزنەدار

دوکتور عەبدوڵلا ئاگرین



هەروەکو چۆن ئانوپۆی ژیانی مرۆڤ (بیر و هەڵویستی جوامێرانەی)، دەگمەن نییە و دەشێت ئەو ئەو جوانی و شکۆیە لە وێزگەیەک یاخود چەند وێزگەیەکی تەمەنیدا رووبدات. ئاواتی مرۆڤیش لە هەر پلە و پایەکدا بێت و سەر بە هەر توێژێک بێت، زیرەکی هۆشیاری و توانا و دڵسۆزی بۆ عەشقێکی دیارکراو پایە و پێگەی دروستی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا دەنوێنێت و هەڵکشانی رووە و بلندی تۆمارێکی مێژووی بۆ دابین دەکات.

لە روانگەی ئەم بۆچوون و شیتالکردنەوەیەوە ئاسۆی رووناکی ئەو راستیە دەردەکەوێت، هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ" بیر و هەڵویست" تێکرایی پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ نییە. ئاوەکو هێڵی راست و چەپی بە سەردا بکێشرێت. ئەو حاڵەتەش بۆ هیچ کەس و لایەنێک خەوش و تەنگی نییە.

پرۆفیسۆر (د.مارف خەزنەدار) لە دنیای مەعریفی و سازدانی پرۆسەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی، ئەستێرەیەکی درەوشەداری ئاسمانی و وشەی کوردیە. ئەو لە رووی عەشق و شەیدای ئایندەی گەشی ئەدەبی کوردیەوە، جێی و دەست و پەنجەی بە هێز و پێزی دیارە. بە تایبەت: لە پێگەیاندنی نەوەیەکی دیاریکراوی قوتابیانی زانکۆ، یەکێک لە خەسڵەت و سیفەتە گەشەکانی ئەم مرۆڤە ئەوە بوو! لەم هەڵکشانی تەمەنیدا بە عەشقێکی کەم وێنەوە خۆی بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی لە حەوت بەرگدا تەرخان کرد ئەوەش پڕە لە کۆمەڵێک زانیاری کە سەرچاوەکانی لای دوکتۆر دەست دەکەوێت. بەوەش چاو و دڵی دڵسۆزانی وشەی کوردی رۆشن کردەوە ناوی خۆشی بە ئاوی زێڕین لە دنیای ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا نووسیوە. بەردەوامی لە سەر ئەو رێچکە راست و دروستە زانستانەیە جێی فەخر و شانازیە بۆ هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و بە وێژدان. مەرگ چینگی بێ بەزەیی پیاکرد و دەرفەتی زیاتری خزمەتی ئەدەبی کوردی بۆ نەرەخساند.





# یەکێک ..... لە ملیۆنان ...... یەکێک

ئەسکەندەر جەلال
ستۆکهۆلم

یەکێک..... لە خۆی زێتر خزمەتی گوڵەکانی دەکرد
یەکێک..... سوێند دەخۆی لە دوو توێ ی کتێبان
هاتبووە دەرێ و
باوکی قەڵەمێکی بە ویقار و دایکیشی پەڕە کاغەزێکی
سپی سپی بووە
یەکێک.... دەمزانی لە بۆنی کتێبان دوورکەوێتەوە بە
ئایەت هەناسەیەکیتر نادات
یەکێک.... هەمیشە بە بۆنی کتێبان مەست
یەکێک.... لە ملیۆنان یەکێک
یەکێک ئەوەتا ناوی مارف خەزنەدارە



**هەشتا ساڵەی تەمەنی گەورە نووسەری کورد**

# پ.د. مارف خەزنەدار

## پیرۆزە

**2010/11/1 - 1930/11/1**



ڕێکەوتی 2010/11/1 –هەشتا ساڵی خشت بەسەر تەمەنی ڕووناکبیری ناسراوی کورد جەنابی پ.د. مارف خەزنەدار تێدەپەڕێ، هەڵبەت جەنابی خەزنەدار گەلەك لەوەی گەورە ترە لێرەدا، من بتوانم بەچەند دێرێك باسی لە گەورەییەکەی بکەم، تەنها ئەوە نەبێ لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لەخاوەن ئەو گەنجینە گەورەیەی کلتووری کورد، جەنابی پ.د. مارف خەزنەدار بکەم و هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆی بخوازم، و هەردەم لەڕەوتی شکۆداری کلتووری کوردیدا دیار بێ.

*** دووبارە پیرۆزە، لەگەڵ چەپکە گوڵی وەفاداری هەردوو گۆڤاری K21 و (لەیلا قاسم – لەیلا زانا) پێشکەشە.**



**مومتاز حەیدەری** **2010/10/1**

مومتاز حەیدەری لە گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا پێش کۆچی دوایی مارف خەزنەدار، بڵاویکردۆتەوە



که گۆڤاری"شەفەق"ی کوردی و عەرەبی"ئەفسەری خانەنشین عەبدولقادر بەرزنجی"دەرچوو. جگە لە مارف خەزنەدار و جەمال نەبەز، ئیبراهیم ئەحمەد"بلە"و سەمەدی خانەقاو شێخ مارف بەرزنجی و مستەفا نەریمان هاموشۆیان دەکرد و یاریدەی دەرچوونی گۆڤارەکەیان دەدا."خزیەخشان"ە کاریان تێدا دەکرد. دلسۆزانە بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگاند. منیش وەک شاگردێکی چالاک هەڵدەسووڕام و گوێم بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و قسەو باسەکانیان هەڵدەخست.

خەزنەدار دەیزانی کە حەز لەکاری ئەدەبی دەکەم، بەڵام رووم نەدەهات بەرهەمەکانمی نیشان بدەم. هەر ئەو شەرم و ترسە بوو کە یەکەم چیرۆکم"بەسەرهاتی کنێر - ١٩٥٦" بەنازناوی"راپەر" بڵاوکردەوە. خەزنەدار دەیزانی ئەوە منم، بەگەرمی باوەشی پێداکردم و بەچاکی هەڵیسەنگاند. لەو ساڵەوە، ئاماژەی سەرچاوەی چیرۆکی بۆ دەکردم و تائێستاش خۆم بە قەرزاری گیو موکریانی و خەزنەداری نەمر دەزانم. پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٥٨یش پەیوەندیم لەگەڵ ئەو زاتە نەبرا. پێم لە گۆڤاری شەفەقیش نەبری، کە قسەو کرداری دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی پیرۆز بوو، بۆکاری ئێستام.

٢- کە یەکێتی ئەدەبیاتی عێراق"بە سەرۆکایەتی ئەلجەواهیری"دامەزرا، پەلەقاژەی وەرگرتنم نەبوو، چونکە دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە پێوەرێکی زۆر سەختیان داتابوو. کە ڕێپێوانی تەمموزی ١٩٥٩ هاتە پێشەوە، مارفی نەمر داوای لێ کردم لەژێر دروشمیاندا بڕۆم. لەگەڵ نازەنینی خاڵۆزام. چووینە ماڵیان و"نەسرین"ی خوشکیشی هێناو چووینە شوێنی خڕبوونەوە. ئەگەر هەڵە نەبم: سەمەد و عەزیز خانەقا، مستەفا نەریمان، محیێدین زەنگەنە و چەند ئەدیبێکی تورکمان و عەرەب لەپشت دروشمی نووسەرانەوە کەوتینە رێ. ئێمە"هوتاف"مان لێ نەدەداو بەهێمنی هەنگاومان دەنا..

ڕێپێوان کەوتە سەر شەقامی"ئەتڵەس"و خەڵکی لەهەردوو بەرەوە سەیریان دەکرین، هەندێ جنێویان پێدەداین و زۆر بە چەپڵە. خەزنەدار هەستی بە شتێ کرد، پێی وتم: چاودێری نەسرین و نازەنین بکە. چووە ڕیزی پێشەوەی ڕێپێوانەکەو پاش تۆزێ گەڕایەوە. بە پێکەنینەوە وتی: کۆنەپەرستان هار بوون، ئەم حەشامەتە شێتی کردوون!

نزیک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک و بازاڕی"عەسری" گوێمان لەچەند تەقەیەک بوو"لە پشتی ڕێپێوان"کرا. ناوچەکە شڵەژا، ڕێپێوان تێکچوو. هاوار و قیژەو دەنگە دەنگ. بەرز بۆوە. شەقام و بازاڕ هێمنی





دۆراند. هەر دوکاندار بوو دەرابی دادەدایەوە. ئێمە خۆمان دایە بن دیواری پۆلیسخانە..وردەغاری ژن و پیاو دەستی پێکرد. کەسیش نەیدەزانی راستی رووداوەکە چییە! ئێمە سەرمان لێ شێوا. ترس دەوری داین. سەرسام بووین!. خەزنەداریش شڵەژانی پێوە دیاربوو. داوای لێ کردم کە بەپەلە هەردوو کچ لە پردی خاسە بپەڕێنمەوە. بە بازاڕی بن قەڵا بیانگەیەنمەماڵی خۆیان.

بەری قەڵا هێمن بوو. بازاڕ و دوکان کرابوونەوە. دوکانداران لەبەردەمی دوکان سەیری ئەوبەریان دەکرد و لە خەڵکیان دەپرسی. هەرکەسە بەجۆرێ باسیان دەکرد. ماوەیەک لەماڵی رەحمەتی ماینەوە. بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. منیش چوومە بەری"قۆریە". ئەوەی دیم، باس ناکرێ. تاڵانی تێکەڵ بە"هوتاف"ببوو. پۆلیس و سەرباز، لە خەڵکی تر دزتر بوون. کە چوومە یانەی فەرمانبەران. حەشاماتێکی زۆری تێ ڕژابوو. نەیاندەزانی چی بکەن! هەر لەسەرەتاوە مارف لەو رایەلە بوو کە: عەرەب و تورکمانی کۆنەپەرست ئەو ئاژاوەیان ناوەتەوە. دژی شۆڕشی ١٤ تەمموز و کۆماری عێراقن. حیزبی شیوعی هەرواى بۆ چووبوو!. من تائێستاش لەو رایەم: عەرەبە شۆڤێنییەکانی ناو سوپای عێراقی، ئەم ئاژاوەیان نایەوە تا کورد و تورکمان بەیەکدا بدەن و بەناوی پاراستنی ئاسایشی شاری زێڕی رەش دەستبەسەر ناوچەکەدا بگرن. سیمای کورد و تورکمانی لێ دامالن. بەلگەشم بۆ ئەوە: ئەنجامەکانی ئێستا عەرەبە داگیرکەرەکانی کوردستانی باشوورە.

٣- من. بۆ خوێندن چوومە"بەغدا"و ئەمریش وەک: ئیحسان فوئاد و کاوس قەفتانی رەحمەتی. کەمال مەزهەر و نەسرین فەخری و. چووە یەکێتی سۆڤییەت بۆ خوێندنی دکتۆرا. وەختێ گەڕانەوە. لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانی سەر بە وەزارەتـی کاروبـاری شیمال ئەندازیاری کشتوکاڵی بووم، لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لە یەک ساختماندا بووین. دوای نیوەڕۆیان، لەتەک: حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، کەمال رەئوف، سەلاح شوان، عەبدوللا عەباس و چەندەها ئەدیبی دیکەی لاو. یەکترمان دەدی، شەوانیش، لە یانەی"عەدلییە" یان مەیخانەیەکی سەرشەقامی"ئەبو نواس"دامان دەکوتا. بەدەم دنیای ئەدەبەوە. باسی تازەکردنەوە دەکرا، زانیاری و رۆشنبیری و فەلسەفە تێک هەڵدەشێلدراو هەنگاوی داهاتوومان دەنا. لەناوەراستی ١٩٦٨ەوە، بەدەم پاکنووسکردنی چیرۆکە کورتەکانم، خەریکی دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبی کوردی بووم. دکتۆر مارف نەک هەر پشتگیری دەکردم، لەساڵی ١٩٦٩ بردمییە لای هونەرمەندی دیاری کورد"بەدیع بابەجان"بۆئەوەی بەرگی کتێبی"بوومەلەرزە لە گۆمی مەنددا"م



بۆ بنەخشێتی. هەر ئەویش چاپخانەی بۆ دۆزیمەوە.
هەر لەرێی خەزنەدارەوە، دکتۆرەکانی دیکەم ناسی و باسی هەوڵ و تەقەلاکانی خۆم و هاوەڵانم بۆ کردن، تا دەهات پتر لەیەک نزیک دەبووینەوەو پشتگیری کارەکەیان دەکردم.
پاش کودەتا سەربازییە خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٦٣ – ١٩٦٤ی بزووتنەوەی نەتەوەییە شۆڤێنییەکانی عەرەبی عێراق، بە رابەری حیزبی بەعسی عەرەبی، نەک هەر قەلاچۆی حیزبی شیوعی عێراقی کرد. بزووتنەوەی چەپیشی داپلۆسی. کە رێککەوتنی شۆڕشی کورد و حکومەتیش پووچەڵ بۆوەو شەر هەڵگیرسایەوە. شارەکانی کوردستانیان لەخوێن هەڵکێشا. نەک هەر ئەدەبی بەرگری دەنگ و سەدای نەما، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیش دەگمەن بوو، بۆ. بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا - ١٩٦٩" وەک مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم نووسی، بوورکانێکە لەنێو جەرگەی بێدەنگی ئەدەبی کوردیدا تەقییەوە. دنیای رۆشنبیری کوردی رووناک کردەوە. ئەدیبە دیارەکانیش لەئامێزیان کردم. ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو بۆئەوەی ئەدیبانی کورد پتر بەدەنگمەوە بێن. بڕوام پێبکەن کە ئەمجارە رێکخراوی ئەدەبی کوردی دروست دەبێت، بەیارمەتی هاوڕێیانی رۆژانەم، بەتایبەتی حوسێن و شێرکۆ، پشتگیری راستەوخۆی دکتۆران: مارف و کاوس. تەقەلای سێیەمم سەری گرت. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی رێکخراوە پیشەییەکاندا، دەستەی دامەزرێنەرمان بە هەڵبژاردنی ئاشکرا دەستنیشان کرد. ئەم زاتانە زۆرترین دەنگیان هێنا: محەمەدی مەلا کەریم، نوری عەلی ئەمین، دکتۆرەکان: مارف خەزنەدار، ئیحسان فوئاد، کامیل بەسیر، عیزەددین مستەفا، نەسرین فەخری، مامۆستایان: جەمال بابان، حوسێن عارف، خالید دلێر، کاکە مەم. دکتۆر کاوس قەفتان و محەمەد تۆفیق وردی بە یەدەگ دەرچوون. پاش تەواوکردنی پاکنووسی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ، دکتۆر بەسیر وازی هێناو دکتۆر کاوس هاتە شوێنی. داوای رێگەدانمان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد. گەرەکمە، بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی ئەم رووداوە تۆمار بکەم.
هەر لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەکە"کە لەماڵی خاڵە تایەری رەحمەتی دەستی پێکرد"شەرە دەنووک و توانج لە بەینی دکتۆر عیزەددین و دکتۆر مارف دروست دەبوو. هەندێ جاریش دەگەیشتنە تانە. بەلام لە سنوورێکدا ئارام دەبوو. ئێمەش دەروونمان لە سووککردنی گرژییەکان دەبینی. زۆربەیمان دەخستە خانەی گاڵتەو گەپ. بۆ نموونە: دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ، رێی کارکردنی یەکێتی نووسەرانی کوری





لە چەپەوە کاکە مەم بۆتانی ، د. ئەحمەد عوسمان ، د. ئیحسان فواد ، د. مارف خەزنەدار - بەغدا ١٩٦٩

دا. دکتۆر عیزەددینمان راسپارد، بانگەوازی، بۆ ئەدەبیاتی کورد ئامادە بکاو لەتەک پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ بلاوی بکەنەوە. لە کۆبوونەوەی دواییدا، بۆی خوێندنەوە. بەشێوەیەکی جوانی پڕ مانای وا نووسرابوو، تەواوی مەبەستی پیشەیی و نیشتیمانی پێکابوو. ئێمە، تەنیا، چەند وشەیەکمان لێ گۆڕی. دکتۆر مارف، بە زەردەخەنەی دۆستانەوە، وتی: دەستخۆش، شایەنی ئەوەیە لە یادەکاندا باسی بکەم! دکتۆر عیزەددین بە گرژییەوە وتی: دەتەوێ پاش منیش بمری؟! هەموومانیان خستە پێکەنین و گاڵتەی بێ مەبەست.

٤- پاش بەیانی ئازاری ١٩٧٠"رێککەوتنی شۆڕش و حکومەتی بەعس"لیژنەیەکی سێ قۆڵی لەناوچەی دەسەلاتی شۆڕشی ئەیلوولەوە، هاتنە بەغدا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد!!. لەژێر زەبری هەژار موکریانی نەمر و سەعید ناکامی بەڕێز. پاڵەپەستۆی ئەدیبە هەلپەرست و دوو ڕووەکان، زۆربەی دەستەی دامەزرێنەر"بە حوسێن عارفی هەمیشە هاوڕێم و دکتۆر مارفی مامۆستاشمەوە"پشتیان لە خالید دلێر و من کرد. هەندێکیشیان تاوانباریان کردین.

من، کوڕی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووم، لە ژانەرییەکانیدا قاڵبووم، بەگیانی لێبووردن"کە تاکە ڕێگای کوردایەتییە"پەروەردەکرابووم، پێم لە هاوڕێیانی قەڵەم نەبڕی، وای لە هەندێکیان کرد، لە هەڵوێستەکەیان پەشیمان ببنەوە، بیانوو بۆ کارەکەیان بێننەوە!!. پاش چەند ساڵێکیش، خەزنەدار، بە سۆزێکەوە، پێیوتم:. بنووسە، مارف تەسریحی دا. کە ئێمە بەرامبەر تۆ، ترسنۆک و بێ ویژدان بووین. غەدرمان لێت کرد!. پاش ئەو هێرشە ناڕەوایەش کۆڵم نەدا، گەرەکم بوو بەهۆی دکتۆر مارف و





مارف خەزنەدار لە نێو مامۆستاکانی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا ١٩٦٩

ناسیارانیان، هەژار و ناکام ببینم و لەو هەڵوێستە ساردیان کەمەوە"بەتایبەتی چەند رۆژێکی مابوو کۆنگرە بیبەستری"بەلام بەداخەوە، نەک نەهاتنە بەربار، ئامادەش نەبوون لەگەڵم دانیشن!!. لەرێی کاک شێرکۆ بێکەسەوە پەیوەندیم بە نەمر"فەرەیدون عەلی ئەمین"ی هاوبیری کرد"کە یەکێک بوو لە سیانەکە" لە نووکەوە کارەکەم بۆ گێرایەوە، هەستی بەو ناهەقییە کرد کە لەمن و رێکخراوەکە دەکرێ. بەڵێنی پشتگیری پێدام، بەلام گیانی لەخۆ بایی دووەکەی تر بەسەر تەواوی کارەکەدا زاڵ بوو، بەوەش دڵیان ئاوی نەخواردبۆوە، لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورددا، ئەوەی بە دەستەی دامەزرێنەریان کرد"بەوانەشەوە کە مەراییان لەبەر کردبوون و داروەدەستیان بوون"یا بەدەواری شڕی نەدەکرد!!.

٥- پاش نووچدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی باشوور و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، بە کزی و نائومێدییەوە، بە خێزان و منداڵانەوە، لە پێشمەرگایەتی گەڕاینەوە، خۆمان خستە بەر شمشێری دوو دەوی بەعس، هەموو رۆژێ چاوەڕێی سزاو پاکتاو بووین، دکتۆر مارف، بەو ژیانە رازی نەبوو، چووە"جەزائیر" تا لە زانکۆکانی ئەوێ وانە بڵێتەوە، لەو ماوەیەدا، نامەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیمان دەگۆڕییەوە، باسەکانمان سەنگ و بەرد دەکرد، هەندێ جاریش راز و گلەییم دەبردە بەری و دژی هەڵوێستی هەندێ ئەدیب دەدوام، کە خۆیان کردبووە فەرشی بەرپێی عەرەبی داگیرکەر!. ئەویش دڵنەوایی دەکردم،



لەو ماوەیەدا، هیچ بەرهەمێکم لە گۆڤار و رۆژنامەکانی حکومەتی بەعس نەدەنووسی. بۆیە، گەرەکم بوو، لەگەڵ چیرۆک و رۆمانەکانمدا، باسێکی تێروپڕ لەسەر"بلوچ و بلوچستان"بنووسم، کە وەک کوردستان فارس و پاکستانی و ئەفغانی داگیریان کردووەو گەلەکەیان دەچەوسێننەوە. لەو رێگەیەوە، چارەسەری مەسەلەکەی کوردستانی باشوور دەستنیشان بکەم، هانام بۆ دکتۆر مارف و مەلا جەمیل رۆژبەیانی برد، ئەوانیش بەپێی توانا سەرچاوەیان بۆ ناردم. پاش ئەوەی تەواوم کرد، ناردمە دەزگای چاودێری چاپەمەنی وەزارەتی راگەیاندنی عیراقی، نەک هەر رازی نەبوون چاپی بکەم، کاک سەلاح شوان نەبووایە، دەستیان بەسەر پاکنووسەکەشدا دەگرت.

پاش ئەوەی نەمر گەرایەوە کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەددین دامەزرایەوە، هاموشۆمان درێژەی هەبوو، گەران و سەیرانیشمان بەیەکەوە دەکرد، هەرچەندە لەم دواییەدا، درەنگ درەنگ یەکترمان دەدی، بەڵام تا کۆچی دوایی لێک دانەبراین. درووود بۆ گیانی پاکی.

**سلێمانی ٢٠١٠/١١/١١**




**خولی دەرچوانی ١٩٧٠-١٩٧١ بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا**


ریزی دووەم د. ئەمین موتابچی ، د. مەریەم عەزیز ، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ، د. سالح تەقی ، د. ئەحمەد عوسمان ، د.کەمال فوئاد ، د. عیزەدین ستەفا رەسول ، د. مەحمود غەناوی الزهیری (راگری کۆلێژ) ، د. مارف خەزنەدار، د. نەسرین فەخری ، د. ئیحسان فوئاد ، ئەمینە موراد ، ساهیرە غولام ، کازیمە نادر.






له ئەرشیفی د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور





عوسمان شارباژێری ، لازاریف ، مارف خەزنەدار ١٩٩٣ هەولێر

# گـــەوهەر ڕێزان


**عوسمان شارباژێری- کەنەدا**

سالٚ پایز و لەتەمەنی پیریدا بوو
بەرگە خەمە هەوراوییەکەی لەبەرکرد و لەشەوێکی ڕەشتاڵەدا
لەگەڵ تریەی گەڵاڕێزان هەنگاوی نا
بۆ دیدەنی دکتۆر مارف چوو بۆ نەخۆشخانەی شیفا!
وتی: هەستە بچینە دەر بۆ دوا سەفەر!
زەمەن وتی: پیاو چاکەکە
من لەبەردو بەفری قەندیل.. لە تەمەنی قەڵای هەولێر
لە قەڵەمی باڵابەرز و سەری سپیی شەرم دەکەم!
فەرموو (دکتۆر) تۆ پێشکەوە
هەر ئەوشەوە..
بیست و پێنجی ئۆکتۆبەر بوو
ئەستێرە پرشنگدارەکەی هەولێر کشا
دکتۆر مارف خەزنەداری ئەکادیمی و ئەدیبی کورد
ماڵئاوایی لە ژیان و کوردستان کرد.
لە مەڵبەندی ڕووناکییەوە چراکەی خۆی هەڵگرت بەرەو هەواری نوێ
شاری چراغ!
ئەو مامۆستا ڕووناکبیرە، بەری بیرو بەرهەمەکانی زیندووە.
خەزنەیەکی پڕ گەوهەری ڕۆشنبیریی بۆ گەلی خۆی بۆ جیهانیش جێهێشتووە.



# مارف خەزنەدار، قەسیدەیەکی باڵا بەرز و غەزەلێکی تەڕ و پاراو

فەرهاد شاکەلی



دەتگوت ڕێبوارێکە لە جەنگەڵ و دەشتایی و پێچەڵپێچەکانی مێژووەوە هاتووە و دەنگوباسی ئەو گەشتە سامناک و دوور و درێژەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەتگوت هەموو ژیانی، هاوڕاز و هاونشینی میر و پاشا و پیاوچاکان بووە و هاودەمی هاوڕێی بیریاران و شاعیران بووە، دەیەوێ بمانکاتە ئاشنای قسەی جوان و ژیرانەیان. دەتگوت لە دیوانی میری بۆتاندا هاوپیاڵەی مەلای جزیری بووە، کۆشک و سەرای خانەکانی ئەردەڵاندا گوێی لە مۆسیقای کوردی و ڕۆژهەڵاتی گرتووە و چاوبازی لەگەڵ مەستوورەدا کردووە. لە پێتەختی بابانەکانیشدا چۆتە سەردانی نالی.

هێشتا خوێندکارێکی لاو بوو، حەزی لە دۆستایەتی و ئاشنایەتیی گەورە پیاوان و نیشتمانپەروەران بوو. دەچوو بۆ لای تۆفیق وەهبی و دەبوو بە دارێک و لە ناو کتێبخانە دەولەمەندەکەیدا شین دەبوو، نەیدەویست بە جێی بهێڵێت. ڕەفیق حیلمی بەسەر دەکردەوە و پێکەوە فرمێسکیان بۆ ڕۆژە ڕەشەکانی کورد و شکانی مەلیک مەحموودی کوردستان هەڵدەڕشت. بەدر شاکر سەییابی بە گۆران دەناساند و لەگەڵ سەججادی و ڕۆژبەیانیدا ئەدەب و مێژووی کوردیان دەور دەکردەوە.



ئەو پیاوە مارف خەزنەدار بوو. هێندەی منارەی چۆلی باڵای مەعنەوی بەرز و ئەوەندەی گرانیی قەڵای هەولێر ڕەوشتبەرز و سەنگین بوو. پیاوێک بوو لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا لە ماندوو بوون هەرەسی لەشساغی خۆیشی باکی نەبوو. عاشقی ووشەی کوردی و دەروێشی شیعر و جوانی و حیکمەت بوو. پێی وابوو پەروەردگار ئەوی بۆ ئەوە ئافراندووە حەرف بە حەرف و ووشە بە ووشەی زمانی کوردی بخاتە دەفتەرەوە و بیگەیێنێتە ئەو میلیۆنان کوردەی ئەمڕۆ دەژین و ئەو میلیۆنانەیش کە سبەینێ لەم کوردستانەدا چاو هەڵدێنن. وای دەزانی بۆ ئەرک هاتۆتە دنیاوە، نەک بۆ چێشتنی بەری ڕەنج. لای وابوو تەمەن لایەکی هاوکێشەیەکە، لایەکەی دیکەیشی کارکردن و ڕەنج دانە. هێشتا کارێکی نەگەیاندبووە ئەنجام، بیری لە پرۆژەی ساڵێکی دیکە دەکردەوە و خۆی بۆ کارێکە تازە ئامادە دەکرد.

لە دەرگای زۆر زانستی دابوو و خۆی لەگەڵ زانیاری جۆراوجۆردا خەریک کردبوو. هەرگیز لە فێربوون بێئومێد نەدەبوو. ئەوەی دەیزانی بە دەستێکی بڵاوەوە پێشکەشی دەکرد بە خوێنەرانی و دەیکرد بە دیاری بۆ قوتابی و شاگردەکانی. وەک مامۆستا، لە پێناوی زانستدا، چەندە سەختگیر بووبێت، بەڵام دواتر، بە ڕەوشتێکی خاکییەوە، دەبووە هاوڕێ و دۆستی خوێندکارەکان. لە دڵەوە خۆشی دەویستن و بە چاوی ئومێدەوە تەماشای دەکردن.

ڕەنگە لە بارەی ئەم مەسەلە زانستییەوە و ئەو بابەتە ئەدەبییەوە هاوبیر و هاوهەڵوێستی خەزنەدار نەبووبێتین، بەڵام ناتوانین ئەو ڕاستیە بشێرینەوە کە ئەو پیاوە کاری جیدی پێشکەش بە فەرهەنگی نەتەوەکەی کرد. زانست خۆیشی هەروایە. بەوە پێش دەکەوێت کە بیری جیاواز و ڕوانینی جۆراوجۆر پێشبڕکێ بکەن. بۆ پێشکەش کردنی جوانترین بەرهەم و قووڵترین بیر و سفتترین ئەنجامگری.


باسی ئەو دەیان کتێب و لێکۆڵینەوانە ناکەم کە خەزنەدار لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا بە کورد و بە فەرهەنگ و بە مرۆڤایەتیی بەخشی. باسی ئەو هەزاران سەعات و ڕۆژانە ناکەم کە مارف خەزنەدار لەگەڵ خوێندکاراندا بردنیە سەر. تەنیا باسی مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی دەکەم کە لەم چەند ساڵەدا بڵاوی کردەوە. حەوت بەرگ، حەوت بەرگی سەنگین و هێژا و بە نرخ، حەوت بەرگی ئەدەب و زانیاری، حەوت بەرگی تۆمارکردن و گێڕانەوەی مێژووی داهێنان و داهێنەرانی کورد. ئەو مێژووی ئەم پارچە و ئەو بەشەی نەنووسی. ئەو باسی قەڵەمەکانی ئەم زاراوا و ئەو دیالێکتی نەکرد. خەزنەدار باسی هەموو ووشەیەکی کوردی کردووە، باسی داهێنانی کوردانەی کردووە، مێژوویا ووشەی بە کوردینووسراوای نووسیوەتەوە. ئەگەر شەرەفخانی بدلیسی مێژووی هەموو کوردی، بۆ هەموو کورد نووسی، خەزنەداریش مێژووی هەموو ووشە و داهێنانی کوردیی بۆ هەموو کورد نووسی.

مارف خەزنەدار، وەک منارەکەی شێخی چۆلی، دوورتر دەیڕوانی و خۆی بە شتە تزمەکانەوە خەریک نەدەکرد. خەزنەدار، وەک قەڵای هەولێر، بۆ ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەژیا. ئەو پیاوە عاشقی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی بوو، هاوڕازی ووشەی جوان و ووشەداری کوردی بوو. مارف خەزنەدار قەسیدەیەکی باڵا بەرز و غەزەلیکی تەڕ و پاراو بوو.



# کورد نووسەرێکی گەورەی لە دەست چوو

فەهد گردەوانی



مامۆستا و نووسەری گەورەی کورد، د. مارف خەزنەدار دڵە گەورەکەی لە لیبان کەوت. مامۆستا مارف خەزنەدار هەر لە پەنجاکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و وتاری بلاو کردۆتەوە پاشان لە یەکێتی سۆڤیەت خوێندنی باڵای تەواو کرد و گەڕایەوە وڵات بووە مامۆستای گەلێک شاعیر و نووسەرانی کورد لە دانشگاکانی بەغدا هەر لەوێشەوە بۆ ماوەیەک بووە مامۆستای قوتابیانی جەزائیر و لە دانشگای (عەنتابە) وانەی ئەدەبی گوتەوە. مامۆستا مارف هەردەم دەرگایماڵەکەی بۆ قوتابییان کراوە بووە و گەلێک قوتابی سوودیان لە کتێبخانە گەورەکەی وەرگرتووە بە دڵێکی فرەوان یارمەتی قوتابیانی داوە و ئاگادارم کە هەتا یارمەتی ماددی پێشکەش بەو قوتابیانە کردووە کە دەستیان کورت و فەقیر بوون. هەر چەند جار زیارەتی پیرە هەولێرم کردبێت سەردانی ئەو مرۆڤە دڵ گەورەیەم کردووە و پێکەوە دەردی نووسین و ئەدەب و باسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستانمان کردووە. بەر لە پازدە ساڵیش داوام کرد کە دەسەڵاتداری کورد هەردوو کتێبخانەی مارف خەزنەدار و مومتاز حەیدەری بکاتە کتێبخانەی ناشیونالی کورد و لە مەڵبەندێکی گەورەی دابنێن دیارە ئەوە و سەدان پرۆژەی دیکەیان نەکرد و هەنووکەش ئەو گەنجینەیە گەوهەرەی مارف خەزنەدار دەبێت چاودێری بکرێت و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام قوتابی کورد سوودی لێ ببینێت. گەوهەرەکانی مارف خەزنەدار گەلێک زۆرن و دەمێکیشە خوێندەواری کورد ئاشنایی لەگەڵیان هەیە دوێنێ شەو کاتێک سەرەخۆشیم لە مامۆستا جەمال خەزنەدار کرد وتی رۆژێک بەر لە کۆچی دوایی گوتی (جەمال کوا بەرگی ئەلف کیتابەکەتم نەدی) ئاواتی مامۆستا مارف پێگەیاندنی نەوەیەکی پاک و دڵسۆز بوو بۆ ئەو میللەتە لە گۆرستانی چراغ ئاوەندی هەولێر و گۆرستانی کۆنی پیرە هەولێر لەشی پیرۆزی ئەو مرۆڤە مەزنە بە خاک سپێردرا سەرەخۆشی لە دایکی بنیاد و میدیا و کوڕ و کچەکەی و مامۆستا جەمال خەزنەدار و کاک جەودەت دەکەم هیوادارم ئەوە دوا کۆستیان بێت.



# هەناسەی وەفایەكی دێرین بۆ د. مارف خەزنەدار

دوكتور عەبدوڵلا ئاگرین



هەروەكو چۆن ئانوپۆی ژیانی مرۆڤ (بیر و هەڵویستی جوامێرانەی)، دەگمەن نییە و دەشێت ئەو ئەو جوانی و شكۆیە لە ویژگەیەك یاخود چەند ویژگەیەكی تەمەنیدا رووبدات. ئاواتی مرۆڤیش لە هەر پلە و پایەكدا بێت و سەر بە هەر توێژێك بێت، زیرەكی هۆشیاری و توانا و دڵسۆزی بۆ عەشقێكی دیاركراو پایە و پێگەی دروستی خۆی لە ناو كۆمەڵگادا دەنوێنێت و هەڵكشانی رووە و بڵندی تۆمارێكی مێژووی بۆ دابین دەكات.

لە روانگەی ئەم بۆچوون و شیتاڵكردنەوەیەوە ئاسۆی رووناكی ئەو راستیە دەردەكەوێت، هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ" بیر و هەڵویست" تێكرایی پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ نییە. ئاوەكو هێڵی راست و چەپی بە سەردا بكێشرێت. ئەو حاڵەتەش بۆ هیچ كەس و لایەنێك خەوش و تەنگی نییە.

پرۆفیسۆر (د.مارف خەزنەدار) لە دنیای مەعریفی و سازدانی پرۆسەی ئەدەبی و رۆشنبیری كوردی، ئەستێرەیەكی درەوشەداری ئاسمانی و وشەی كوردیە. ئەو لە رووی عەشق و شەیدای ئایندەی گەشی ئەدەبی كوردیەوە. جێی و دەست و پەنجەی بە هێز و پێزی دیارە. بە تایبەت: لە پێگەیاندنی نەوەیەكی دیاریكراوی قوتابیانی زانكۆ. یەكێك لە خەسڵەت و سیفەتە گەشەكانی ئەم مرۆڤە ئەوە بوو! لەم هەڵكشانی تەمەنیدا بە عەشقێكی كەم وێنەوە خۆی بۆ نووسینەوە و تۆماركردنی مێژووی ئەدەبی كوردی لە حەوت بەرگدا تەرخان كرد ئەوەش پڕە لە كۆمەڵێك زانیاری كە سەرچاوەكانی لای دوكتور دەست دەكەوێت. بەوەش چاو و دڵی دڵسۆزانی وشەی كوردی رۆشن كردەوە ناوی خۆشی بە ئاوی زێڕین لە دنیای ئەدەب و رۆشنبیری كوردیدا نووسیوە. بەردەوامی لە سەر ئەو رێچكە راست و دروستە زانستانەیە جێی فەخر و شانازیە بۆ هەموو مرۆڤێكی دڵسۆز و بە وێژدان. مەرگ چێنگی بێ بەزەیی پیاكرد و دەرفەتی زیاتری خزمەتی ئەدەبی كوردی بۆ نەرەخساند.





# یەکێک ..... لە ملیۆنان ...... یەکێک

ئەسکەندەر جەلال
ستۆکهۆلم

یەکێک..... لە خۆی زێتر خزمەتی گوڵەکانی دەکرد
یەکێک..... سوێند دەخۆی لە دوو توێ ی کتێبان
هاتبووە دەرێ و
باوکی قەڵەمێکی بە ویقار و دایکیشی پەڕە کاغەزێکی
سپی سپی بووە
یەکێک.... دەمزانی لە بۆنی کتێبان دوورکەوێتەوە بە
ئایەت هەناسەیەکیتر نادات
یەکێک.... هەمیشە بە بۆنی کتێبان مەست
یەکێک.... لە ملیۆنان یەکێک
یەکێک ئەوەتا ناوی مارف خەزنەدارە



هەشتا ساڵەی تەمەنی گەورە نووسەری کورد

**پ.د. مارف خەزنەدار**

پیرۆزە

2010/11/1 - 1930/11/1



رێکەوتی 2010/11/1 –هەشتا ساڵی خشت بەسەر تەمەنی ڕووناکبیری ناسراوی کورد جەنابی پ.د. مارف خەزنەدار تێدەپەڕێ، هەڵبەت جەنابی خەزنەدار گەلەك لەوەی گەورە ترە لێرەدا، من بتوانم بەچەند دێرێك باسی لە گەورەییەکەی بکەم، تەنها ئەوە نەبێ لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لەخاوەن ئەو گەنجینە گەورەیەی کلتووری کورد، جەنابی پ.د. مارف خەزنەدار بکەم و هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆی بخوازم، و هەردەم لەرەوتی شکۆداری کلتووری کوردیدا دیار بێ.


* دووبارە پیرۆزە، لەگەڵ چەپکە گوڵی وەفاداری هەردوو گۆڤاری K21 و (لەیلا قاسم – لەیلا زانا) پێشکەشە.



مومتاز حەیدەری 2010/10/1

مومتاز حەیدەری لە گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا پێش کۆچی دوایی مارف خەزنەدار، بڵاویکردۆتەوە





برا گەورە و خۆشەویست و بەڕێزم دوکتۆر مارف خەزنەدار

بەسوپاس کاتێکتان باش.
زۆرتان سڵاو و هەواڵ پرسین و رێزی لێتان پێ راگەیەنم
ئومێدەوارم کامەرانی و بەختەوەر و کامەرانیتانم،
زۆر بە داخەوە ماوەیەکە لە هەولێریش هاتنە بەغدا، من
نایش وەختێ بێیم زانی و دەرفەتی ئەوەم لە کیس چوو
بەخزمەتتان بگەم. عمع کل حال کردەڵێ: دنیا ماوی
لە یەکتر شتوی پێترە.
نامە دڵسۆزانەکەتم بەدەستی پێنی لێ ئان وەرگرت. زۆرمان
سوپاست دەکەم. هیوادارم سەرکەوتنی پیتر و خزمەتی
زیاترتان لێ بم. خوا یار بێ لە نزیکترین دەرفەتدا دیسانەوە هەولێر و
کە هاتم بێ گومان بە خزمەتتان دەگەم.
سڵاوەکەت بە سوپاسەوە بە باوکم دەگەیەنم. هەروەها
بە مەلا شوکور و پێشەکی لە جیاتی ئەوان سوپاستان ئەکەم
هەر خۆش و سەرفەرازبن

دڵسۆزتان
محمدی مەلا کەریم
١٩٩٢/٦/٢٢

**نامەی محەممەدی مەلا کەریم بۆ مارف خەزنەدار**
**١٩٩٢/٦/٢٢**




## براگەورەو خۆشەویست و بەڕێزم
## دوکتۆر مارف خەزنەدار

هەموو کاتێکتان باش،
زۆرتان سلاوو هەواڵ پرسی و ڕێز لێ نان پێ رادەگەیەنم ئومێدەواری کامەرانی و بەختەوەری و کامەرانیتانم. زۆر بەداخەوە ماوەیەک لەمەو پێش هاتنە بەغدا، من پاش وەخت پێم زانی و دەرفەتی ئەوەم لەکیس چووبوو بە خزمەتتان بگەم. علی کل حاڵ کورد دەڵێ: دنیا ماوی لە ڕۆیشتووی پترە.
نامە دڵسۆزانەکەتم بەدەستی ڕێز لێ نان وەرگرت. زۆرتان سوپاس دەکەم. هیواداری سەرکەوتنی پتر و خزمەتی زیاترتانم. خوا یاربێ لە نزیکترین دەرفەتدا دێمە هەولێر و کە هاتم بێ گومان بە خزمەتتان دەگەم.
سلاوەکەت بە سوپاسەوە بە باوکم دەگەیەنم. هەروا بە مەلا شوکر و پێشەکی لەجیاتی ئەوان سوپاستان ئەکەم هەر خۆش و سەرفەرازبن.

**دڵسۆزتان**
**محمدی مەلا کەریم**
**١٩٩٢/٦/٢٢**





هەولێر : ١٧/٤/٩٥٦

زۆر بەڕێز ماموستا معروف

[illegible]

شاکر

دلسۆزتان

**نامەی شاکر فەتاح بۆ مارف خەزنەدار**

**١٩٥٦/٤/١٧**



## زۆر بەڕێز مامۆستا معروف

لەدوای داوای سەرکەوتنت لە یەزدانی پاک لەو ڕێگە جوانەدا کە گرتووتە، بە دەستی سوپاسی بێ ئەندازەوە نووسراوە نایابەکەتانم وەرگرت"أغاني كردستان"، بەڕاستی جگە لەجوانی و ڕەنگینی سروەو خۆشییەکی تەواویشی بەدڵم بەخشی، خوا بکەم نۆبەرەی باشتریش لە درەختی کۆششتان بخوێنن، هەر بژین، نەوازشم بۆ مامۆستای بڵند رفیق حلمی بگ و توفیق وەهبی بگ. ئیتر خۆشیتان گیانەکەم.

**شاکر***

**دڵسۆزتان**

**دهۆک: ١٩٥٦/٤/١**

* شاکر مەبەست لە شاکر فەتاحە


بەغدا ٩/٨/٥٢

رفیق حیلمی

برای شیرینم کاک مارف خەزنەدار

رۆژتان باش

[illegible]

**نامەی رفیق حیلمی بۆ مارف خەزنەدار**

**١٩٥٢/٨/٩ بەغدا**





# برای شیرینم کاک مارف خەزنەدار

**ڕۆژتان باش**

زۆر بەخۆشییەوە نامە شیرینەکەتانم خوێندەوە باوەڕ بکە کە زۆر کەم هەڵی وا پیرۆزم بۆ هەڵکەوتوەو نامەی وا بە نرخم بۆ هاتوە. ئەمەیش بەپیرۆزی "طالع"ئەژمێرم و خۆم بە "بەختیار"ئەبینم کە لە نەدیدە ئەتوانم هاوڕێ و هاوبیری وەکو ئێوە بۆخۆم بدۆزمەوەو دڵ و هۆشی بەلای خۆم دا رابکێشم. بەراستی ئەو ساتەم لا زۆر پیرۆز بوو کە هاودەمێکی وەکو ئێوەم دۆزیەوەو لە دەفتەری چاوو سینەمدا جێگەم بۆ کردەوە. هیوام وایە کە ئەم برایەتیە زۆر بەهێز و بەردەوام بێت.

وتارە بە نرخەکانی کە لە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەی هەولێردا بڵاوی ئەکەنەوە تا بفەرمون جوانەو جێگەی سوپاسی هەموو کوردانە. بەتایبەتی بەندە زۆر بە ئیشتیاق ئەیانخوێنمەوە بە هەڵکەوت یەک دوو نوسخە"ژمارە"ی نەگەیشتبووە دەستم و لای برای خۆشەویست کاک شێخ یوسف لەگەڵ باسی خزمەتی هونەروەرانەی ئێوە داوای ئەو ژمارانەم لێ کردبوو. زۆر زۆر سوپاستان ئەکەم کە ئەم ئەرکەتان کێشاوەو بۆتان ناردووم هەرکاتێک وەرم گرت بۆتان ئەنووسم. ڕەنگە سبەینێش ژمارەیەک لە "دراسة في الشعر الكردي"تان بەناوی خۆتانەوە پێشکەش بکەم. هەرچەند ئەمە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەچاپ دراوەو دوور نیە کە لای جەنابیشتان هەبێ و خوێندبێتتانەوە. بەڵێ هەرچەند شتێکی بەنرخیش نیەو ئەوە هەڵ ناگرێت کە بەدیاری بۆ ئەدیبێکی وەکو ئێوەی بنێرم، بەڵام چونکە نیشانەی دۆستی و برایەتی تازەمان ئەبێت، و بەتایبەتی بەناوی خۆمانەوە پێشکەش ئەکرێت، هیوام وایە کە بەچاوی لوتف تەماشای بکەن و لە قوژبنێکی کتێبخانە بچووکەکەتاندا هەر بۆ یادەوەری و مێژووی برایەتیمان بیشارنەوە. لەوە زیاتر سەرتان نەیەشێنم بۆ هەموو ئەمر و سفارشێکتان ئامادەم بە ئیشتیاقەوە چاوەنواری"ملحمە" کە ئەکەم ئیتر خۆشی و بەرزی و پێشکەوتنتان ئامانجمە و ئیحتراماتی تایبەتیم لەڕووی لوتفەوە بەهەموو برادەران و بەتایبەتی کاک شێخ یوسف بگەیەنن ڕوحەکەم.

**برای موخلیست**

**ڕەفیق حیلمی**

**بەغدا ١٩٥٢/٨/٩**

خوێنەری بەڕێز
لەچاپی سەرەکی ئەم کتێبە بە وێنە
ئەلبومی خاوەنی یاداشتی منی
لەگەڵ بەرهەمەکانی مارف خەزنەدار
بەدی دەکرێت کەلەم (PDF ) نیە





# سەردانێک بۆ باغی کتێب لە ئێوارەیەکی زستانیدا لە مەڵبەندی روناکی هەولێر

یوسف مەنتک - ئەڵمانیا



د. مارف خەزنەدار و یوسف مەنتک

(ماڵێکم بینی سەرشار بەکتێب، گوڵەباغی کتێب بوو، لەجیاتی گوڵ، تژی لە کتێب، رۆژنامە، گۆڤار، ئەمانە گەنجینەی بەرهەمدار و سەرمایەی سەراپای ژینی دکتۆر بوو، ئەرشیفخانەیەکی مەزن، وێنەی رەنگاورەنگیی مێژووی مرۆڤایەتی و کورد و زۆر لە نەتەوەکانی گێتی لەخۆوە گرتبوو.)

لە هەر سەفەرێکی گەڕانەوەمدا بۆ دیداری کەسوکار و زێدی خۆم، زیاتر کاتەکانم بۆ بینینی خەڵک تەرخانە. سەردانی زۆرترین شوێن دەکەم، ماوەیەک بوو بیرۆکەی سەردانی ماڵی دکتۆر مارف خەزنەدارم واتە(مەڵبەندی رووناکی) لەمێشکمدا بوو. ئەو مەڵبەندە هەم ماڵە و هەم کتێبخانەکەیەتی. من لەنزیکەوە دکتۆرم نەدەناسی، لێ لەگەڵ ناوەکەی لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە ئاشنایەتیمان هەیە. مامۆستا جەمال خەزنەداری برای لە تاراوگە لە نزیکەوە بەهۆی کارکردنی هاوبەشمان لەبواری نووسین و رۆژنامەگەرییەوە دەناسم. من زۆر ڕێزی لێ دەگرم. ئەو بەدکتۆری دەگوت: کاکە. هەر جارێکیش دەگەڕامەوە کوردستان پێی دەگوتم: سەردانی کاکمت نەکرد؟ چۆن نەچووی؟ لەجیاتی من بچووبای ئەو سحەتی تەواو



نییە؟ بۆیە ئەوە پاڵنەرێکی بەهێز بوو، دەبوایە سەردانی بکەم و لەنزیکەوە بەخزمەتی بگەم، بەتایبەت ئەو نەخۆش و بەساڵدا چووبوو، چونکو بینینی ئەم کەسایەتییانە بۆ ئێمەومانان بابەتێکی مێژوویی گرنگە.

دەگەڵ مامۆستا شوان سلێمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین سەردانی ماڵی دکتۆر بکەین، لە ڕێککەوتی (٢٠٠٧/٢/٢٠) لە ئێوارەیەکی زستاندا بەرەو مەڵبەندی ڕووناکی بەڕێکەوتین، تاکو دەهات شەو عەبای تاریکی بەسەر شاری هەولێردا رادەکێشا، بەهۆی کارەبای مۆلیدەوە گلۆپەکانی ماڵەکانی گەرەکی ڕووناکی لەدوورەوە بە کزی دەبریسکانەوە. کۆڵانەکانی ئەم گەڕەکە زۆر شتی بیرخستمەوە. گەیشتینە بەردەمی ماڵێک، کاک شوان لەدەرگای دا، پاش کەمێک دادە (سەعدیە هاوسەری دکتۆر مارف) دەرگای لێ کردینەوە و فەرمووی لێ کردین. دیاربوو بەهۆی سەردانی زۆری کاک شوان سەر لێ نەبرینییان وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی ئەو ماڵەی لێ هاتبوو. لەم کاتانەدا دکتۆر لە کتێبخانەکەی دادەنیشت، خەریکی نووسین بوو، بەرەو چێشتخانەکە چووین، مرۆیەکم بینی بەناو ساڵ کەوتوو، ماندوویەتی و هیلاکیی چەندین ساڵی پێوە دیاربوو، هەورییەکی شینی لەمل پێچابوو، جلێکی ئاسایی ماڵی لەبەر بوو لەسەر ئەو بلووزێکی شینی لەبەر کردبوو، کە چاوی بەئێمە کەوت، بەهێمنی و لەرزەلەرز بەرەو ئێمە هەنگاوی هەڵێنا، سەرەڕای هیلاکی و بێتاقەتیی تەمەن، لێ گەرموگوڕ بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، دوای سڵاو و هەواڵپرسینی مامۆستا جەمالی برای و دۆست و برادەران و کوردانی ئەڵمانیا بەتایبەتی و تاراوگە بەگشتی دانیشتنەکەمان گەرموگوڕتر بوو، ئەو مرۆیە تا بڵێی هێمن و لەسەرخۆ و بەنەرمی دەدوا. لەم کاتانەدا ڕۆژنامەنووس (جەمال ئیسماعیل گردەسۆری) بەژوور کەوت، گردەسۆری برادەری مەکتەب و گەڕەکەکەمان بوو، ماوەیەکی زۆر نەمبینیبوو، هەر دەگەڵ بەدیارکەوتنی ئەو، دکتۆر ڕووی لێ کردو هێندەک گلەیی و گازاندەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان کرد، بۆ وان و واناکەن گلەیی لەم بابەتانە. جەمالیش بە پێکەنینەوە دەیگوت: باشە بەسەرچاو بەڕێزت برا گەورەی ئێمەی.

دکتۆر باسی سەردانێکی خۆی بۆ ئەڵمانیا لە سەرەتای هەشتاکان کرد، گوتی: جارێکیان بەشەقامێکدا دەڕۆیشتم، مۆسیقاییکی کوردی سرنجی ڕاکێشام، دەنگەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، تا گەیشتمە بەردەم دەرگایەک، تووشی کابرایەکی کوردی باکوور بووین، پرسیاری ئەو شوێنەم لێ کرد، گوتی: ئێرە کۆمەڵی کولتووری کوردییە، کە چوومە ژوورەوە دونیایەکی پڕ لە کلتووری کوردەواریم دی، زۆر بە بینینی ئەم شوێنە دڵخۆش بووم.

دانیشتنەکەمان تا دەهات گەرموگوڕتر دەبوو، دکتۆر باسی چوونە ڕووسیای بۆ خوێندن کرد، دادە سەعدییە گوتی: من مارفم ئێزندا گوتم برۆ بخوێنە، تا ئەو پیاوە گەورەی لێ دەرچوو، گوتم: برۆ شەهادەی بینەوە، ئەوەتا بوو بە

دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆریش بە پێکەنینەوە گوتی: بەڵێ، ئەو ڕاست دەکات.
هەر حەوت بەرگی مێژووی ئەدەبی کوردی بەجلدکراوی کە بەڕەنگێکی قاوەیی ئاوی زێڕ لەسەر نووسراو، لەسەر مێزە گەورەکەی چێشتخانەکە دانرابوو، بەندە باسم لەوە کرد کە من هەموو بەرگەکانیم هەیە، تەنیا بەرگی یەکی نەبێت ئەویش لەبازاڕ نەماوە. گوتی: من پێت دەدەم، ئەوانەی سەر مێزەکە دەبینی، ئەوە (عەبدوڵلا زەنگەنە) ئەمڕۆ بۆی هێناومەتەوە.لە بەغدا بۆی جلد کردووم هەرجارەک پێویستم بێت ئەو بەم کارانە هەڵدەستێت. دیاربوو مامۆستا (عەبدوڵلا زەنگەنە) زۆر ڕێزی دکتۆری دەگرت و خۆشی دەویست. دکتۆر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: داوای دەورەیەکی تری کۆن تا ئێستا دوو سێ جاری تر پێم داوە، پیاوی چاکە (عەبدوڵلا) ئەوانەی دەیبینی کاری ئەوە.
دکتۆر لەجێگەکەی خۆی هەڵساو بەرەو لای کتێبخانەکەی ڕۆیشت.لەبەر دەرگای نێوان چێشتخانە و کتێبخانەکەیدا ئاوڕی دایەوە و گوتی: ئەتوو دەگەڕییەوە وانییە، منیش گوتم: بەڵێ، ئەو گوتی: مەبەستم ئەوەیە کتێب لەگەڵ خۆت دەبەیەوە، گوتم: بەڵێ، هەر جارێک بێمەوە ژمارەیەکی زۆر کتێب لەگەڵ خۆم دەبەمەوە. دوای ماوەیەک هاتەوە ژمارەیەک کتێبی پێبوو، لەوانە: "بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردی، دیجلەی هزرم، کوردی تورکمانستان، کتێبەکەی ئەلیکساندەر پووشکین گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم و چەند کتێبێکی تر".[1] سەبارەت بەم پەرتووکەی پووشکین ڕۆژێکیان من و برای هێژام ئەمینی بابەشێخ کوردی ئێزیدی قسەمان لەسەر بوونی ئەو سەرچاوانە دەکرد، کە پووشکین لە گەشتەکەیدا چاوی بە سەرکردەی ئەو جەنگاوەرە ئێزیدیانە دەکەوێت کە لەبەرەی سوپای ڕووس دژ بە تورکان دەجەنگان.) هەر کتێبێک مۆری تایبەتی خۆی لێدا و واژووی لەسەر کرد. ئەم دیارییانەی دکتۆر دڵخۆشی کردم. پێم یەکێکە لەپڕ بەهاترین و نرخترین شتێک لە ژیانمدا کە دەستم کەوتبێت. ئێستا دوای مەرگی دکتۆر دەبنە یەکێک لە شتە هەرە خۆشەویستترین شتەکانی ژیانم.
بەیەکەوە بۆ سەیرکردنی کتێبخانەکەی چووین، دیمەنێکی ناوازە و نایاب بوو. لەدوای ژووری چێشتخانەکەوە ئەوەی بینیم هەر کتێب بوو، ئەوە مانای ئەوەی دەدا ئەم زاتە بەدرێژایی ژیانی هەر دەگەڵ کتێباندا ژیاوە. دۆلابێکی نیشاندایین گوتی: ئەوە هەمووی مایکرۆ فیلمە. منیش تا پێم دەکرا وێنەی دیمەنەکانی ناو کتێبخانەکەم دەگرت. مێزێکی لاکێشەیی لەنێوەڕاست دانرابوو.چوار کورسی بەدەورەوە بوو، دیاربوو ئەوە بۆ ئەو کەسانە بوون کە سەردانی کتێبخانەکەی بۆ توێژنەوە و دیراسات دەکەن. لەم لاتر نزیکی پەنجەرەکەوە مێزێک و کورسییەک دانرابوو. گڵۆپێک و سێ تا چوار شەددە







کتێبی لەسەر بوو. ئەوەیان دیاربوو بۆ کاری نووسین و خوێندنەوەی خۆی بوو. وێنەیەک بەم شێوەیە هەڵواسرابوو (یووسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی ١٩٦١/١٨٨٧)، وێنەیەکی تر بەم جۆرە: ئەم وێنەیە لە ١٨ی نیسانی ١٩٦١ لە شاری سانت پیترسبورک (لینینگراد) گیراوە. دانیشتوان لەڕاستەوە: وەزیری ئەشۆ. قەناتی کوردۆ.مارگریت ڕوودینکۆ، حاجی جندی، مارف خەزنەدار، وەستاوەکان لەڕاستەوە: جەلیلی جەلیل.مەکسیمی حەمۆ، شکۆی حەسەن، ئوردیخانی جەلیل.

وێنەی بەرگی کتێبێکی بەڕووسی چاپکراو، دکتۆر گوتی: ئەوە کۆمەڵە چیرۆکێکی خۆمە کاتی خۆی بەڕووسی چاپ و بلاوم کردەوە، زۆرترین ژمارەی لە ڕووسیا لێ فرۆشرا.

وێنەیەکی تر نووسرابوو: هەولێری سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، وێنەیەکی هێلکاری بوو، ڕۆژهەلاتناسی ئینگلیزی (کلۆدیس ڕیچ) لە گەشتەکەی بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٨ بەقەڵەمی ڕەساس کێشابووی، تێیدا قەلا و منارە لە دوورەوە کە زنجیرە چیایەک لەدوایانەوە نیشان دەدات وێنە کێشرابوو. وێنەیەکی تری هەولێر بە فۆتۆگراف لەسەرەتای سی و چلەکانی سەدەی بیستەم گیرابوو، منارە و قەلات و گەڕەکە کۆنەکانی دەوری قەلات و کاروانێکی بە کاروباری ناو شاری هەولێر دەڕۆن.

ڕەفەیەکی پەرتووکخانە دانراوە لەجیاتی کتێب، توحفەیات و قۆری فەخفووری، هێندێک شتی جوان و کەلوپەلی سرنجڕاکێش کە لەژیانی ڕۆژانەی دێرین بەکارهاتوون دانرابوون.

بەم جۆرە سەبارەت بەپەرتووکخانەکە بۆم دواو گوتی: کتێبخانەکە زۆر پەرتووکی هەمەجۆری تێدا هەیە، وەک: دیوانی شیعر و دیراساتی شیعر لەسەر کورد، ئەلبوومێکی زۆر، ئەو قسمەیان هەمووی خەریتەی قەدیمە. خەریتەی عوسمانلی، میسر، ئەو ژێرەوانە (ئاماژەی بە دەرگە داخراوەکانی ژێر ڕەفەی کتێبەکان کرد، هەمووی وەکو دەرگەی کەنتۆر بوون) ئەوە هەمووی ئەرشیفە شتی زۆری تێدایە، ئیزبارە و شتی زۆری تر. گوتم: باش ماندوو بوویت بۆ دانانی ئەم کتێبخانەیە، کەواتە تەمەنی ئەم کتێبخانەیە چەندە؟

گوتی: وەلاهی زۆرە، لە منداڵییەوە یەعنی لەگەڵ کتێب عەشقم هەبووە، ماڵی باب و داکم نەخوێندەوار بوون، بەس زردایکم (باوەژنم) خوێندەوار بوو، ئەویش مەکتەبەی هەبوو، کتێبەکانی بۆ من مایەوە، بەس کتێبەکانی تورکی عوسمانلی قەدیم و فارسی و دیوانی شیعری بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵی سییەکان لە بەغدا چاپ کرابوون، کوردی و مەریوانی. ئەوانەش ڕۆژنامە و گۆڤارن.

گوتم: دەتوانین بڵێین عومری مەکتەبەکە ١٠٠ ساڵ دەبێت؟

گوتی: نا، حەفتا ساڵێک شتێک زیاتر دەبێت.





گوتم: لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دیرۆکی بەدرخانییەکان چیت هەیە؟
وەڵام گوتی: هەموویانم هەیە، شتی زۆرم لایە ئەوە لە خوارەوەیە، ژێر زەمینمان هەیە، لەو ژێرزەمینە هەمووی کتێبە.
گوتی: کتێب هەیە چەندین جارم خوێندۆتەوە، لەپەنجایەکانەوە لامە، ماوەیەک لەمەوبەر هێنامە دەر و خوێندمەوە زۆر چێژی لێ وەردەگرم، هەرچەند بیخوێنمەوە لێی بێزار نابم.
کاتێک ئەم قسانەی دکتۆر گوێ لێ دەگرم و دەینووسمەوە، قسەکانی نووسەری گەورەی کورد (یەشار کەمال) کە بەزمانی تورکی دەنووسێت بیر دەکەوێتەوە، کاتێک ڕۆژنامەنووسێک لێی دەپرسێت: لەم کاتانەدا چ کتێبێکت بەدەستەوەیە بیخوێنیتەوە؟ (یەشار کەمال)یش لە وەڵامدا دەڵێ: ستاندال دەخوێنمەوە (دێری پارماکەی) کێ دەزانێ ئەمە چەندەمین جارە دەیخوێنمەوە، هەمیشە شتی جیاواز جیاواز لە ستاندال دەدۆزمەوە. دەپرسم ئاخۆ دکتۆر تا ماڵئاوایی لەژیان کرد دەبێ چەند کتێبی خوێندبێتەوە؟ هەر کتێبێکی چەند جار؟
لەگەڵ کاک شوان لەدرەنگانی شەو کۆتاییمان بەگەشتەکەمان لە مەڵبەندی ڕووناکیدا هێنا، گردەسۆریش لەگەڵ ئێمە ماڵئاوایی لە دکتۆر کرد.
بەنیاز بووم جارێکی تریش لە سەفەرێکی تر بۆ کوردستان سەردانی بکەمەوە، لێ بەخت یار نەبوو، ئەمجارە کە گەڕامەوە بەسەر مەرگی ناوەختیدا هاتمەوە، نەمبینی، لێ بەشداریم لەپرسەکەیدا کرد، ماڵئاوا دکتۆر هەزار ڕەحمەت لە گۆرت، جێگەکەت بەهەشت بێت، لەگەڵ ئەوەش کە بەهەشتی بوویت، خوا سەبووری خۆشەویستانت بدات.
باشە دوای مەرگی دکتۆر دەبێ چ دەزگایێک سەرجەم بەرهەمەکانی لەچاپ بداتەوە، هەرچی بەرهەم و دەستنووس و ئاسەوارێکی نووسین و یاداشتی ئەو زاتە هەیە، لەجێی خۆیەتی لە چەندین بەرگدا لەچاپ بدرێتەوە، وەکو ئەوەی دەزگاییکی ئیتالی سەرجەم بەرهەمەکانی شاعیری گەورەی تورک (نازم حیکمەت)ی چاپ دەکرد، لە نامەیەکدا بۆ نازمی نووسیبوو: خاوەن دەزگاکە دەیەوێ هەموو کتێبەکانی نازم لەچاپ بدات، هەرچی تا ئێستا نووسیویەتی، هەر چەند بەرگیش بێت.
دیارە ئەم دەزگایە بەرهەمەکانی نازمی باشتر لە دەزگاکانی تر لەچاپ دەدا، نازم زۆری ڕێز لەم دەزگایە گرت، خواستەکەی بە خۆشحالییەوە قبوڵ کرد.



# خەزنەدارناسی (*)

**عەبدوڵلا زەنگەنە**



د. مارف خەزنەدار - عەبدوڵلا زەنگەنەی ئاشتیخواز و د. كەمال مەزهەر

لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ بوو، د.مارف خەزنەدارماڵئاوایی یەكجارەكی لە خزم و دۆست و خۆشەویستان و كتێبخانەكەی خۆیشی كرد. وەكو بەم دواییە بۆتە نەریتی قەڵەم بەدەستانی ئەم وڵاتەی ئێمە، وا ئەم جارەش لەگەڵ كۆچی دوایی خەزنەدار هەندێ لە قەڵەم و دڵەكان لە گەڵی ئاشت بوونەوەو هەندێكیش پێشبركێ و زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدانیدا دەكەن. ئەم جارەش حەمید بەدرخان، وەكو زۆر بۆنەی ئاوەها و هەموو جار، هەندێ راوێژی پێ كردین، دوای ئەوە داوای لێكردین رێی بدەین ئەو (دواگوتە)یە دووبارە بڵاویكاتەوە كە كاتی خۆ بۆ كتێبی (كورد و كوردستان)ەكەی د.كەمال مەزهەرمان نووسیبوو،، تا بیخاتە بەرنامەی چلەی خوالێخۆشبوو، دوای





عەبدوڵڵا زەنگەنە - د. مارف خەزنەدار و د. کەمال مەزهەر

ئەوەی بەو مەرامەی گەیشت برادەرێکی خۆیشی لی هاندابووین تا باسی پەیوەندی ئەم دواییەی د.کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبووی بۆ بکەین. ئەوە بوو نەک هەر بۆ چەند دەقیقەیەک باسی دوا یەکتربینینی ئەو دوو کۆڵەگەی رۆشنبیرییەی کوردیمان بۆ کاک عەبدولستار محەمەد ئەمین دەرهێنەر لە کەناڵی گەلی کوردستان کرد، بەلکو ئەو چەند وێنە دانسقەیەشمان دانێ تا بخرێتە نێو ئەو فیلمەی کە بە تەمان بۆ چلەکەی ئامادەی بکەن. بەڵام وا دیارە هەندێ کەس ئەو وێنانەیان وەکو (خەیاڵ) دێتە پێش چاو، بۆیە وا لێرەدا ئێمە چیرۆکی ئەو وێنانەتان بۆ دەگێرینەوە.

زۆر کەس بەم دواییانە کاتێ لە شوێن و پایەی ئێمە لە نێو بواری رۆشنبیری کوردی، بە تایبەتی بواری رۆژنامەوانی، وررد دەبوونەوە، ئاگامان لێ بوو تووشی سەرسورمان دەبوون، ئەوەشیان نە لەبەر ئەوە بوو گوایە لەو لایەنە لە خەلکی دیکەمان تێپەڕاندبێ، بەلکو لەبەر کاریگەری و پەیوەندیمان بووە بەم کۆڵەگانەی رۆشنبیریمانەوە کە چۆن ئاوەها شوێنی خۆمان لە دڵیان کردۆتەوە. ئەوەتا چەندین جار بیستوومانەتەوە، کە گوتراوە ئەو عەبدوڵڵا زەنگەنەیە، کەس نەیدەناسی. ئەوە لە کوێ وەکو کوارگ هەڵیدا و شوێنی خۆی لە دڵی پەیوەندیداران کردەوە. بەم دواییەش، چەندین جار ئەو پرسیارە رووبەرووی خۆشمان کراوەتەوە، دواتر چۆن توانیومانە ئاوەها بە ئاسانی ئەو دوو زاتە بگەیەنینەوە یەک.

بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەڵێین لای ئێمە ئەگەر مرۆ خۆپەرست نەبێ و لە هەموو بار و زرووفێکیشدا نییەتی خۆی ساف بکات، ئەوا



هەموو کاریکی لا ئاسان دەبێ و دەستەواژەی (مەحالاً)لە لای ئەو بوونی نابێ، ئەوەی راستیش بێت، بیرۆکەی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو زاتە، بە یەک دوو مانگ دوای یادەوەریی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لای ئێمە چەکەرەی کردبوو، بە تایبەتیش کە پێش ئەو یادە پیرۆزە ئێمە ئەو دو لایەمان هەر نەدەناسی. لە رۆژانی ئەو ساڵیادە لەگەڵاً مەحموود زامدار بە یەکەوە پیشانگایەکی فراوانی رۆژنامەنووسیمان لە هۆڵی میدیای هەولێر کردبۆوە، وا دیاربوو لە کاتی کردنەوەی پیشانگاکە دەبوایە د.مارف خەزنەدار ئامادە بێت، بەلام ئەگەر چی ئەو بانگهێشتیش کرابوو، بەلام نەهاتبووە پیشانگاکە.ئەوە بوو دواتر لەسەر داوای زامدار سەردانی پیشانگاکەی کرد، ئێمەش کاتێ لە ناو پیشانگاکە لەگەڵی دەسووڕاینەوە، دواجار پێیمان گوت: مامۆستا لەو رۆژەوەی خۆمان بۆ ئەو بۆنەیە ئامادە دەکەین زامدار بەردەوام پێمان دەڵێ: ئەوە هەموو گێچەڵی دوکتۆر مارفە لە ئەستۆی ئێمە ئالاوە، ئەگەر ئەو، ئەو رۆژنامەی (کوردستان)ەی بۆ نەدۆزیبایەوە، ئێمە چیمان دابوو لەو شەرە شەقە، ئەویش پێکەنی و زۆر بە بێ فیزییەوە گوتی: خۆ ئەگەر منیش نەبام، یەکێکی دیکە هەر دەبوو ئەو رۆژە دیاری بکا، ئەوە بوو دوای بینینی پیشانگاکە و دەستخۆشی زۆر بە رێزەوە بەرێ کرا.

چەند رۆژێکی دیکەی پێچوو بۆ یەکەم جار، چووین لە ماڵەوە سەردانیمان کرد، ئەوە بوو هەر ئەو دەمی بۆ کارەکانمان داوای چەند سەرچاوەیەکمان لێی کرد، دیار بوو بەبێ سێ و دوو چووە کتێبخانەکەی و هەموویانی بۆ دابین کردین، دوای چەند رۆژێک کە ئەمانەتەکانمان بۆی بردەوە، کۆمەڵێک


د. مارف خەزنەدار و د. کەمال مەزهەر





د. مارف خەزنەدار - بێلین مستەفا و د. کەمال مەزهەر

پرسیاری دیکەمان لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی رۆژنامەی کوردستان لێی کرد و پێیمانگوت هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن گوایە خەڵکی دیکەش هەن باس لە چۆنیەتی دۆزینەوەی رۆژنامەکە دەکەن. دیسان بە بێ دوودڵی هیچ لە پرسیارەکانمان. تەنانەت ئەوانەشیان کە بە دڵی نەبوون. نیگەران نەدەبوو، وەڵامی هەمووشیانی زۆر بە رێکوپێکی دەدایەوە، دیارە ئەوسا وەڵامەکانی لەسەر رۆژنامەکە لای ئێمە هەندێک گومانی دیکەی پەیدا کرد. بۆیە دوای چەند رۆژێک ناوونیشانی ماڵی دوکتۆر کەمال مەزهەرمان لە برادەرێک وەرگرت و یەکسەر رووومان لە بەغدا کرد، هەر چۆنێک بوو ماڵی دوکتۆر کەمال مەزهەرمان لە (حی الکفاءات)ی ئەو شارە دۆزییەوە. دوای چاک و چۆنی و لە نزیکەوە یەکتر ناسین، بەدەم چا و کولیچە خواردنەوە پرسیارەکانمان لە بارەی رۆژنامەکە رووبەرووی ئەویش کردەوە، وا دیاربوو ئەویش وەڵامێکی زۆر ماقووڵاً و پڕ بە پێستی داینەوە. وەڵامەکانمان دەقاودەق وەکو خۆی لەسەر پەرە کاغەزێک نووسییەوە. کاتێ هاتینەوە هەولێر نەوێراین راستەخۆ سەر لە دوکتۆر مارف بدەینەوە. بەڵکو ئەم جارە بە تەلەفۆن هەموو وەڵامەکەی د.کەمالمان بۆ خوێندەوە. دیار بوو ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەر وەڵامەکان نەبوو یەکسەر گوتی: ئێ وایە....

ئەو سەردان و یەکتری ناسینە دوو بارە و سێ بارە بەڵکو دە بارەش کرا نەوە و تا وای لێ هات ئەگەر ماوەیەکی پێچووبایە و سەردانیمان نەکردبایە خۆی تەلەفۆنی بۆ دەکردین و پێی دەگوتین: دیارنین؟. هەر جارەش کە





دەچووینە لای کۆمەڵێک بابەتمان لای دەوروژاندن، نایشارینەوە جاروبار لەسەر هەندێ بابەت نوقورچەیەکیشمان لێی دەدا، بە نموونە ئەو زۆر جار بە نەرێنی نەک هەر باسی سەندیکای رۆژنامەنووسان، بەڵکو باسی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) و دواتر (رۆژنامەنووس)یشی دەکرد ئێمە وەکو دەزانن، کە ئێمە سەرنووسەری گۆڤارەکەین، کەچی پڕ بە دڵ گوێمان لە تێبینییەکانی دەگرت و بە رووی دا دەگرژینەوە، ئەوەبوو رۆژێکیان زۆر بە راشکاوی پێیمان گوت: مامۆستا هەر جارەی ئێمە دێینە لات، جەنابت زۆر باسی سەندیکا و گۆڤارەکە و نەقیب دەکەی، ئایا جەنابت دەزانی ئێمە ئەو قسانەی جەنابت دەگەیێنینەوە شوێنی خۆی! پێمان سەیرە کاک فەرهاد زۆر بەرێزەوە باسی جەنابت دەکات و سەلامت لێ دەکات، کە وام پێی گوت هەڵوەستەیەکی کرد و جارێکی دیکەش گلەیی و گازندەی خۆی کرد، هەر ئەوسا هەستمان کرد ئەو پیاوە چەندە لە بوارە رۆشنبیرییەکە دڵشکاوە هۆی ئەو دڵ رەنجانەیشمان لە سەندیکاو نەقیب زانی چی بووە؟ جاری دواتر کە چووینەوە لای، پێیمان گوت: ئەگەر لاریت نەبێت لەگەڵ نەقیبی رۆژنامەنووسان و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن، دەیانەوێ سەردانی بکەن، دیار بوو ئەو لەگەڵ ئەو قسەمان رووی گەش بووەوە، بەداخەوە چ لەبەر سەرقاڵی خۆم و چ لەبەر کۆبوونەوە زۆرەکانی نەقیب و سەفەرەکانی نەکراوە ئەو سەردانەی بکەین..

ئەوە بوو دواتر چاپکردنی کتێبەکەی دوکتور کەمال مەزهەری بەسەردا هات، وەکو لە ((دوا گوتە))کەیدا نووسیومانە داوامان لە دوکتور مارف کرد چەند وشەیەکمان بۆ بنووسێ تا بیخەینە سەر بەرگی دواوەی کتێبەکە، بەڵام ئەو مەرجی ئەوەی بۆ دانایین کە دەستنووسی کتێبەکەی بۆ ببەین، ئێمەش بێ دڵیمان نەکرد، دانەیەکی کتێبەکەمان بە چاپکراوی بۆی برد. دوای چەند رۆژێک خۆی تەلەفۆنی بۆ کردینەوە تا بچینە خزمەتی و کتێبەکە وەربگرینەوە، کە کتێب وەرگیرایەوە، دەرکەوت هیچی بۆ نەنووسیبووین، بەڵام دیار بوو نەک هەر زۆر بە وردی کتێبەکەی خوێندبۆوە، بەڵکو چەند تێبینییەکیشی پێ گوتین، لای ئێمە سەدا سەد لەگەڵی بووین و دواتر سوودمان لێیان وەرگرت.

هەر ئەو دەمای زۆر بە خشکەیی کتێبەکمان لێی وەرگرتەوە و چووینەوە ماڵ یەکسەر دەستمان دایە قەڵەم و ئەو رووداوەو هەست و شعووری خۆمان هەمووی هێنایە سەر کاغەز و کردمانە (دوا گوتە) بۆ کتێبەکە. ئەوەندەی نەبرد کتێب لە لوبنان چاپ کرا، بەڵام وا دیار بوو ماوەیەکی زۆری دەویست تا هەمووی بگاتەوە کوردستان، بۆیە (ابو غازی) هاوسەفەرمان،



که عەرەبیکی خەلکی بەغدایە و بە تایبەتی بۆ چاپکردنی کتێبەکە لەگەلمان هاتبووە بەیرووت، دوای تەواوبوونی چاپی کتێبەکە، دوو دانەی لەگەڵا خۆی بۆ هێنابوویەوە، ئەوە بوو بۆ رۆژی دواتر، روومان لە بەغدا کرد و دانەیەکمان لە کتێبەکە بۆ د.کەمال برد و داوامان لێی کرد، بە وردی بیخوێنێتەوە، هەڵەبژێری تێدا بکات و کتێبەکەمان بۆ بنێرێتەوە چونکە ئێمە دڵنیاین چاپێکی دیکەی کتێبەکە دەکەینەوە، لە راستیشدا مەبەستمان بوو ئەو (دواگوتە)یە و پەراوێزەکانمان بخوێنێتەوە کە پێشتر نەیدیبوون، وا دیار بوو ئەویش نەک هەر هەموو سەرنج و تێبینییەکانی ئێمەی خوێندبۆوە بەڵکو هیچ گلەییەکیشی نەدەبوو ئەگەر چەند دێرێکی نووسینی د.مارف بخرابا سەر بەرگی کتێبەکە، ئەوە بووە هاندان بۆ ئێمە تا ئەو بینەوبەرە درێژە پێ بدەین ئەوەندەی نەبرد تا دوکتور کەمال بە خۆی و هاوسەری بە سەردان هاتنە کوردستان، سەرەتا ماوەیەک لە سلێمانی مانەوە، دواتر هاتنە هەولێر و بوونە میوانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، شوێنی حەوانەوەیان لە ئوتێل ئاڤێستا بۆ دیار کرا، ئەوسا نەک هەر رۆژانە دەبووایە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە خزمەتییان بین، بەڵکو هەر ئێمەش چاوپێکەوتن و دیدارەکانمان بۆی دیار دەکرد، دیارە پێشتر لە بەغدا بۆرە گفتێکم لێیان وەرگرتبوو، کاتێ دێنە هەولێر دەبێ سەردانی دوکتور مارف بکەین، ئەوە بوو رۆژێکمان بۆ دیار کرد تا لە ماڵەوە سەردانی بکەین، لێتانی ناشارینەوە تا ئەو ساتەی لە دەرگای ماڵی دوکتور مارف نەچووینە ژوورەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەک بیرمان لە گرتنی هیچ وێنەیەک بۆ یادگاری نەکردبۆوە، کە چوینە ناو حەوشە خوالێخۆشبوو لەگەڵا (دایکی میدیا) زۆر بە گەرمەوە پێشوازییان لێ کردین، ئەوسا بوو یەکسەر هەموو ئەو نیگەرانییەمان رەویەوە، کە دوو سێ رۆژ بوو مامۆستایەکی بەرێز، وای خستبووە مێشکی شەهلا خان ئەگەر سەردانی بکەین لەوانەیە دەریان بکات، هەر ئەوەش بوو وای لەو خانمە کردبوو بە هیچ شێوەیەک رازی نەبێت لەگەڵمان بێت بۆ ماڵی دوکتور، دوای رەوینەوەی ئەو هەستە نەرێنییە، یەکسەر بیرمان کەوتەوە بۆ چەند وێنەیەک بۆ یادگاری نەگرین، زۆر بە خشکەیی شرە کامێرەکەمان دەرهێنا و یەک لە دوای یەک ئەو وێنانەمان گرت، کەوا لێرەدا دەیخەینە بەردەست ئێوەی بەرێز و خۆشەویست.

دیارە ئەو هەستە نەرێنییەش بووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە پلانی دواترمان بۆ ئەم جۆرە کارانەمان دوا بکەوێ، ئەگینا لە بەرنامەی خۆمان دانابوو خەلکی دیکەش ئاوەها پێکبینینەوە، بە نموونە دەتوانین بڵێین خوالێخۆشبوومان والێکردبوو کە بەرامبەر د.عیزەددینیش نەرم بێ و لەوانەیە ئەگەر وا نەبووایە





د. مارف خەزنەدار - د. کەمال مەزهەر و عەبدوڵڵا زەنگەنە

ئێستا کۆمەڵێک وێنەی ئەوانیشمان لەبەردەست دەبوو.
ئەوەی لێرەدا مەراممانە و پێتان دەڵێین بە دووربینی چاوەکانتان لەو وێنانە وردبنەوە، ئایا هیچ رق و بوغز و کینەیەک لەم وێنانە بەدی دەکەن، یان ئەوە دوویەرەکی و خۆخۆری و (دەردە کورد)ی دەیان بەڵکو سەدان ساڵەی نێو خۆمانە وای لێ کردووین، نەک لە نێو تاکەکانمان بەڵکو لە نێو سەرانی میللەتەکەشمان لە ختوخۆراییی هەر یەکەمان بۆ لایەکی رادەکێشین، ئەوە خەلکی ئێمەن هەر دەڵێی دووبەرەکی سەردەمی ئەمارەتی بابانەکان و براکوژی ئەوسامان بە بالادا براوە، ئەوەتا دواتر لە هەر دوو ڕۆژەکەی پرسەی دوکتور مارف ئاگامان لێبوو دانیشتنی دوکتور کەمال مەزهەر لە پرسەکەدا لە هەموو دیمەنەکانی دیکەدا ناوازەتر بوو، دوو ڕۆژیش دواتر کاتێ ئەو، لە دەستپێکی کۆڕێکی خۆیدا لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی مێژوویی کوردستان. جارێکی دیکە یادی خوالێخۆشبووی کردەوە و سڵاوی بۆ گیانی پاکی نارد، ئەوەندەی دیکە خۆی لای خۆشەویستانی شیرینتر کرد.
وا دیارە دوکتور مارفیش هی ئەوە بوو لە ژیاندا زۆری بۆ بکرێ، ئای ئەگەر وەکو ئێمە دەتانزانی ئەو پیاوە چەندە بە ویقار بوو، ئەوە جگە لەوەی هەموو ئەو جارانە کە سەردانیمان دەکرد، جا سبەینە با، یا ئێوارە، ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمانبینیوە دەرگای ماڵەکەی داخرابێ، ئەو ڕۆژەشی کە کۆچی دوایی تیا کرد، ئێوارەکەی لەگەڵ مامۆستا جەمال خەزنەداری برای لە سەندیکا بووین، تاوتوێی کتێبی (ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەنووسیی کوردی)مان دەکرد، کە هەر لەسەر ڕاسپاردەی ئەو پێداچوونەوە و ڕێکخستن و تەنانەت لایەنی



زمانەوانیشی بە ئێمە سپێردرایەوە. پاشان بە دوای رۆژنامەنووس سەعید عەبدوڵلاماندا نارد، تا بێتە لامان و پرسی تایپی کتێبەکەی لەگەڵ بکەین، ئەو دیارییانەشی بدەینێ، کە مامۆستا جەمال، لە ئەڵمانیاوە بۆی هێنابوو. ئا لەو ساتەدا لە لایەن یەک لە خزمانی خوالێخۆشبووەوە تەلەفۆن کرا، کەوا بە پەلە دوکتور مارف گەیەنراوەتە خەستەخانە. لە رێگە سەعید بە ئێمەی گوت دەکرێ چەند وێنەیەکی دوکتور بگرین، دیارە بە ئەرێنی وەڵامی درایەوە، بەڵام کە گەیشتینە بەردەم خەستەخانە پێمان گوت: کامیراکەت لەشانت بکە، کە چووینە ژوورەوە هەر زوو زانیمان کار لەکار ترازاوە. دواتر مامۆستا جەمال داوای لێ کردین کە ئێمە بە دوای ئیشی خزماندا بچین. ئا لەو ساتەوەختەدا بوو داوامان لە کاکە بنیاد کرد کە چەند وێنەیەکی خۆی و خزمانی لەگەڵ خوالێخۆشبوودا بۆ بگرین، بڕوا بکەن کە لەو کاتەدا و دواتریش ئێمە بە هیچ شێوەیەک گریانمان نەهات بوو.. بەڵام ماوەیەک دواتر. کە ئەم وێنانەمان بینییەوە، هۆن هۆن بۆی گریاوین و فرمێسکمان لە چاوەکاندا رانەدەوەستا، تەنانەت (رەحیمە مەلازادە)ی هاوسەریشم بووە هاوبەشم، دیارە ئەو هەڵوێست و سۆزەشمان لەبەر ئەوە نەبووە، کە خوالێخۆشبوو کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو ئێرەییمان پێی دەبرد، کە ئەو پیاوە دوای ئەوەندە خەباتی درێژخایەنی دیسان ئاوەها بەو ویقارەوە و پاکژ و خاوێنییەوە دەبینین کۆچی دوایی کردووە و چۆتە شوێنی هەق. خۆزگەمان بە خۆی!

**(*) ئەم بابەتە بەشێکە لەو وتارەی بۆ گۆڤاری (رۆژنامەنووس) نووسراوە و لە ژمارە (٢٢)یدا لەگەڵ هەموو وێنەکان بڵاو دەکرێتەوە.**

**تێبینی:**
**ئەم دوو بابەتەی دوایی، هەردوو رۆژنامەنووس "یوسف مەنتک لە ئەڵمانیا و عەبدوڵلا زەنگەنەی خۆشەویست" پاش ئەوەی ئەم کتێبە شەوی ٢٨-٢٠١٠/١١/٢٩ نێردرا بۆ چاپخانە، بابەتەکانمان بەدەست گەیشت، بۆیە نەدەکرا دیزاینی کتێبەکە تێکبچێت، بۆیە بڕیارماندا لەپاش ئەلبوومی خەزنەدار بڵاویان بکەینەوە. لەگەڵ لێبووردن لە هەردوو رۆژنامەنووس.**

**ئامادەکار**




# وتەیەک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان جگە لە چاپکردنی ئەو"٣"کتێبەی پێشووتر بەناوەکانی (نیو سەدە لە ژیان و زانستی پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، لە ئامادەکردنی ئەریمان عەبدوڵا خۆشناو و حەمید بەدرخان، ٢٠٠٧ هەولێر)و (زمانەک و دۆ زاراڤ)ی رەوانشاد"سەلاح سەعدوڵا" لە ئامادەکردنی حەمید بەدرخان، ٢٠٠٧، هەولێر. "گوڵی کێوی ماڵئاوایی لێکردین"لەیادی یەک ساڵەی "د. ئیحسان فوئاد" ساڵی ٢٠٠٩ لە ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، ئەم بەرهەمانەو جگە لە چاپکردنی سەدان کتێبی دیکە لە دەزگای بەدرخان، تەنیا مەبەستمانە گیانی کەڵە نووسەرانمان بە زیندوویی رابگرین.
دوایین کتێبی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان"مارف خەزنەدار دنیایێک لە وشەو مەملەکەتێک لە کتێب"تەنیا بەماوەی ١٠ رۆژ ئامادە بکرێت و لەچاپ بدرێت، ئەم کتێبەش لە ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکر بەدرخانە، هەولێر ٢٠١٠، بەهاوکاری بونیادی کوڕی رەوانشاد"مارف خەزنەدار" بەهیوایین گەورە نووسەرانمان تەمەنیان درێژ بێت.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
٢٠١٠/١١/٢٩ هەولێر




نیوسەدە لە ژیان و زانستی
پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف
ئامادەکردنی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان


لە یادی دکتۆر ئیحسان فوئاد دا
١٩٣٥ – ٢٠٠٨
ئامادەکردنی
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
٢٠٠٩


سەلاح سەعدوڵڵا
هەولێر 2007